گوڵان
پەیامی ئەمڕۆ و سبەی
ســاڵی ســی و یەکــــەم (١٤٣٦)- (٢٨)ی تشرینی یەکەم ٢٠٢٤

ئێستا جیهان لە ناو شەڕێکی گشتگیردایە دەبێت خۆ ئامادەبکرێت بۆ تێگەیشتن و مامەڵەکردن لەگەڵ سەردەمێکی تازە کە تیایدا تەنگژەکان سەرتاسەرین

لەناو ئەو پاشاگەردانییەی لە سیستمی نێودەوڵەتیدا دروست بووە، ئەگەری دروستبوونی شەڕی سێیەمی جیهانی وەک مەحاڵ سەیر ناکرێت

ستراتیژیەتی ئیدارەی کۆشکی سپی (دیموکراتەکان بن، یان کۆمارییەکان) پێویستی بە دووبارە داڕشتنەوە هەیە، دەبێت سەرکردایەتییەک بونیاد بنرێتەوە و بتوانێت ئەم قۆناغە نوێیە جڵەوگیر بکات

# ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ناو گێژاوی شەڕێکی کراوەی پێشبینی نەکراودا






# سەردانەکەمان بۆ ئۆردۆن و میسر
# لە ڕۆژی ٣ تەمووزی ٢٠١٠

## ١٣٤

لەسەر بانگهێشتی فەرمیی شا عەبدوڵڵای دووەم، ڕۆژی ٣ی تەمووزی ٢٠١٠ بە سەردانێکی فەرمی گەیشتینە عەمان، پایتەختی شانشینی ئۆردن. دکتۆر فوئاد حوسێن و دکتۆر کاوە مەحموود، وەزیری ڕۆشنبیری و هێرش موحەڕەم و سیروان بارزانی لەو سەردانەدا یاوەرم بوون. لە فڕۆکەخانەوە ڕاستەوخۆ بۆ بینینی شا عەبدوڵڵا بەڕێ کەوتین. شا پێشوازییەکی گەرم و گەورەی لێ کردین و بە شێوەیەکی زۆر دۆستانە و خۆمانە لەگەڵمان دوا. بۆ نانی نیوەڕۆش میوانی شا بووین کە سەمیر ڕفاعی، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و ناسر جۆدە، وەزیری دەرەوە و ژمارەیەک لە گەورە بەرپرسانی ئەو وڵاتەش ئامادە بوون.

لە دیدارەکەماندا لەگەڵ پاشای ئۆردۆن باس لە پەیوەندییە دووقۆڵییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و ئۆردۆن و بارودۆخی عێراق و پێکهێنانی حکوومەتی نوێی عێراق کرا. سەبارەت بە پێکهێنانی حکوومەتی عێراق، شا عەبدوڵڵا ڕایگەیاند، پشتگیری لە هەر کەسێک دەکەن کە لە پەرلەمانەوە متمانە بەدەست بێنێت و لەم ڕووەوە دەست ناخەنە ناو کاروباری عێراقەوە.

شەو لە ماڵی سەعد حەیانی، باڵیۆزی عێراق لە ئۆردۆن، لەگەڵ ژمارەیەکی بەرچاو لە عێراقییەکانی دانیشتووی ئۆردۆن کۆ بوومەوە. لە دیدارەکەدا باسی بارودۆخی عێراق و دواگۆڕانکارییەکان کراو، ئەنجامی سەردانەکەم بۆ ئۆردۆن باس کرد. لە دانیشتەکەدا ئامادەبووان بە کراوەیی و ڕوونی قسەی دڵ و ناخی خۆیان بۆ باس کردم و هیوایان خواست بارودۆخی عێراق ئاسایی بێتەوە و ئەوانیش بگەڕێنەوە وڵات.

# چاپکراوی نوێ







(ئەستێرەکانی گەردوون) کتێبێکی چاپکراوی مامۆستا (خەلیل عەبدوڵڵا)یە، تایبەتە بە کولتووری جیهان، (٥٤)ناونیشانی لەخۆگرتووە، لە دوو بەش پێکهاتووە، یەکەمیان: کەسایەتییە کولتوورییەکانە و تێیدا تیشك خراوەتە سەر ژیان و بەرهەمەکانی (٣٨) ئەستێرەی ڕۆشنبیری و هونەریی جیهانی، دووەمیان: سیما کولتوورییەکانە، لەم بەشەدا ڕۆشنایی خراوەتە سەر (١٦) شوێن و سیمای کەلەپووری و شارستانیی لە سەرانسەری گۆی زەویدا.

نووسەر لە پێشەکی کتێبەکەدا ئاماژەی بەوە کردووە کە زانیارییەکانی ناو ئەم کتێبەی لە چەند سەرچاوەی جیاوازەوە وەرگرتووە، پاش شەن و کەوکردنی دایڕشتووەتەوە، کتێبەکەی بە شێوەی ئینسکلۆپیدیا و بەپێی زنجیرەی ئەلف و بێی کوردی ڕێکخستووە، تاکو خوێنەر بە ئاسانی ناونیشانەکان لە پێرست بدۆزێتەوە و زانیاری لێ وەربگرێت.

دیارە هەروەك نووسەر جەختی لێ دەکاتەوە، ئامانج لە نووسینی ئەم کتێبە ئاشناکردنی خوێنەری کوردە بە ژیان و بەرهەمی کەسایەتییە ڕۆشنبیری و هونەرییەکانی جیهان. هاوکات ناساندنی شوێن و سیما کەلەپووری و شارستانییە جیهانییەکانە بە خوێنەرانی کورد و هەوادارانی ئەو بوارانە.

بۆ ئامادەکردن و نووسینی ئەم کتێبە، هەروەك نووسەر ئاماژەی پێ کردووە، سوودی لە چەند کەسێك وەرگرتووە کە زۆر سوپاسیان دەکات، لە ڕووی بەدەست کەوتنی زانیاری و وێنە و لایەنی هونەرییەوە.

پیرۆزبایی لە مامۆستا خەلیل عەبدوڵڵا دەکەین، بۆ ئەم بەرهەمەی کە دەچێتە سەر خەرمانی کتێبەکانی دیکەی نووسەر، هەمیشە پڕ بەرهەم و داهێنان بێت..

دکتۆر سەباح سوبحی :



**کابینەی دەیەمی هەرێمی کوردستان پەیوەندیی باش و بەهێزی لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی عێراق دەبێت**

دکتۆر مستەفا مەهدی :



**کوردستان پێگەیەکی بەهێز و دەوڵەمەندی لەناو ئابووریی عێراقدا هەیە و چارەسەرکردنی کێشەکانیان لە بەرژەوەندیی هەموو گەلانی عێراق و کوردستانە**

مامۆستا مەلا تەحسین عەبدولواحید خۆشناو:



**ئەگەر سیاسەتێک ڕەش بکاتە سپی و سپی بکاتە ڕەش، ئەو جۆرە سیاسەتە بە هیچ جۆرێک لەگەڵ ئیسلام ناگونجێت**

پرۆفیسۆر جێفری ڤان دین بێرگ :



**تا کێشە بنچینەییەکان چارەسەر نەکرێن ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئاشتی بە خۆیەوە نابینێت**




■ خاوەن ئیمتیاز
**شەوکەت شێخ یەزدین**
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
**فەرهاد محەمەد**
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
**د.هێمن غەنی**

■ سیاسەت و ناوخۆ:
**ساڵح عومەر**
**شەماڵ نوری**
**د. شێبان فەرهاد**
**بەهادین جەلال**

■ گشتی:
**د.عادل حوسێن**
**تارا عومەر**
**خەلیل بلەیی**
**سەنگەر شنۆیی**
**مەهدی حاجی ساڵح**
**کارزان کانەبی**
**ڕێبین ڕەمزی**

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
**سلێمان یاسین**

■ بەڕێوەبەری هونەری:
**شاخەوان جەعفەر**

■ بەرگ:
**لوقمان ڕەشیدی**

■ وێنەگران:
**کەمال ئاکرەیی**
**هاوکار ڕەحمان**

**بۆ ڕیکلام کردن پەیوەندی بکە بە:**
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

**چاپخانەی ڕۆکسانا - هەولێر**

**ناوونیشان: هەولێر -ڕووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری**

***Web: www.gulanmedia.com***

سەعید یاسین مووسا :



## ناوی پێشمەرگە لای کوردی فەیلی پیرۆزە و پاڵپشتیی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردیشیان کردووە

## پەروەردەکاران دەخوازن تەکنەلۆژیا بخرێتە خزمەت پەروەردە و فێرکردن



## لێخورینی بایسکل باشترین مەشقە بۆ ئازاری ئەژنۆ



## پەیجەر چییە و چۆن کار دەکات؟



لەنیا هێڤی :

## توانای کچە یاریزانەکانمان لە ئاستی نێودەوڵەتیدایە



پەرەنگ فەرازمەند :

## هونەرمەندانی ئەم سەردەمە تا ڕادەیەک دەبێ بە ئاگایی زیاترەوە بەرهەمەکانیان بخوڵقێنن







# ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

## لەناو گێژاوی شەڕێکی کراوەی پێشبینی نەکراودا

## ● جیهان لەناو شەڕێکی گشتگیردا

«جیهانی شەڕ — World of War»، ناونیشانی سەرەکیی دوایین ژمارەی گۆڤاری بەناوبانگی کاروباری دەرەوە (Foreign affairs)یە، کە هەر دوومانگ جارێك لەلایەن پەیمانگەی ئەنجومەنی پەیوەندییەکانی دەرەوەی ئەمریکا دەردەچێت و، بایەخ بە کۆی کێشەکانی جیهان دەدات.




لەم ژمارە تازەیەدا کە ڕێکەوتی (تشرینی دووەم و کانوونی یەکەمی ٢٠٢٤)ی لەسەرە، یەکەم توێژینەوەی بە ناونیشانی «گەڕانەوە بۆ شەڕی گشتگیر . ئامادەکاری بۆ تێگەیشتن لە سەردەمێکی تازەی تەنگژەی گشتگیر»، لەمەش زیاتر توێژینەوەیەکی دیکەش هەر لەم ژمارەیە بە ناونیشانی »ستراتیژیەتی نوێکردنەوەی ئەمریکا . دووبارە بونیادنانەوەی سەرکردایەتی بۆ ئەم جیهانە تازەیە» بڵاو کراوەتەوە، کە هەر دوو توێژینەوەکە پەیام و ئاگادارکردنەوەی زۆر هەستیارمان پێدەڵێن.

ئەگەر هەڵوەستە لەسەر توێژینەوەی یەکەم بکەین، کە پرۆفیسۆر مارا کارین نووسیویەتی و تایبەتمەندە لە ستراتیژیەت و بونیادنانی دەوڵەت، ئەوەمان پێدەڵێت «جیهان لە ئێستادا نەك هەر بەرەو شەڕێکی گشتگیر هەنگاو هەڵدەگرێت، بەڵکو لەناو شەڕێکی گشتگیری جیهانیدایە و دەبێت خۆ ئامادە بکرێت بۆ تێگەیشتن و مامەڵەکردن لەگەڵ سەردەمێکی تازە کە تیایدا تەنگژەکانیش گشتگیرن».

توێژینەوەی دووەمیش کە هەڵوەستەمان لەسەرکرد، ئەنتونی بلینکن وەزیری دەرەوەی ئێستای ئەمریکا نووسیویەتی و پێش تەنیا دوو تا سێ هەفتە لە هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا بڵاوی کردووەتەوە کە لە پێنجی نۆڤەمبەری داهاتوو بەڕێوە دەچێت. لەم توێژینەوەیەدا وەزیری دەرەوەی ئەمریکا جەخت لەوە دەکاتەوە کە «ستراتیژیەتی ئێستای ئیدارەی کۆشکی سپی (ئەوجا ئەگەر دیموکراتەکان بن، یان کۆمارییەکان)، پێویستی بەوە هەیە سەرلەنوێ دابڕژرێتەوە، لەمەش زیاتر دەبێت دووبارە سەرکردایەتییەك بونیاد بنرێتەوە کە بتوانێت سەرکردایەتیی ئەم سەردەمە تازەیە بکات».

لەم توێژینەوەیەدا وەزیری دەرەوەی ئەمریکا جیا لەوەی مەبەستێتی چەند پەیامێك بۆ بارودۆخی ئاڵۆزی ئێستا بە هەموو جیهان بگەیەنێت، لە هەمان کاتدا سەرکردایەتیی ئیدارەی کۆشکی سپی (ئەوجا دیموکراتی بێت، یان کۆماری) لە هەندێك شکستی گەورە ئاگادار دەکاتەوە و پێیان دەڵێت: «بەم ستراتیژەی ئێستا لە کۆشکی سپی پیادەکرێت، ئەمریکا ناتوانێت سەرکردایەتیی ئەم قۆناغەی جیهان بکات و دەبێت دان بە شکستەکانی خۆیدا بنێت، وەك:

١. ئەمریکا شێوازی لغاوگیرکردنی ڕووسیای لە شەڕی «ڕووسیا و ئۆکرانیا» شکستی هێنا و نەیتوانی ڕێگری لە شەڕەکە بکات، بەپێچەوانەوە ڕووسیا کە ئێستا چین و کۆریای باکوور پشتیوانی دەکەن، بە ئاشکرا تەحەددای سیستمی جیهانی دەکات، ڕاستە نەبوونەتە یەك میحوەر، بەڵام هەر سێکیان دژی باڵادەستیی ئەمریکا و سیستمی جیهانی کاردەکەن.

٢. ستراتیژیەتی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کۆنترۆڵی بارودۆخەکەی لەدەست دەرچووە، شەڕێکی کراوەی مەزندە بۆ نەکراو لە ناوچەکە هەیە و مەترسی ئەوەی لێدەکرێت تەواوی ناوچەکە بگرێتەوە و، گەیشتووەتە ئەو ئاستەی ئێران بە مووشەك هێرش دەکاتە سەر تەلئەبیب و ئیسرائیلیش بە فڕۆکەی F16 تاران بۆردومان دەکات.

٣. لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، هەژموون و باڵادەستیی چین خەریکە دەگاتە ئەوەی چین هەڕەشە لە دەوڵەتانی هاوپەیمانی ئەمریکا لە ناوچەکە دەکات و بە مانۆڕە سەربازییەکانی لە دەریای باشووری چین هەڕەشەی جددی لە تایوان دەکات و داوای دووبارە لکاندنەوەی تایوان بە چینەوە دەکات، ئەمریکاش نەك هەر نەیتوانیوە ئەم تەنگژانە خاو بکاتەوە، بەڵکو بەرەو هەڵکشانی زیاتری بردووە.

لێرەوە ئەگەر ئەم هۆشدارییانەی دوایین ژمارەی گۆڤاری فۆرین ئەفێرز گرێ بدەینەوە

بە دوایین کتێبی یۆڤاڵ نوح هەراری «کۆتر: کورتەیەك لە مێژووی زانیاری هەر لەسەردەمی بەردینەوە تا زیرەکیی دەستکرد»، کە تیایدا ئاماژە بەوە دەکات، ئەو جۆرەی مرۆڤ کە پێی دەگوترێت «ئاقڵ- Sapiens»، توانایەکی گەورەی هەیە، بۆ ئەوەی هاوکاری دروست بکات و هێزی گەورە بەرهەم بهێنێت، بەڵام لۆژیکی نزمە لە زۆر قۆناغی مێژوودا ئەو هێزە گەورەیەی بە نائەقڵانی بەکار هێناوە و کارەساتی گەورەی بەسەر مرۆڤایەتیدا هێناوە، هەر بۆیە لە ئێستای جیهانیشدا دروستبوونی شەڕی سێیەمی جیهانی ئەگەرێکە لە بەردەممان و ناکرێت وەك مەحاڵ سەیر بکرێت.

## ● جارێکی دیکە ئەوروپا ناگەڕێتەوە بۆ پێش شوباتی ٢٠٢٢

## ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش بۆ پێش ئۆکتۆبەری ٢٠٢٣

لە دوای داگیرکردنی هەرێمی کریمای ئۆکرانیا لە ساڵی ٢٠١٤ و لکاندنی بە ڕووسیاوە، ئەو سیستمە جیهانییەی کە لە ساڵی ١٩٩٣ دوای هەڵوەشانەوەی یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو، جۆرج بووشی باوك ناوی لێنا «سیستمی نوێی جیهان» لە دوای ساڵی ٢٠١٤، ڕیچارد هاس سەرۆکی پەیمانگای ئەنجومەنی پەیوەندییەکانی دەرەوە و پێشتریش سەرۆکی ستافی پلاندانانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ناوی لێنا «سیستمە کۆنەکە»، ئەمەشی کردە ناونیشانی کتێبێك «جیهان لە حاڵەتی پاشاگەردانیدا ..سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا و تەنگژەی سیستمە کۆنەکە»، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەو سیستمەی هەموو دەوڵەتانی ڕۆژئاوا بە سەرکردایەتیی ئەمریکا شانازی پێوەدەکەن و لە دوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە ناویان لێناوە «سیستمی لیبراڵیی نێودەوڵەتی» و لە دوای کۆتاییهاتنی شەڕی سارد ناویان لێنا «سیستمی نوێی جیهان»، ماوەی ١٠ ساڵە ژیانئاوایی کردووە و ئەمریکا و ڕۆژئاوا شەرم دەکەن پرسەی بۆ دابنێن.

ڕووسیا نەك هەر داگیرکردنی « کریما»ی بۆ چووە سەر، بەڵکو لە ساڵی ٢٠١٥ جارێکی دیکە تەحەددای ئەمریکا و هاوپەیمانیی باکووری ئەتڵەسی کرد و چووە سووریا و نەیهێشت ڕژێمی بەشار ئەسەد بکەوێت، هەتا ئێستاش وەك هێزێکی یەکلاکەرەوە لەناو سووریا بوونی هەیە.

ئەم هەنگاوانەی ڕووسیا لە ٢٠١٤وە هەتا ئێستا، دەرهاویشتە خراپەکانی ستراتیژیەتی ئەمریکا و هاوپەیمانیی باکووری ئەتڵەسی بوو، لە دوای هێرشەکانی ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١ لەگەڵ پرسی تیرۆر و تیرۆریستان، ئامانجی سەرەکیی ئەمریکا لە پیادەکردنی شەڕی «دژی تیرۆریستان – دەوڵەتانی لە یاسا دەرچوو»، سەرەتا لە ئەفغانستان بریتی نەبوو لە قەلاچۆکردنی تیرۆریستان و دووبارە بونیادنانەوەی دەوڵەتێکی هاوچەرخ و پاشان ڕادەستی گەلەکەی بکاتەوە، بەڵکو ئامانجی داگیرکردنی دەوڵەتەکە بوو. ئەم ئەزموونەی ئەفغانستان نەك هەر بەشێکی زۆری دەوڵەتانی جیهانی تووشی ترس و دڵەڕاوکێ کرد، بەڵکو دەوڵەتانی ئەندامی هاوپەیمانیی باکووری ئەتڵەسیشی ترساند و لە هەوڵەکانی ئەمریکا بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانییەتێکی نێودەوڵەتی بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی سەدام حوسێن لە ٢٠٠٣ بێجگە لە دەوڵەتانی ئینگلۆفۆن و ئیسپانیا هیچ دەوڵەتێکی دی هاوپەیمانی نەکرد، بۆیە ئیدارەی ئەمریکا هەوڵەکانی لەگەڵ لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی چڕکردەوە و بەڵێنی پێدان کە ئەزموونی ئەفغانستان لە عێراقی دوای ڕژێمی سەدام حوسێن دووبارە نابێتەوە، بەڵام بەداخەوە وەك سەرۆك بارزانی لە بەرگی شەشەمی کتێبی «بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد» ئاماژەی پێکردووە، هەر دوای ڕووخانی ڕژێمی سەدام حوسێن، ئەمریکا گوشاری لە نەتەوە یەکگرتووەکان کرد، کە بڕیارێك دەربکات و ئەمریکا وەك داگیرکاری عێراق بناسێنێت، ئەم هەنگاوەی ئەمریکا بەرانبەر بە عێراقی دوای سەدام حوسێن و دانانی پۆل بریمەر کە تەنیا لەسەر نەخشە عێراقی بینیبوو وەك حاکمی مەدەنی لەو وڵاتەدا بووە هۆکاری ئەوەی زەمینەیەکی لەبار بۆ گەشە و چالاکیی گەورەی تیرۆریستانی «ئەلقاعیدە» دروست ببێتەوە، پاشانیش بە کشانەوەی هێزەکانیشی لە ٢٠١١ و خراپ مامەڵەکردنی لەگەڵ عێراقی دوای کشانەوەی

**جیهان لە ئێستادا نەک هەر بەرەو شەڕێکی گشتگیر هەنگاو هەڵدەگرێت، بەڵکو لەناو شەڕێکی گشتگیری جیهانیدایە و دەبێت خۆ ئامادە بکرێت بۆ تێگەیشتن و مامەڵەکردن لەگەڵ سەردەمێکی تازە کە تیایدا تەنگژەکانیش گشتگیرن**

**بەم ستراتیژەی ئێستا لە کۆشکی سپی پیادەکرێت، ئەمریکا ناتوانێت سەرکردایەتیی ئەم قۆناغەی جیهان بکات و دەبێت دان بە شکستەکانی خۆیدا بنێت**

**ڕووسیا کە ئێستا چین و کۆریای باکوور پشتیوانی دەکەن، بە ئاشکرا تەحەددای سیستمی جیهانی دەکات، ڕاستە نەبوونەتە یەک میحوەر، بەڵام هەر سێکیان دژی باڵادەستیی ئەمریکا و سیستمی جیهانی کاردەکەن**

هێزەکانی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی دوای ڕاپەڕینەکانی وڵاتانی عەرەبی کە ناویان لێنا «بەهاری عەرەبی»، جیا لەوەی بەهارەکەی کردە پاییزی عەرەبی، لە هەمان کاتدا، لە هەناوی ڕێکخراوی تیرۆریستیی ئەلقاعیدە، ڕێکخراوێکی تیرۆریستیی ترسناکتر لە دایك بوو، کە ئەویش ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش بوو.

ڕاگەیاندنی دەوڵەتی «خەلافەتی ئیسلامی لە عێراق و شام – داعش-» لە حوزەیرانی ٢٠١٤ لەسەر بەشێکی فراوانی خاکی عێراق و سووریا، ڕووداوێك بوو، جیا لەوەی هیچ بیرمەندێك، یان سەنتەرێکی توێژینەوە، یان دەوڵەتێك مەزندەی بۆ نەکردبوو، سیاسەتی ئەمریکیشی لەسەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تووشی ئیحراجییەکی گەورە کردبوو، پێشتریش ڕووسیا لە مارتی ٢٠١٤ بە ڕاگەیاندنی لکاندنی «کریما» بە خاکی خۆیەوە لەسەر ئاستی ئەورووپا سیاسەتی ئەمریکای تووشی ئیحراجییەکی گەورە کردبوو، وێڕای هەموو ئەمانەش وەك پێویست بە لۆژیکانە مامەڵەی لەگەڵ ئەم کێشە گەورانە نەکرد، بۆیە دەرهاویشتەی خراپتری بەدوای خۆیدا هێنا، کە ئەویش بریتی بوون لە سەرهەڵدانی حزب و سەرکردەی پۆپۆلیستی لە ڕۆژئاوا و هەڵکشانی ڕەوتی ڕادیکاڵیەتی ئیسلامی «شیعە و سوننە» لە دەوڵەتانی ئیسلامی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

سەرهەڵدانی سەرکردە و حزبی پۆپۆلیستی لە ڕۆژئاوا و ئەو دەوڵەتانەی سیستەمی لیبراڵ دیموکراتی پێڕەو دەکەن، بووە هۆکاری کۆتایی هاتنی سیستەمی « لیبراڵیزم»، وەك فرانسیس فۆکۆ یاما لە کتێبی «ناسنامە: بانگهێشتە بۆ کەرامەت و سیاسەتی نارەزایی» ئاماژەی پێکردووە، دامەزراوەکانی سیستەمی فیدراڵی گەیشتوونەتە ئەو ئاستەی ناتوانن کەرامەتی تاك بپارێزن و بەهاکانی ڕۆژئاوا گەیشتوونە ئاستی پووکانەوە «Westlessness».

هەڵکشانی ڕەوتی ڕادیکاڵی ئیسلامی «شیعە و سوننە» لەسەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست زەمینەیەکی لەباری بۆ سەرهەڵدانی کاراکتەری نادەوڵەتی و گرووپی چەکداری «شیعە و سوننە» دروست کرد و، تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی کردە گۆڕەپانی شەڕی بەوەکالەت « proxy war» و شەڕی ناو دەوڵەت « Inter state»، ئەم شەڕەش جوگرافیایەکی فراوانی ناوچەکەی گرتەوە، کە هەر لە پاکستانەوە تا دەگاتە بەشێك لە دەوڵەتانی ئەفریقیا و باکووری ئەفریقیای گرتەوە.

لەناو ئەم ژینگە بەپیتە بۆ گەشەکردنی هزری توندڕەوی ڕادیکاڵی ئیسلامی «شیعە و سوننە» و خراپ مامەڵەکردنی ئیسرائیل بە پشتیوانیی ئەمریکا لەگەڵ دەسەڵاتی نیشتمانیی فەلەستین و پرۆسەی ئاشتیی نێوان ئیسرائیل و فەلەستین، زەمینەیەکی دروست کرد کە سۆزی فەلەستینەکان و عەرەب و ئیسلام بەلای حەماسدا بشکێتەوە و دەسەڵاتی نیشتمانیی فەلەستین پەراوێز بخرێت، لەناو ئەم ژینگەیەشدا بێگومان ئەو هێرشەی ٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٣ی تێیدا لەدایك دەبێت کە ناویان لێنا «تۆفانی ئەقسا».

لەناو ئەو دەرهاویشتە خراپانەی کە مامەڵەی نادروستی ئەمریکا لەگەڵ کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و مامەڵەی نادروستی ئەمریکا و ناتۆ لەگەڵ شەڕی ئۆکرانیا و ڕووسیا، ئێستا بە کردەیی ئەمریکا و ناتۆ بوونەتە بەشێك لە شەڕەکە و لە هەردوو شەڕەکە تێوە گلاون و، لەسەر ئاستی شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا نە دەتوانن شەڕەکە کۆتایی پێ بهێنن و نە دەشتوانن دەروازەیەك بۆ دیالۆگ و چارەسەری ئاشتییانە بکەنەوە، بۆیە لە ئێستادا شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا گەیشتووەتە ئاستێك کە مەزندەی زۆر مەترسیداری لێ دەکرێت، بەتایبەتی کە هەموو بۆچوونەکان بەو ئاراستەیەن کە ڤلادیمیر پوتین شکستی پێ قبووڵ ناکرێت و دوور نییە بگاتە ئاستێك، چەکی نیوکلیاری بەکار بهێنێت، کە ئەمەش کارەساتێکی گەورە بەسەر مرۆڤایەتیدا دەهێنێت، کەواتە ئەم واقیعەی ئێستا پێمان دەڵێت «جارێکی دیکە ئەورووپا ناگەڕێتەوە بۆ پێش شوباتی ٢٠٢٢» دەرگای هەموو ئەگەرەکانیش کراوەن و هەموو ئاکامێکیش چاوەڕوان کراوە. لەسەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش کە تەنیا لە ماوەی کەمتر یەك ساڵدا کۆماری

**شەڕێکی کراوەی مەزندە بۆ نەکراو لە ناوچەکە هەیە و مەترسی ئەوەی لێدەکرێت تەواوی ناوچەکە بگرێتەوە و، گەیشتووەتە ئەو ئاستەی ئێران بە مووشەک هێرش دەکاتە سەر تەلئەبیب و ئیسرائیلیش بە فڕۆکەی F16 تاران بۆردومان دەکات**

**چین هەڕەشە لە دەوڵەتانی هاوپەیمانی ئەمریکا لە ناوچەکە دەکات و بە مانۆڕە سەربازییەکانی لە دەریای باشووری چین هەڕەشەی جددی لە تایوان دەکات و داوای دووبارە لکاندنەوەی تایوان بە چینەوە دەکات، ئەمریکاش نەك هەر نەیتوانیوە ئەم تەنگژانە خاو بکاتەوە، بەڵکو بەرەو هەڵکشانی زیاتری بردووە**

**«سیستمی نوێی جیهان»، ماوەی ١٠ ساڵە ژیانئاوایی کردووە و ئەمریکا و ڕۆژئاوا شەرم دەکەن پرسەی بۆ دابنێن**

ئیسلامیی ئێران دوو جار بە مووشەك ئیسرائیلی کردووەتە ئامانج و لە شەوی ٢٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٤یش ئیسرائیل بە ١٠٠ فرۆکەی F16 پایتەخت و چەندین شاری ئێرانی کردە ئامانج، ئەمەش ئاماژەیەکی مەترسیدارە کە وای کردووە، دەرگای دیالۆگ و چارەسەری ئاشتییانە ئەگەر مەحاڵیش نەبێت، بەڵام بە ئاسانی ناکرێتەوە و پێمان دەڵێت: جارێکی دیکە «ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناگەڕێتەوە بۆ پێش ٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٣».

## عێراق و هەرێمی کوردستان لەناو شەڕە کراوەکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا

پریشکی شەڕی ئیسرائیل و حەماس لەلایەك و شەڕی ئەمریکا و گرووپە چەکدارە ئیسلامییە شیعەکان کە پێیان دەڵێن «لە یاسا دەرچووەکان»، زۆر پێش ٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٣ هەرێمی کوردستانی گرتەوە و لە دوای ئەو بەروارەشەوە پریشکی گەورەتری بەر کەتووە، هۆکاری سەرەکییش بۆ ئەمە بۆ ئەوە بووە کە عێراق وەك دەوڵەت خاوەنی سەروەرییەکی بەهێز نەبووە.

سەرکردەی لایەنە سیاسییەکانی شیعە کە ئێستا لە عێراقدا لە دەسەڵاتدان و، ئێمە وەك بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن بۆ گفتوگۆکانی «بازنەی گفتوگۆ» بانگهێشتمان کردوون، ڕاشکاوانە ئەوەیان پێ گوتووین «ئێستا لە عێراقدا دوو جۆر گرووپی شیعە هەن، کە بریتین لە گرووپی سیاسیی شیعەی ئاقڵمەند و گرووپی چەکداری شیعەی لەیاسا دەرچوو»، ئەم دان پێدانانە ئەوەی لێ دەخوێنرێتەوە کە ئەو لایەنە سیاسییانەی شیعە کە بە خۆیان دەڵێن» ئاقڵمەند»، دەسەڵاتیان بەسەر گرووپی چەکداری شیعەی لە یاسا دەرچوو نییە، یان بە شێوەیەك لە شێوەکان چاوپۆشی لێدەکەن. ئەم واقیعە تاڵە کە پرۆسەی سیاسیی عێراقی بێ متمانە و شەلەل کردووە، لە هەموو ساتێکدا چاوەڕێی ئەوەی لێدەکرێت، عێراق پەلکێشی شەڕێکی نەخوازراو بکات کە لەسەر ئاستی فەرمی و دەوڵەتی بێلایەنی لەسەر ڕاگەیەنراوە.

ئەزموونی خزانی لوبنان بۆ شەڕەکە بە هۆی چەکدارەکانی حزبوڵڵای لوبنانییەوە، گرنگە لە عێراق بەگشتی و لایەنە سیاسییەکانی شیعەی دەسەڵات بەتایبەتی بە وردی هەڵوەستەی لەسەر بکەن، بێگومان لای هەموو لایەك ئاشکرایە کە لوبنان وەك «دەوڵەت، حکومەت، سوپا» ئێستاشی لەگەڵدا بێت، بێلایەنییان لە بەرانبەر شەڕی نێوان ئیسرائیل و حزبوڵڵا هەڵبژاردووە و خۆیان نەکردووە بە بەشێك لەو شەڕە، بەڵام هاتنەناوەوەی شەڕەکە بۆ سەر خاکی لوبنان و دەرهاویشتە و زیانەکانی تێوەگلان لەم شەڕەوە، هاووڵاتیان و حکومەتی لوبنان باجەکەی دەدەن و، ئێستا بەیرووت بووەتە گۆڕەپانی شەڕێك کە خەریکە بڕست لە حکومەت و هاووڵاتیان دەبڕێت، ئەمە بێجگە لەوەی بە سەدان هەزار هاووڵاتی ئاوارە بوون و بە سەدانیش بوونە قوربانیی هێرشەکان. هەر بۆیە هەتا عێراق وەك لوبنان ڕاستەوخۆ لەم شەڕە کاولکارییەوە نەگلاوە، ئەوا لۆژیك وا دەخوازێت کە بەو ئاراستەیە مامەڵە لەگەڵ ئەم تەنگژەیە بکرێت، کە پاشان گەلانی عێراق باجەکەی نەدەن.

لە بەرەبەیانی ڕۆژی ٢٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٤ لەو کاتەی فڕۆکەکانی ئیسرائیل ئاسمانی عێراقیان بەزاند، بۆ ئەوەی وەك ڕێڕەوێك بۆ گەیشتن بە ئاسمانی ئێران بەکاری بهێنن، حکومەتی عێراق ناچار بوو هەتا کاتێکی نادیار هەموو گەشتە ئاسمانییەکانی فڕۆکە ئاسمانییەکانی عێراق ڕابگرێت.

لەسەر ئاستی ئەزموونی «سیاسەت و دەوڵەتداری» بڕیاری شەڕ و ئاشتی گرنگە لە دەستی «سیاسەتمەدار و دەوڵەتمەدار»دا بێت و نەکەوێتە دەستی ژەنراڵێکی سەربازی، یان لەمەش خراپتر نەکەوێتە دەستی سەرۆکی گرووپێکی چەکداری لە یاسا دەرچوو و لەدەرەوەی فەرمانەکانی فەرماندەی هێزە چەکدارەکانی وڵات.

سیاسەتمەدار و دەوڵەتمەدار، بە شێوەی لۆژیك و ئەقڵانی لەبەر ڕۆشنایی بەرژەوەندییە باڵاکانی دەوڵەت و نیشتمان هەڵوێست وەردەگرێت.

عێراق لە ئێستادا وەك دەوڵەت لەسەر ئاستی بەراوردکردنی چەکی نەریتیی سەربازی بە هیچ جۆرێك لەگەڵ ئیمکانیەتی چەکی لایەنی بەرانبەر بەراورد ناکرێت، کە هەموو دەوڵەتانی ڕۆژئاواش نەك هەر پشتگیری دەکەن، بەڵکو بە فەرمی بوونەتە بەشێك لە شەڕەکە و بە

**دامەزراوەکانی سیستمی فیدراڵی گەیشتوونەتە ئەو ئاستەی ناتوانن کەرامەتی تاك بپارێزن و بەهاکانی ڕۆژئاوا گەیشتوونە ئاستی پووکانەوە**

**هەڵکشانی ڕەوتی ڕادیکاڵی ئیسلامی «شیعە و سوننە» لەسەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست زەمینەیەکی لەباری بۆ سەرهەڵدانی کاراکتەری نادەوڵەتی و گرووپی چەکداری «شیعە و سوننە» دروست کرد و، تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی کردە گۆڕەپانی شەڕی بەوەکالەت**

**خراپ مامەڵەکردنی ئیسرائیل بە پشتیوانیی ئەمریکا لەگەڵ دەسەڵاتی نیشتمانیی فەلەستین و پرۆسەی ئاشتیی نێوان ئیسرائیل و فەلەستین، زەمینەیەکی دروست کرد کە سۆزی فەلەستینەکان و عەرەب و ئیسلام بەلای حەماسدا بشکێتەوە و دەسەڵاتی نیشتمانیی فەلەستین پەراوێز بخرێت**



فەرمی پشتیوانی لە ئیسرائیل دەکەن، لەسەر ئاستی تەکنەلۆژیای پێشکەوتووش، بەتایبەتی کە ئێستا زیرەکیی دەستکرد بووەتە بەشێك لە تەکنەلۆژیای سەربازی و ئاراستەی شەڕەکەی بە تەواوەتی گۆڕیوە، ئەوا جیا لەوەی سوپای عێراق لەم پێشکەوتنەی تەکنەلۆژیای سەربازییە بێبەشە، لەسەر ئاستی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای نەریتی بۆ نموونە بە باشی بەکارهێنان و ئیدامەی فڕۆکەی (F16) کە ژمارەیەکی کەمی هەیە، کەم ئەزموونە و ئەگەر پسپۆڕانی ئەمریکی هاوکاری نەکەن، ئەوا فڕۆکە (F16)ـەکانیش ناگەنە ئاسمان، بۆیە زۆر گرنگە ئەوە لەبەرچاو بگرێت، کە شەڕی تەکنەلۆژیای زیرەکیی دەستکرد بە چەکی نەریتی و ئایدیۆلۆژیەتی سیاسی ناکرێت.

لایەنێکی دیکەی گرنگ کە پێویستە لۆژیکی سیاسەتمەدار لە بڕیاری چارەنووسساز ڕەچاوی بکات و هەڵوەستەی وردی لەسەر بکات، پەیوەندی نێوان هاووڵاتیان و دەسەڵاتی سیاسییە. لە ئێستای پرۆسەی سیاسیی عێراقدا ئەگەر وەك چاودێرێکی بێلایەن شرۆڤەی واقیعی پرۆسەکە بکەین، ئەوا هەندێك ئارامی سیاسیی لەناو پرۆسەکە هەستی پێدەکرێت، ئەم ئارامییە لەبەر ئەوە دروست نەبووە کە سەقامگیری بۆ پرۆسە سیاسییەکە دروست بووە و هەموو لایەنە سیاسییەکانی عێراق خۆیان بە هاوبەشی پرۆسەکە دەزانن، بەپێچەوانەوە ئەو ئارامییەی بوونی هەیە، پەیوەندی بەوەوە هەیە کە لایەنێکی سەرەکی کە ئەویش « تەیاری سەدر»ـە و خاوەنی ٧٣ کورسیی پەرلەمان بوو، ئێستا لە پرۆسە سیاسییەکە کشاوەتەوە و خۆی لە پرۆسە سیاسییەکە بێبەری کردووە.

لەسەر پەیوەندیی نێوان هاووڵاتی و دەسەڵات و متمانەی هاووڵاتیان بە پرۆسە سیاسییەکە، ئەوا زمانی ژمارە، ڕاشکاوانە ئەوەی دەرخستووە کە ڕێژەی بەشداریی هاووڵاتیان لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی عێراق زۆر زۆر کەمە، بۆیە بە گرێدانەوەی ئەم خاڵانە هەمووی پێکەوە و پاشان بە وردی لێکدانەوەیان، ئەوا دەبێت سیاسەتمەدار و دەوڵەتمەدارەکانی عێراق ئەو ڕاستییە لەبەر چاو بگرن، لە وڵاتیکدا کە پرۆسە سیاسییەکەی لەرزۆك بێت، سوپاکەی بێبەش لە تەکنەلۆژیای پێشکەوتووی

**هەموو بۆچوونەکان بەو ئاراستەیەن کە ڤلادمیر پوتین شکستی پێ قبووڵ ناکرێت و دوور نییە بگاتە ئاستێک، چەکی نیوکلیاری بەکار بهێنێت، کە ئەمەش کارەساتێکی گەورە بەسەر مرۆڤایەتیدا دەهێنێت**



سەربازی و تەنانەت تەکنەلۆژیای سەربازیی نەریتییش بێت، ئەوا تێوەگلان لە شەڕێکی نابەرانبەر بێجگە لە خۆکوژی هیچی دیکەی لێ بەدی نایەت.

لە ناو ئەم واقیعە ئاڵۆزەی عێراقدا، هەرێمی کوردستان جیا لەوەی، بمانەوێت، یان نەمانەوێت، بەشێکە لەو واقیعە، لەماوەی چەند ساڵی ڕابردووشدا بە بیانوو و تۆمەتی جیاواز بووەتە ئامانجی دەوڵەتانی دراوسێ و گرووپە چەکدارەکان، بەڵام بە مامەڵەی لۆژیکانەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئالنگاریی و هێرشەکان بە لۆژیکی و بە لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندییە باڵاکانی گەل و قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان، توانرا گرژییەکان خاو بکرێنەوە و خۆمان لە شەڕێکی نەخوازراوی نابەرانبەر پاراست.

لە ئێستادا بە حوکمی ئەوەی پەیوەندییەکی باش لە نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی هەیە، ئەرکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەوەیە پشتگیری و هاوکاریی ئەو لایەنە سیاسییانەی ناو حکومەتی فیدراڵی بکات، کە خۆیان بە «شیعەی ئەقڵانی» پێناسە دەکەن، نەك «شیعەی چەکدار»، بۆ ئەوەی گوتارێکی نیشتمانیی ئەوتۆ دروست بکرێت، کە ڕێگە نەدرێت عێراق وەك دەوڵەت لەو شەڕە نەخوازارەوە تێوەبگلێت.

بۆ ئێستای سیاسەتی نێودەوڵەتی کە بە قۆناغێکی پاشاگەردانیی زۆر خراپدا گوزەر دەکات، هەنگاوەکانی ڕێگرتن لە پاشاگەردانیی سیاسی و تێوەنەگلان لە شەڕەکان، لە یەکگرتوویی و یەکڕیزی و یەکگوتاریی هێزە سیاسییەکانی ئەو دەوڵەتە سەرچاوە دەگرێت، ناکرێت لە هیچ بارودۆخێکدا بە تەنیا پشت بە هێزی نێودەوڵەتی (ئەوجا هەر هێزێك بێت) ببەسترێت، باشترین نموونەش دەوڵەتی ئۆکرانیایە کە تێوەگلاوە لە شەڕێکی نابەرانبەر لەگەڵ ڕووسیا، ئەوجا لەگەڵ ئەوەی هەموو دەوڵەتانی ئەندامی هاوپەیمانیی باکووری ئەتڵەسی بە سەرکردایەتیی ئەمریکا پشتگیرییەکی گەورەی چەك و لۆجیستی ئۆکرانیا دەکەن و تەکنەلۆژیای پێشکەوتووی زیرەکیی دەستکردی سەربازی پێدەدەن، بەڵام وەك دەبینین تەنیا ئۆکرانیا وێران دەبێت و گەلەکەی بە سەر دەوڵەتانی یەکێتیی ئەورووپا ئاوارە دەبن.

**تەنیا لە ماوەی کەمتر یەک ساڵدا کۆماری ئیسلامیی ئێران دوو جار بە مووشەک ئیسرائیلی کردووەتە ئامانج و لە شەوی ٢٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٤یش ئیسرائیل بە ١٠٠ فڕۆکەی F16 پایتەخت و چەندین شاری ئێرانی کردە ئامانج**

بۆعاز عەتزیلی، زانایەکی سیاسییە و توێژەر و پرۆفیسۆری سیاسەتی نێودەوڵەتییە لە زانکۆی ئەمریکی لە واشنتۆن دی سی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. لە توێژینەوەکانیدا بایەخ بە ئاسایشی نێودەوڵەتی بە سەرنج چڕکردنەوە لەسەر سیاسەتی پەیوەست بە سنوورەکان و ناکۆکییەکانی خاك و لایەنە نێودەوڵەتییەکانی لاوازبوونی دەوڵەتەوە دەدات. چەندین توێژینەوەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باشووری ئاسیا، ئەورووپا و ئەفریقا، ئەمریکای لاتین ئەنجام داوە. گولان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجام دا، بۆ تاوتوێکردنی ڕیشە قووڵەکانی کێشە و ناکۆکییەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەست بێت بە پرسی سنوور و ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان و پرسی ئەوەی تا چ ڕادده و ئەندازەیەك ئەم ناکۆکییانە کاریگەرییان لەسەر دروستکردنی دۆخی ناسەقامگیری و ناکارابوونی دەوڵەت لە ئەداکردنی ئەرکەکانیدا هەبووە.

## پرۆفیسۆر بۆعاز عەتزیلی بۆ گولان:

# دۆخێکی پڕ لە پشێوی باڵی بەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کێشاوە




*** ئاشکرایە کە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەمیشە گرفتار بووە بەدەست چەندین تەنگژە و قەیرانی سەخت و قووڵەوە، کە گرنگترینیان ناکارایی دەوڵەت بووە لە ئەداکردنی ئەرکەکانی وەك دەستەبەرکردنی خزمەتگوزاری و دابینکردنی ئاسایش و ڕەخساندنی هەلومەرجی گەشەی ئابووری و.. هتد، لەوەش زیاتر ئەم دەوڵەتانە تووشی پشێوی بوون و شەڕی ناوخۆ تێیاندا سەری هەڵداوە، ئەمە جگە لە شەڕی نێوان دەوڵەتانیش، هەندێك پێیان وایە زۆربەی کێشەکان بۆ سنوورەکانی ئەم دەوڵەتانە دەگەڕێنەوە. تێڕوانینی ئێوە لەم ڕووەوە چییە؟**

- نکۆڵی لەوە ناکرێت کە بارودۆخێکی پڕ لە پشێوی باڵی بەسەر ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کێشاوە، زۆر کەسیش ئۆباڵی ئەم کێشە و پشێوییانە دەخاتە ئەستۆی ڕێککەوتننامەی سایکس-پیکۆ، کە ڕێککەوتنێك بوو لە نێوان فەرەنسا و بەریتانیادا بۆ دیاریکردن و دەستنیشانکردنی سنوورەکان بە پێی ویست و خواستی خۆیان، بەڵام لە واقیعدا ئەگەر ئێمە لە نەخشەی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بڕوانین، ئەوا ئەوە بەدی دەکەین، ئەمە جیاوازە لەو نەخشەیەی لە ڕێککەوتنی سایکس-پیکۆدا هاتبوو. خاڵێکی دیکە کە دەبێت لەم ڕووەوە لەبەرچاو بگیرێت، ئەوەیە کە ئەو ئینتیدابەی فەڕەنسا و بەریتانیا هەیانبوو، نزیکەی بۆ ماوەی بیست ساڵ بوو، کەواتە سەدەیەك تێپەڕیوە بەسەر کۆتاییهاتنی ئەم ئینتیدابەدا کە چەندین دەوڵەت لەم ناوچەیەدا دروست بوون، بە دەوڵەتانی عەرەبی و دەوڵەتی تورکیا و دەوڵەتی ئێران و دەوڵەتی ئیسرائیلیشەوە، کە دوای تێپەڕبوونی ئەو ماوەیە سنووری ئەم وڵاتانە نەگۆڕاوە.

**ڕاستە ڕێککەوتنی سایکس-پیکۆ کاریگەری و دەرئەنجامی نەرێنیی هەبووە، بەڵام ناکرێت هەموو کێشەکان گرێ بدەینەوە بەم ڕێککەوتنەوە**

**سەربارى ئەوەى کە ئیسرائیل سنوورێکى دیار و چەسپاویشى نەبووە، بەڵام تواناى ئەوەى هەبووە ببێتە دەوڵەتێکى دامەزراوەیى بەهێز**

**ئەوەى لە سووریا رووى دا، هاتنەئاراى هەلومەرجێک بوو کە رێکخراوێکى وەک داعش بتوانێت تێیدا سەرهەڵبدات و تەنانەت دەست بەسەر بەشێکى بەرچاوى خاکى عێراقیشدا بگرێت**

**داڕووخانى دەوڵەت و دروستبوونى شەڕى ناوخۆیى بۆ دەوڵەتە دراوسێکان و بۆ تێکڕاى ناوچەکە بەگشتى مایەى ناسەقامگیرى دەبن**

**بزووتنەوەى حەماس زیاتر لە خەمى ئایندەى سیاسیى خۆیدایە، نەک پاراستنى خەڵکە مەدەنییەکە**

*** کەواتە ئێوە دەتانەوێ لە وەڵامەکەتاندا ئاماژە بەوە بکەن کە ناکرێت ئۆباڵى سەرجەم کێشەکان بخرێتە ئەستۆى ئەم رێککەوتنە (سایکس-پیکۆ) واتە دەکرێت بڵێین ماوەیەکى زۆرتێپەڕیوە و ئەم دەوڵەتانە دەرفەتیان لە پێش بووە بۆ ئەوەى بتوانن کێشەکانیان چارەسەر بکەن؟**

- بەڵێ، چونکە راستە رێککەوتنى سایکس-پیکۆ کاریگەرى و دەرئەنجامى نەرێنیى هەبووە، بەڵام ناکرێت هەموو کێشەکان گرێ بدەینەوە بەم رێککەوتنەوە، چونکە ئەوەتا حکومەتەکانى ئەم وڵاتانە نەیانویستووە سنوورەکان بگۆڕدرێن.

*** هەر لە پەیوەندى بە پرسى سنوورى نێوان دەوڵەتانەوە، ئێوە باسى دەوڵەتى ئیسرائیلتان کرد، بەڵام وەک ئاشکرایە کە تا ئێستا ئەم دەوڵەتە سنوورێکى جێگیر و دیاریکراوى نییە، لێکدانەوەتان بۆ ئەم پرسە چییە؟**

- لە راستیدا ئەوەى پەیوەست بێت بە کێشە و ناکۆکیى ئیسرائیل و فەلەستینەوە، ئەوا سنوورەکان جێگیر و دیاریکراو نین، واتە سەربارى ئەوەى کە ئیسرائیل سنوورێکى دیار و چەسپاویشى نەبووە، بەڵام تواناى ئەوەى هەبووە ببێتە دەوڵەتێکى دامەزراوەیى بەهێز، ئەگەرچى لە ماوەى رابردوودا تووشى دژوارى بووەتەوە، مەبەستمە بڵێم لەبەر ئەوەى دەوڵەتێکى فەلەستینى لە ئارادا نییە، ئەوا سنوورەکانى ئیسرائیلیش دیاریکراو نین، کە ئەمەش خۆى لە خۆیدا بووەتە سەرچاوە و هۆکارى ناسەقامگیرى لەو ناوچەیەدا.

*** بەڵام دەبینین ناوبەناو ئەو ناسەقامگیرى و نائارامییەش سەردەکێشێت و سەرى کێشاوە بۆ شەڕ و پێکدادانى خوێناوى، کە کوشتار و کاولکارییەکى زۆریشى لێ کەوتووەتەوە. لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە ئایا دەکرێت دروستبوونى دەوڵەتى فەلەستینى یەکێک بێت لە چارەسەرەکان و ئایا ئەگەر ئەم دەوڵەتە دروست ببێت، دەتوانێت پارێزگارى لە پێگە، یان مانەوەى خۆى بکات؟**

- روونە کە بۆ رۆژگارێکى دوور و درێژە فەلەستینییەکان هەوڵیان داوە و کۆششیان کردووە بۆ ئەوەى دامەزراوەى تایبەت بە خۆیان بنیاد بنێن، هەروەها باوەڕم وایە دەکرێت فەلەستینییەکانیش دەرفەتى ئەوەیان هەبێت، دەوڵەتى خۆیان دابمەزرێنن و دەوڵەتەکەش تا رادەیەک بەهێز و سەقامگیر بێت، بەڵام ئەگەر لە روانگەى ئەو بارودۆخەى ئێستاوە لەم پرسە بڕوانین، ئەوا دروستبوونى دەوڵەتێکى لەم چەشنە ئەگەرێکى زۆر دوورە لە ئێستادا.

*** یەکێک لەو دیاردانەى دیکە کە لە ناوچەى رۆژهەڵاتى ناوەڕاستدا بەدى دەکەین، بریتییە لە داڕووخانى دەسەڵاتى دەوڵەت و لەبەریەک هەڵوەشانەوەى دامەزراوەکانى، کە ئەمەش هەلومەرجى ململانێیەکى خوێناوى و هەڵگیرسانى شەڕى ناوخۆیى دەهێنێتە ئاراوە، بەتایبەتى ئەمە لە هەردوو وڵاتى لیبیا و سوودان و چەند شوێنێکى دیکەدا بەدى دەکرێت. ئایا پێتان وایە تا چ رادەیەک دۆخى ئەم وڵاتانە کاریگەریى نەرێنیى لەسەر ئارامى و سەقامگیریى ناوچەکە دەبێت؟**

- بە دڵنیاییەوە ئەم دۆخانەى دروست بووە لەم وڵاتانەدا، سەقامگیرى و ئارامیى ناوچەیى دەخەنە مەترسییەوە. ئێوە ئاماژەتان بە وڵاتى لیبیا کرد، کە ئێمە دەزانین رژێمەکەى موعەمەر قەزافى لە زۆر رووەوە خراپ بوو بۆ خەڵکەکەى، بەڵام کاتێک ئەم رژێمە رووخا، ئەوا بینیمان کە ئەو بارودۆخە ناهەموارەى هاتە ئاراوە هەر تەنیا لە نێو ئەو وڵاتەدا قەتیس نەبوو، بەڵام ئەو بۆشاییەى لەو وڵاتەدا دروست بووە، بووە هۆى ئەوەى کە چەندین هێز و دەوڵەتى ناوچەکە هەوڵ و کۆششەکانیان بخەنەگەڕ بۆ ئەوەى لە رێى وەکیلەکانیانەوە دەستتێوەردان لە کاروبار و لە رەوتى رووداوەکانى ئەو وڵاتەدا بکەن. مەبەستم ئەوەیە کە بڵێم ئەو بارودۆخەى لە وڵاتێکدا دێتە ئاراوە تەنیا لە سنوورى ئەو وڵاتەدا نامێنێتەوە و ناکۆکى و کێشەکان تەشەنە دەکەن و هەڵدەکشێن، تەنانەت لە وڵاتى سوودانیش(کە ئێوە لە پرسیارەکەتاندا ئاماژەتان پێ کردووە) ئەوا ئەگەرى دەرئەنجامەکانى ئەو شەڕەى لەم وڵاتەدا دروست بووە، بە رادەیەکى گەورە درێژ نەبووەتەوە بۆ وڵاتانى دیکە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەستتێوەردانى دەرەکى لەلایەن وڵاتانى ناوچەکەوە لەم شەڕەدا بەدى دەکرێت و رووى داوە.

*** بەڵام لە هەندێ وڵاتى دیکە، کە شەڕى ناوخۆیى تێیاندا رووى دا، بەتایبەتى سووریا،**



**بینیمان کە چۆن ئەم دۆخە کاریگەری هەبوو لەسەر وڵاتە دراوسێکانی، بەتایبەتی عێراق؟**

- بەڵێ، ئەمە ڕاستە، ئەوەی لە سووریا ڕووی دا، هاتنەئارای هەلومەرجێك بوو کە ڕێکخراوێکی وەك داعش بتوانێت تێیدا سەرهەڵبدات و تەنانەت دەست بەسەر بەشێکی بەرچاوی خاکی عێراقیشدا بگرێت، هەروەها کاریگەریی لەسەر وڵاتی تورکیا و لوبنانیش هەبوو، کەواتە دارووخانی دەوڵەت و دروستبوونی شەڕی ناوخۆیی بۆ دەوڵەتە دراوسێکان و بۆ تێکڕای ناوچەکە بەگشتی مایەی ناسەقامگیری دەبن.

*** پێتان وانییە کە هەندێ ڕووداوی ناوچەکە ئەگەری ئەوەیان هەیە کە نەخشەی هێز و هاوکێشەی هێز لەم ناوچەیەدا بگۆڕن، بەتایبەتی شەڕی غەززە لە نێوان ئیسرائیل و بزوتنەوەی حەماس، یان با بڵێین ئایا بۆچی ڕووداوی لەم چەشنە لەم ناوچەیەدا ڕوو دەدەن و دووبارە دەبنەوە؟**

- ئەوەی پەیوەست بێت بە کەرتی غەززەوە، ئەوا ئەگەر ئێمە لە دۆخی غەززە لە پێش ڕووداو و هێرشەکانی ٧ی ئۆکتۆبەری ساڵی ڕابردوو بڕوانین، ئەوا وەك دەوڵەتێکی ئەمری واقیع وا بوو، لەو ڕووەوە کە هیچ هێزێکی ئەمنیی ئیسرائیل لە نێو کەرتی غەززەدا نەبوو، هەروەها لە لایەن بزووتنەوەی حەماسەوە کۆنترۆڵ کرابوو، لێرەدا مەبەستمە بڵێم کە دەرفەتێکی باش لەبەردەم بزووتنەوەی حەماسدا هەبوو بۆ ئەوەی وەك حکومەتێك کار و ئەرکەکانی ئەدا بکات و لایەنەکانی ژیانی نێو کەرتی غەززە ڕێك بخات، بەڵام بینیمان کە حەماس پتر وەك هێزێکی بەرگری بیری کردەوە، وەك بزووتنەوەیەکی شەڕکەر لەگەڵ ئیسرائیلدا، ئەوەش ڕوون بووەوە کە بزووتنەوەی حەماس زیاتر لە خەمی ئایندەی سیاسیی خۆیدایە، نەك پاراستنی خەڵکە مەدەنییەکە. بۆ نموونە حەماس دەیتوانی ئەو داهاتەی لە دروستکردنی تونێلەکانی نێو کەرتی غەززەدا بەکاری هێنان، بۆ کەمکردنەوەی بێکاری و هەژاریی خەڵکەکە تەرخانی بکردایە، هەر بەوەشەوە نەوەستا، هێرشێکی گەورەی کردە سەر ئیسرائیل لە کاتێکدا کە دەیزانی هێرشێکی لەم شێوەیە تۆڵەکردنەوەیەکی توندی ئیسرائیل بەدوای خۆیدا دەهێنێت، ئەمەش هۆکاری ئەوەیە کە حەماس هێندەی بیر لە پێگەی سیاسیی خۆی دەکاتەوە، هێندە لە خەمی پاراستنی خەڵکە مەدەنییەکەدا نییە.

**حەماس دەیتوانی ئەو داهاتەی لە دروستکردنی تونێلەکانی نێو کەرتی غەززەدا بەکاری هێنان، بۆ کەمکردنەوەی بێکاری و هەژاریی خەڵکەکە تەرخانی بکردایە**

## پڕۆفیسۆر جێفری ڤان دێن بێرگ بۆ گوڵان:

# تا کێشە بنچینەییەکان چارەسەر نەکرێن ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئاشتی بە خۆیەوە نابینێت

جێفری ڤان دێن بێرگ، پڕۆفیسۆری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و سیاسەتی دەرەوە و سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە بەشی زانستی سیاسی و کاروباری نێودەوڵەتی لە زانکۆی درووری، بەڕێوەبەری پڕۆگرامی دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە هەمان زانکۆ. بۆ تاوتوێکردنی هەلومەرجی پڕ لە پشێوی و ئاڵۆزی و شەڕی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ڕۆڵ و ئەدای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بۆ هێورکردنەوەی دۆخەکە و ئیحتیواکردنی ناکۆکی و شەڕەکان و بەرگرتن بە هەڵگیرسانی جەنگێکی هەمەلایەنە و بەرفراوان و پرسی چارەسەرکردنی کێشە بنەڕەتی و بنچینەییەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و چەند بابەت و پێشهاتێکی دیکەی پەیوەندیدار، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجام دا.




* وەك ئاشكرایە كە لە ئێستادا ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە دەست چەندین تەنگژە و شەڕەوە گرفتارە، بە تایبەتی شەڕی غەززە لە نێوان دەوڵەتی ئیسرائیل و بزوتنەوەی حەماسدا، كە ساڵێكی تێپەڕاندووە و ئەم شەڕە نەك هەر كۆتایی نەهاتووە، بەڵكو پتر تەشەنەی كردووە و ئێستاش شەڕێكی سەخت لە نێوان ئیسرائیل و حزبوڵادا هەیە، و هەوڵەكانیش (بە تایبەتی لە لایەن ویلایەتە یەكگرتووەكانەوە) بۆ هێوركردنەوەی دۆخەكە و گەیشتن بە ئاگربەست سەركەوتوو نەبوونە، ئێوە چۆن لە دۆخەكە دەڕوانن؟

- من پێم وایە ئەوەی پەیوەست بێت بە ئەدا، یان ڕۆڵی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكاوە بۆ هێوركردنەوەی هەلومەرجەكە و خستنەگەڕی هەوڵەكان بۆ گەیشتن بە ئاگربەست، ئەوا بە دڵنیاییەوە ئەمریكا كاراكتەرێكی سەرەكییە و ئاراستەی ئیشكردنی ئیدارەی سەرۆك جۆ بایدنیش بەو شێوەیە بوو كە ئەوپەڕی هەوڵ و كۆشش بخاتەگەڕ بۆ ئیحتیواكردن و بەرگرتن بە بڵاوبوونەوە، یان تەشەنەكردنی توندوتیژییەكە، واتە كاركردن بۆ هێوركردنەوەی ناكۆكییەكە و هەر دەستڕۆیشتووییەكی كە هەیبووە بەكاری هێناوە لە بەرانبەر لایەنەكاندا، بۆ ئەوەی خۆیان لە هەڵگرتنی ئەو هەنگاوانە بە دوور بگرن كە دەبنە هۆی هەڵكشانی دۆخەكە. بەڵام ئەوەی تا ئێستا بەدی دەكرێت، ئەوەیە كە ئەم هەوڵانەی ئەمریكا سەركەوتوو نەبوون و دەگوترێت هۆكارێكی ئەوەیە كە وەك پێویست فشاری لەسەر ئیسرائیل و حكومەتەكەی نەتانیاهۆ دروست نەكردووە. هەرچۆنێك بێت،دەتوانین بڵێین: ئەمریكا دەستڕۆیشتوویی دیپلۆماسیی خۆی بەكار هێناوە بۆ ئەوەی لایەنەكان بە وریاییەوە هەڵسوكەوت بكەن، بەڵام هیچ زەمانەتێك نییە كە ئەم هەوڵانە سەركەوتوو بن.

**ئەمریكا دەستڕۆیشتوویی دیپلۆماسیی خۆی بەكار هێناوە بۆ ئەوەی لایەنەكان بە وریاییەوە هەڵسوكەوت بكەن، بەڵام هیچ زەمانەتێك نییە كە ئەم هەوڵانە سەركەوتوو بن**



*** بەڵام دەگوترێت ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەستڕۆیشتووییەکی زۆری هەیە لەم ناوچەیەدا، و تەنانەت ئەگەر پشتیوانیی ئەمریکا نەبوایە ئیسرائیل نەیدەتوانی بەو شێوەیە شەڕ بکات، هەروەها ئەگەر ئاشتی و ڕێککەوتنیش بێتە ئاراوە، ئەوا بێ ئەمریکا بەدی نایەت، ئیدی بۆچی ئەمریکا لەم هەوڵە دیپلۆماسییانەدا سەرکەوتوو نابێت؟**

- لە ڕاستیدا پرسی گەیشتن بە ڕێککەوتن و ئاگربەست گرێ دراوەوە بە دۆخی ناوخۆیی، یان سیاسەتی ناوخۆیی لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە، لە نێویاندا ئیسرائیل و ئێران و لوبنان و سووریا و ...هتد، کە ئەم سیاسەتە ناوخۆییانەش لە دەرەوەی دەستڕۆیشتوویی و کۆنترۆڵی ئەمریکا، یان هەر وڵاتێکی دیکەوەن. کەواتە ئەگەر وەڵامەکە پوخت بکەمەوە، ئەوا دەکرێت بڵێم: ئەوەی لە ئێستادا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەگوزەرێت، بەرجەستەبوونی لاوازبوونی دەستڕۆیشتوویی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە بۆ کاریگەربوونی لەسەر ڕەوتی ڕووداو و پێشهاتەکان.

*** بەڵام دەگوترێت کە بڕیاری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە سەرۆکایەتیی جۆ بایدن بۆ بەهێزکردنی ئامادەبوونی سەربازیی ئەمریکی لە ناوچەکە، وەک ناردنی کەشتییە فڕۆکەهەڵگرەکان و لە ئێستادا جێگیرکردنی سیستمی سادی دژە مووشەکی لە ئیسرائیل، هەوڵێک یان پەیامێکە بۆ ئەوەی لایەنەکان بیر لەوە نەکەنەوە، جەنگەکە بەرەو ئاستێکی مەترسیدارتر ببەن، لێکدانەوەی ئێوە لەم ڕووەوە چییە؟**

- ئەوەی ئێوە ئاماژەی پێدەکەن، ڕێی تێ دەچێت، بەڵام پێم وایە تاکە لایەنێک کە ئەگەر بکەوێتە ژێر کاریگەریی ئەم کارەی ئەمریکاوە ئێرانە، بەتایبەتی کاتێک کەشتیی فڕۆکەهەڵگر ڕەوانەی ناوچەکە دەکات، واتە ئەمە پەیامێکە بۆ ئێران و بۆ بەرپەرچدانەوەی ئێرانە و بۆ ئەوەی هەنگاو بەرەو هەڵکشاندنی دۆخەکە نەبات، واتە دەکرێت ئەمە وەک بەرپەرچدانەوەیەکی سەربازی لێک بدرێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئێران باش دەزانێت کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا خواستێکی زۆری نییە بۆ ئەوەی ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ لە نێوانیاندا ڕوو بدات، واتە لە نێوان ئەمریکا و ئێراندا، بەڵام ئەگەر بپرسین ئەمە تا چ ڕادەیەک سەرکەوتوو بووە؟ ئەوا پێوانەکردنی ڕادەی سەرکەوتنی ڕەدعی سەربازی هەمیشە کارێکی قورس بووە، چونکە چۆن دەزانیت کە لایەنێک بە نیازی ئەنجامدانی کارێک بووە و بەهۆی ڕەدعە سەربازییەکەوە لێی پاشگەز بووەتەوە، واتە ئەمە هەمیشە وەک گریمانەیەک دەمێنێتەوە. هەرچۆنێک بێت دەکرێت بڵێین ڕەنگە هەندێ کاریگەریی هەبووبێت، هەروەها دەبێت ئەوەش نادیدە نەگرین کە ئێرانیش خواستی ئەوەی نییە بچێتە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی ڕاستەوخۆوە لەگەڵ ئەمریکا، بەڵام لە هەمان کاتدا دەیەوێت لە ڕێی وەکیلەکانیەوە درێژە بە دەستڕۆیشتوویی خۆی بدات، وەک حزبوڵڵای لوبنانی، حوسییەکان لە یەمەن و بزووتنەوەی حەماس و ئەوانی دیکە، کە ئەمەش ستراتیژیەتێکی کاریگەرە لە دروستکردنی فشار و لە دوورخستنەوەی

**ئەوەی لە ئێستادا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەگوزەرێت، بەرجەستەبوونی لاوازبوونی دەستڕۆیشتوویی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە بۆ کاریگەربوونی لەسەر ڕەوتی ڕووداو و پێشهاتەکان**

**ئێران باش دەزانێت کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا خواستێکی زۆری نییە بۆ ئەوەی ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ لە نێوانیاندا ڕوو بدات**





ئەگەری پێکدادانی ڕاستەوخۆی سەربازی لەگەڵ ئێراندا.

*** توێژەر و شارەزایانی کاروبارەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەوە دووپات دەکەنەوە کە هەموو ئەو کێشە و شەڕ و تەنگژانەی دروست دەبن، تەنیا دەرئەنجامن و نیشانەی نەخۆشییەکەن، واتە تاوەکو کێشە بنەڕەتی و بونیادییەکانی ئەم ناوچەیە چارەسەر نەبن، ئەوا ئەم ناوچەیە مەحکوومە بە دووبارەبوونەوەی شەڕ و پشێوییەکان، پێتان وایە بۆچی تا ئێستا بەم ئاراستەیە کار نەکراوە؟**

- ئەوەی ئێوە ئاماژەی پێدەکەن بەداخەوە دەقاودەق ڕاستە، واتە چەندین کێشەی بنەڕەتی و بنچینەیی هەن کە پێویستە چارەسەر بکرێن و یەکلا بکرێنەوە، ئەگەر چارەسەر نەکرێن، ئەوا شەڕ و توندوتیژی یەخەی ئەم ناوچەیە بەرنادەن. بۆ نموونە پێویستە کێشەی فەلەستین بە شێوەیەکی دادپەروەرانە چارەسەر بکرێت، هەروەها پێویستە دۆخی ناوچەکە هێور بکرێتەوە بە شێوەیەك کە دادپەروەری بەدی بێت. دواتر دەبێت ئەوەمان لەبەرچاو بێت کە ئاشتی، یان بەدیهێنانی ئاشتی هەواڵێکی ناخۆشە بۆ تیرۆریست و توندڕەوەکان، چونکە ئەوان لە غیابی ئاشتیدا گەشە دەکەن و بەهێز دەبن، کەواتە باشترین ستراتیژیەتی درێژخایەن بریتییە لە چارەسەرکردنی کێشە بنەڕەتییەکان و دەرهێنانی بەڕەکە لە ژێر پێی توندڕەوەکان و نەهێشتنی ئەو زەمینەیەیە کە تێیدا دەتوانن برەو بە پەیام و تێڕوانینی خۆیان بدەن، ئەگەر ئەمەش نەکرێت، ئەوا ناتوانرێت بازنەی بەردەوامبوونی توندوتیژی بشکێندرێت.

*** هەروەك ئاشکرایە کە لە چەند مانگی داهاتوو سەرۆك جۆ بایدن دەسەڵات ڕادەست دەکاتەوە و دۆناڵد ترەمپ، یان کامیلا هاریس جڵەوی دەسەڵات لە کۆشکی سپی دەگرنە دەست، پرسیار ئەوەیە ئایا جیاوازییان لە مامەڵەکردنیان لەگەڵ کێشەکانی ئەم ناوچەیەدا چی دەبێت؟**

- پێم وایە ئەگەر کامیلا هاریس دەسەڵات بگرێتە دەست، ئەوا پتر سیاسەتەکانی درێژەپێدەری هەمان ڕێچکەی ئێستای ئیدارەی جۆ بایدن دەبن، چونکە لەو بڕوایەدا نیم کە جیاوازییەکی زۆر هەبێت لە نێوان کامیلا و بایدن لە ڕووی سیاسەت و جیهانبینییانەوە، ڕەنگە تاکە جیاوازییش ئەوە بێت کە بۆی هەیە کامیلا هاریس پتر تەرکیز لەسەر پرسی فەلەستین بکات و پتر ئامادە بێت بۆ بەکارهێنانی دەستڕۆیشتوویی ئەمریکا بۆ فشار دروستکردن لەسەر ئیسرائیل بۆ ئەوەی ناچاری بکات، سازشی پێویست بکات، بەڵام ئەگەر دۆناڵد ترەمپ سەرکەوتوو بێت، ئەوا بۆی هەیە زیاتر سیاسەتی تاکلایەنەی پشتیوانیکردن لە ئیسرائیل پیادە بکات، واتە پتر لایەنگری لە بنیامین نەتانیاهۆ و سیاسەتە توندەکانی بکات، بە چەشنێ ئەوەی لە سەردەمی ئیدارەی پێشووی دۆناڵد ترەمپدا بەدیمان کرد، گۆڕانی بەرچاومان لە سیاسەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە بەرانبەر ئیسرائیل بینی، ئەوە بوو ئیدارەی دۆناڵد ترەمپ ڕازی بوو بە گواستنەوەی باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە ئیسرائیل بۆ قودس، لەگەڵ ددانپێدانانی بە سەروەری و دەسەڵاتی ئیسرائیل بەسەر بەرازییەکانی جۆلانەوە.

**ئێرانیش خواستی ئەوەی نییە بچێتە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی ڕاستەوخۆوە لەگەڵ ئەمریکا، بەڵام لە هەمان کاتدا دەیەوێت لە ڕێی وەکیلەکانیەوە درێژە بە دەستڕۆیشتوویی خۆی بدات**

**بەدیهێنانی ئاشتی هەواڵێکی ناخۆشە بۆ تیرۆریست و توندڕەوەکان، چونکە ئەوان لە غیابی ئاشتیدا گەشە دەکەن و بەهێز دەبن**



قۆناغێکی نوێ لە پرۆسەی سیاسیی هەرێمی کوردستاندا

# ئاکامەکان و ڕێژەی بەرزی بەشداریی هاووڵاتیان لە هەڵبژاردنەکاندا



**ڕێز لەو ئیرادە گەورەیە بگیرێت کە نایەوێت سازش لەسەر چارەنووسی دامەزراوە شەرعییەکانی قەوارەی هەرێمی کوردستان بکرێتەوە**

**ئاستی بەرزی بەشداریی هاووڵاتیان ئەو پەیامە بوو کە خەڵکی کوردستان دەنگی بە ئایندە و چارەنووسی هەرێمی کوردستان داوە**

**ئاپۆڕای جەماوەر لە بەشداریکردنیان لە هەڵبژاردنی ئەمجارە، ئەو پەیامە بوو بە هەموو لایەکیان ڕاگەیاند، کە ڕێگە نادەن پێکەوەژیانی ئاشتییانەی نێوان نەتەوە و ئایینەکانی کوردستان بۆ بەرژەوەندیی حزبە سیاسییەکان بشێوێندرێت**

هەڵبژاردنەکانی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان کە لە ٢٠ی ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠٢٤ بە سەرکەوتوویی بەڕێوەچوو، لەبەر ڕۆشنایی ئاکامە بەراییەکان و ڕێژەی بەشداریی هاووڵاتیاندا کە ٧٢٪ی تێپەڕاندووە، لە ژینگەیەکی سیاسی و یاسایی ئەوتۆدا بەڕێوە چوو کە زۆر جیاواز بوو لە هەڵبژاردنەکانی پێنج خولەکەی پێشووی پەرلەمان و، لە کاتێکدا بوو کە پەرلەمانی کوردستان و کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی هەرێم، بە بڕیارێکی دادگای فیدراڵیی عێراقی هەڵوەشێندرابووەوە و بە هەمان بڕیار دەستکارییەکی زۆری «یاسای هەڵبژاردنەکان»ی هەرێمی کوردستانیش کرابوو. لە ناو ئەم واقیعەدا ئیرادەی گەلی کوردستان چەند پەیامێکی گەیاندە هەموو حزبە سیاسییەکانی بەشداربوو، کە گرنگە بە وردی هەڵوەستەی لەسەر بکرێت و ڕێز لەو ئیرادە گەورەیە بگیرێت کە نایەوێت سازش لەسەر چارەنووسی دامەزراوە شەرعییەکانی قەوارەی هەرێمی کوردستان بکرێتەوە، کە لێرەدا بەچەند خاڵ ئاماژەیان پێ دەکەین:

- ئاستی بەرزی بەشداریی هاووڵاتیان ئەو پەیامە بوو کە خەڵکی کوردستان دەنگی بە ئایندە و چارەنووسی هەرێمی کوردستان داوە، بەشداریی هەڵبژاردنی کردووە و چووەتە سەر سندووقەکانی دەنگدان بۆ ئەوەی ئەو پەرلەمانەی کە «بەرزترین دەسەڵاتی یاسادانانە» لە وڵاتدا بە یاسایەکی دادگای فیدراڵی پەك خراوە، دەیەوێت بە ئیرادەی خۆی بونیادی بنێتەوە.
- بەشدارییان کرد و دەنگیان دا بۆ ئەوەی پەرلەمانی کوردستان دەست بکاتەوە بە پرۆسەی یاسادانان، ڕاستکردنەوە و دووبارە هەموارکردنەوە و داڕشتنەوەی ئەو یاسایانەی کە کۆمیسیۆنی سەربەخۆی باڵای هەڵبژاردن و ڕاپرسیی هەرێمی پەك خستووە و دووبارە ئەم کۆمیسیۆنە بونیاد بنرێتەوە.
- ئاپۆڕای جەماوەر لە بەشداریکردنیان لە هەڵبژاردنی ئەمجارە، ئەو پەیامە بوو بە هەموو لایەکیان ڕاگەیاند، کە ڕێگە نادەن پێکەوەژیانی ئاشتییانەی نێوان نەتەوە و ئایینەکانی کوردستان بۆ بەرژەوەندیی حزبە سیاسییەکان بشێوێندرێت، دەبێت پێکەوەژیانی ئاشتییانە کە سیمای گەشی هەرێمی کوردستانە لەسەر ئاستی ناوچەکە و جیهان، وەك خۆی بمێنێتەوە و ئەو تابلۆ جوانە نەشێوێندرێت.
- بەشداریی فیستیڤاڵئاسای هاووڵاتیان لەم هەڵبژاردنەدا پێی گوتین: چیتر خەڵکی کوردستان قبووڵ ناکەن ئەم هەرێمە خاوەنی «دەستوور»ی خۆی نەبێت، دەبێت لەم خولەی پەرلەماندا دەستوور بنووسرێتەوە و ئەو دەستورە ببێتە چوارچێوەیەك کە لە کوردستاندا تەنیا «یەك هەرێم، یەك پەرلەمان، یەك حکومەت، یەك هێزی پێشمەرگە» هەبێت.

حزبەکانی کوردستان ئەگەر بەوەفا بن بۆ ئاستی بەرزی بەشداریی هاووڵاتیان لە هەڵبژاردنەکانی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان، فەرز دەبێت لەسەریان ملکەچی ئیرادەی سندووقەکانی دەنگدان بن و لە ماوەیەکی کورتدا هەم هاوپەیمانی بۆ پێکهێنانی کابینەی دەیەم پێك بهێنن و هەمیش هاوپەیمانی بۆ پێکهێنانی ئۆپۆزسیۆنێکی بەهێز لە پەرلەماندا دروست بکەن.

لە پرۆسەی هەڵبژاردندا، مەحەکی شەرعییەتی دروست بۆ حوکمڕانیی تەندروست ئاستی بەرزی بەشداریی هاووڵاتیانە، لە پرۆسەی هەڵبژاردندا کە ئاستی بەشداریی هاووڵاتیان زۆر بەرز بێت، کەم تا زۆر حزبەکان گلەییان لە قەبارەی ڕاستەقینەی خۆیان دەبێت، بۆیە گرنگە بەرزتر سەیری پرۆسەکە بکەن و گەشبین بن بەوەی گەلی کوردستان کۆی پرۆسەی هەڵبژاردنی بردووەتەوە .

**● لە سیستمی نوێنەرایەتیی ڕێژەییدا هاوپەیمانیەتی بەهێزی حزبە سیاسییەکان مەحەکە**

لە سیستمی حوکمڕانی کە تیایدا نوێنەرایەتی ڕێژەییە، سەقامگیریی «سیاسی و حوکمڕانی» لە پرۆسەی سیاسیی وڵاتدا پەیوەستە بە ئاستی لێکتێگەیشتن و هاوپەیمانیی نێوان ئەو حزبە سیاسییانەی کورسیی پەرلەمانیان بەدەست هێناوە، ئەم هاوپەیمانییەش دەکرێت لە نێوان چەند حزبێکی براوەدا بێت بۆ پێکهێنانی حکومەت، هەروەها دەکرێت لە نێوان چەند حزبێکی براوەدا بێت بۆ پێکهێنانی ئۆپۆزسیۆنێکی بەهێز.

سرووشتی سیستمی حوکمڕانیی ڕێژەیی، بەتایبەتی کە هیچ بەربەستێك بۆ حزبەکان نەبێت بۆ گەیشتنیان بە پەرلەمان، بە شێوەیەکی گشتی سەقامگیریی پەرلەمانی تا ڕاددەیەك شلۆق دەکات و بەو سەقامگیرییە پەرلەمانییە بەراورد ناکرێت، کە لە سیستمی بازنەیی هەیە، کە تەواوی بازنەکە بۆ ئەو لایەنە ساغ دەبێتەوە، کە زۆرینەی دەنگی ئەو بازنەی بەدەست هێناوە، هەر بۆیە بۆ دانانی بەربەستێك بۆ ڕێگرتن لەو سەقامگیرییە شلۆقە و بۆ ئەوەی ژمارەی نوێنەری حزبەکان لە ناو پەرلەماندا جڵەوگیر بکرێت، ڕێژەیەك دادەنرێت وەك بەربەستێك بۆ ئەوەی هەر حزبێك ئەو بەربەستە تێنەپەڕێنێت، ناتوانێت کورسیی پەرلەمان بەدەست بهێنێت. لە ئێستای سیستمی هەڵبژاردنەکانی دەوڵەتی تورکیادا کە دراوسێمانە بەربەستەکە بە ١٠٪ دیاری کراوە و، لای ئێمە لە هەڵبژاردنەکانی ئایاری ساڵی ١٩٩٢ بەرەی کوردستانی ڕێژەی ٧٪ی دیاری کردبوو.

لە خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستانەوە کە تا ڕاددەیەك ڕێککەوتنی ستراتیژیی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بەهۆی جیابوونەوەی بزووتنەوەی گۆڕان لە یەکێتی، کەلێنێکی گەورەی تێکەوت، سەقامگیریی پەرلەمانیش لە ناو پەرلەمانی کوردستاندا تا ڕاددەیەك بەرەو ناسەقامگیری چوو، هەر بۆیە لە کابینەی شەشەم و حەوتەمی هەرێمی کوردستاندا نە حکومەت توانی وەك ئەوەی دەیویست بەرنامەکەی خۆی جێبەجێ بکات، نە پەرلەمانیش توانی بە سەرکەوتوویی ئەو ڕۆڵە گرنگەی خۆی لە چاودێریی ئەدای حکومەت و لێپرسینەوە لە ئەندامانی کابینەکان پیادە بکات.

لە کابینەی هەشتەمدا بۆ ئەوەی دووبارە سەقامگیریی پەرلەمانی بۆ کاری پەرلەمانی کوردستان بگێڕێتەوە، هەوڵ درا هاوپەیمانیەتییەکی بەهێز لە نێوان ئەو پێنج لایەنە (پارتی، گۆڕان، یەکێتی، یەکگرتوو، کۆمەڵ ) پێك بهێنرێت کە زۆرترین کورسییەکانی پەرلەمانیان بۆ پێکهێنانی حکومەت بەدەست هێنابوو، ئەم هاوپەیمانییە بەهێزە کە کابینەی هەشتەمی لەسەر پێك هێنرا، لەگەڵ ئەوەی لەگەڵ پێکهێنانی ئەم کابینەیەدا هەرێمی کوردستان تووشی شەڕێکی داسەپێنراوی تیرۆریستانی داعش بووەوە، هەروەها شاڵاوێکی گەورەی دوو ملیۆنیی ئاوارە و پەنابەر لە پارێزگاکانی عێراق و دەوڵەتانی دەوروبەرەوە ڕووی تێکرد، لە سەرووی هەموو ئەمانەشەوە حکومەتی عێراقیش پشکی هەرێمی کوردستانی لە بوودجەی عێراق بڕیبوو، بەڵام لە ١٨ مانگی کابینەی هەشتەمدا توانرا هەموو ئالنگاری و ئاستەنگەکان تێپەڕێنرێت و هێزی پێشمەرگە تیرۆریستانی داعش وەك ئەفسانە تێك بشکێنێت و پێگەی کوردستان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی شکۆی دەوڵەتێکی وەرگرت، بەڵام کە لە حوزەیرانی ساڵی ٢٠١٥ ئەو سەقامگیرییەی ناو پەرلەمان بەدەستی ئەنقەستی بزووتنەوەی گۆڕان و بە پشتگیریی سێ لایەنەکەی دیکە تێك درا، بووە هۆکاری ئەوەی نەتوانین ئەوەی ماوە بەدەستی بهێنین.

لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا کە لە تەموزی ساڵی ٢٠١٩ لەبەر ڕۆشنایی هاوپەیمانیی «پارتی، یەکێتی، گۆڕان» دامەزرێندرا، ئامانج لەم هاوپەیمانیەتییە ئەوە بوو کە هەم هاوپەیمانییەکی بەهێز لە ناو حکومەتدا هەبێت، هەمیش لە ناو پەرلەماندا بەرەیەکی ئۆپۆزسیۆنی بەهێز هەبێت، کابینەی نۆیەم بە سەرۆکایەتیی مسرور بارزانی، هەوڵی یەکەمی ئەوە بوو کە پەرلەمان ڕۆڵی چاودێریکردنێکی بەهێزی ئەدای حکومەت بگێڕێت، هەر بۆیە لەم کابینەیەدا بێجگە لەوەی هەموو وەزیرەکان بەبێ جیاوازی چوونە بەردەم پەرلەمانتاران و بە شەفافانە وەڵامی پرسیاری پەرلەمانتارانیان دایەوە، سەرۆکی حکومەت و جێگرەکەشی چوونە ناو پەرلەمان و بۆ ماوەی زیاتر لە ١٢ کاتژمێر بە ڕێگەی پەخشی ڕاستەوخۆی ناو پەرلەمان، وەڵامی پرسیاری پەرلەمانتارانیان دایەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی بەرنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر بنەمای «چاکسازی» لە کۆی سێکتەرەکانی حکومەت داڕێژدرابوو، لە کاتی جێبەجێکردنی

**بەشداریی ڤیستیڤاڵئاسای هاووڵاتیان لەم هەڵبژاردنەدا پێی گوتین: چیتر خەڵکی کوردستان قبووڵ ناکەن ئەم هەرێمە خاوەنی «دەستوور»ی خۆی نەبێت**

**دەبێت لەم خولەی پەرلەماندا دەستوور بنووسرێتەوە و ئەو دەستورە ببێتە چوارچێوەیەك کە لە کوردستاندا تەنیا «یەک هەرێم، یەک پەرلەمان، یەک حکومەت، یەک هێزی پێشمەرگە» هەبێت**

**لە پرۆسەی هەڵبژاردندا کە ئاستی بەشداریی هاووڵاتیان زۆر بەرز بێت، کەم تا زۆر حزبەکان گلەییان لە قەبارەی ڕاستەقینەی خۆیان دەبێت**

ئەم بەرنامەیەدا بەرژەوەندیی حزبەکان بەتایبەتی بەرژەوەندی «یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان» دەکەوتە مەترسییەوە، سەرەتا هەوڵیان دا ناسەقامگیری لە ناو ئەنجومەنی وەزیراندا دروست بکەن، بەڵام کە ئەمەیان پێ نەکرا و مسرور بارزانی سەرۆکی کابینەی نۆیەم پێداگریی لەسەر ئەوە کرد کە حکومەت دەبێت وەك یەك تیم پێکەوە کاربکەن و بڕیارەکان جێبەجێ بکەن، ئەوا ناسەقامگیرییەکەیان گواستەوە بۆ ناو پەرلەمان و سەرەنجامیش وەك بینیمان بە پەکخستنی پەرلەمانی کوردستان کۆتایی هات.

کەواتە ئەم باکگراوەندی ناسەقامگیرییە لە ناو پەرلەمانی کوردستاندا، ئەوەمان پێ دەڵێت کە دەبێت خەمی سەرەکیی پارتی دیموکراتی کوردستان پێش پێکهێنانی کابینەی دەیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، دووبارە گێڕانەوەی سەقامگیریی پەرلەمانی بێت، بۆ کارەکانی پەرلەمانی کوردستان، سەقامگیرییش بەو مانایەی کە پێویستە هاوپەیمانییەکی بەهێز لە نێوان حزبە سیاسییەکاندا بۆ پێکهێنانی حکومەت لەسەر بنەمای بڕوابوون و پابەندبوونی ئەو حزبانە بێت بە بەرنامەی حکومەت و کارکردن بۆ جێبەجێکردنی ئەو بەرنامەیە، بە هەمان شێوەش ئەو لایەنانەشی کە دەبنە ئۆپۆزسیۆن، ئەو ڕاستییەیان لە بەرچاو بێت، ئەگەر حزبەکانی ئۆپۆزسیۆن وەك ئۆپۆزسیۆن و بۆ خزمەتی خەڵك ئەرکەکانی خۆیان جێبەجێ بکەن و چاودێریی حکومەت بکەن و لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکەن، ئەوا حوکمڕانیی تەندروست و باش لە وڵاتدا دەچێتە سەر سکەی خۆی.

## کابینەی دەیەم و پەند و وانە لە ناسەقامگیریی کاری پەرلەمانیدا

ئەگەر بەرنامەی کابینەی نۆیەم وەك لە چەند ساڵی ڕابردوودا بینیمان، بریتی بووبێت لە «چاکسازی، ڕاگرتنی گەندەڵی، بونیادنانەوەی کۆی ژێرخانەکانی حوکمڕانی لە کوردستاندا»، ئەوا وەك لە گوتارەکانی مسرور بارزانی چەندین جار گوێمان لێ بووە، بەرنامەی کابینەی دەیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان «شۆڕشی ئاوەدانی» دەبێت لە کۆی سێکتەرەکانی ژیانی کۆمەڵگەی کوردستاندا.

سەرکەوتنی «شۆڕشی ئاوەدانی» کە خواستی هەر هاووڵاتییەکی کوردستانە، بە جیاوازیی ئایین و نەتەوە و بیروبۆچوونی سیاسییەوە، پێش ئەوەی پێویستی بە ژێرخان و ئیمکانییەتی ماددی هەبێت، پێویستی بە سەقامگیریی ئەمنی و سەقامگیریی سیاسی هەیە، بۆ ڕاستیی ئەم بۆچوونەش حکومەتی عێراق لە دوای ساڵی ٢٠٠٤ەوە هەتا ئێستا ئیمکانیەتی زیاتر لە دوو ترلیۆن دۆلاری لە بەردەست بووە، بەڵام هێشتا لە بەشی هەرە زۆری هەر ١٥ پارێزگاکەی عێراقدا بە بەغدای پایتەختیشەوە، کێشەی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان، بۆ نموونە «ئاوی پاکی خواردنەوە و کارەبا» لە لوتکەی هەموو کێشەکاندایە، ڕاستە لە هەرێمی کوردستانیشدا کێشەی «ئاوی پاکی خواردنەوە و کارەبای ٢٤ کاتژمێری» بە تەواوەتی چارەسەر نەکراون، بەڵام ژێرخانی چارەسەرکردنی ئەم کێشانە ئامادە کراون و لە ئایندەیەکی زۆر نزیکدا ئەگەر سەقامگیریی سیاسیی هەبێت، لە سەرانسەری کوردستاندا چارەسەر دەبێت.

باشترین میکانیزم بۆ دروستکردنی ژینگەیەك کە سەقامگیریی سیاسی بۆ پرۆسەی سیاسیی هەرێمی کوردستان بگێڕێتەوە، دووبارە تەرجەمەکردنی ئەو ئیرادەیەیە کە دەنگدەرانی کوردستان لە ناو چوار بازنەی هەڵبژاردنی هەر چوار پارێزگاکەی کوردستاندا پیشانی داین، کە ئاماژەیە بۆ ئەوەی دەبێت لەبەر ڕۆشنایی ئەو دەنگدانەدا، لامەرکەزییەت فراوان بکرێت و مەرکەزییەت بەرتەسك بکرێتەوە، لەمەش ڕاشکاوانەتر لەبەر ئەوەی داهاتی کوردستان بەپێی ڕێژەی دانیشتووانی هاووڵاتیان بەسەر پارێزگاکاندا دابەش دەکرێت، ئەوا گرنگە حکومەتی خۆجێیەتیی ئەو پارێزگایە بەرپرس بێت لە شێوازی هەڵسووڕاندنی ئەو داهاتەی دەدرێتە ئەو پارێزگایانە بە یەکسانی، ئەمەش دەبێت لە پرۆژەکان و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکاندا ڕەنگدانەوەی هەبێت و بەرژەوەندیی تەسکی حزبایەتی نەبێتە هۆکارێك

**کابینەی نۆیەم بە سەرۆکایەتیی مسرور بارزانی، هەوڵی یەکەمی ئەوە بوو کە پەرلەمان ڕۆڵی چاودێریکردنێکی بەهێزی ئەدای حکومەت بگێڕێت**

**لە حوزەیرانی ساڵی ٢٠١٥ ئەو سەقامگیرییەی ناو پەرلەمان بەدەستی ئەنقەستی بزووتنەوەی گۆڕان و بە پشتگیریی سێ لایەنەکەی دیکە تێک درا، بووە هۆکاری ئەوەی نەتوانین ئەوەی ماوە بەدەستی بهێنین**

**دەبێت خەمی سەرەکیی پارتی دیموکراتی کوردستان پێش پێکهێنانی کابینەی دەیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، دووبارە گێڕانەوەی سەقامگیریی پەرلەمانی بێت، بۆ کارەکانی پەرلەمانی کوردستان**




داهاتەکە قۆرخ بکرێت و یاری بە قووتی هاووڵاتیان بکرێت و، پاشان لە بانگەشەی هەڵبژاردندا لە دژی حکومەت، یان لایەنێکی سیاسیی دیاریکراو بەکاری بهێنێتەوە.

واقیعی نوێی دوای هەڵبژاردنەکانی ٢٠ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٤، بەرەو ئەو ئاراستەیە دەچێت کە لە خولی حەوتەمی پەرلەمانی کوردستاندا هاووڵاتیان لەسەر بنەمای ئەو خزمەتگوزارییانەی پێشکەشیان دەکرێت، نوێنەرەکانی خۆیان هەڵدەبژێرن و دەنگ دەدەن بۆ ئەوەی ئەدای حکومەتەکەی خۆیان ببینن. ئەم واقیعەمان لە هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستاندا بینی و تەنیا لە ماوەی کەمتر لە سێ ساڵدا (لە هەڵبژاردنی ئۆکتۆبەری ٢٠٢١ بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق هەتا هەڵبژاردنەکانی ٢٠ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٤ی پەرلەمانی کوردستان) ڕێژەی دەنگەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بە زیاتر لە ٢٠٠ هەزار دەنگ هەڵکشاوە.

هەڵکشانی دەنگەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بەم ڕێژە بەرزە، ئومێدی گەورەی هاووڵاتیانی کوردستانی لێ دەخوێنرێتەوە بە کابینەی دەیەم و، لە کابینەی نۆیەمیشدا بەرپرسیارێتیی سازشنەکردن لەسەر مافەکانی خەڵکی کوردستان و سەقامگیری لە ناو کابینەکە و کارکردن وەك یەك تیم، ئیرادەی پارتی دیموکراتی کوردستان و پێداگریی مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەت پاراستنی، بۆ کابینەی دەیەمیش کە ئاراستەکان بەو جۆرەن کە هەر مسرور بارزانی سەرۆکایەتیی دەکات، ئەوا ئەرکی یەکەمی ئەو کابینەیە ئەو دەبێت «خۆشگوزەرانیی هاووڵاتیان» سەنتەر بێت و «شۆڕشی ئاوەدانی» لە هەموو کوردستاندا سەرکەوتنی گەورە بەدەست بهێنێت.

**واقیعی نوێی دوای هەڵبژاردنەکانی ٢٠ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٤، بەرەو ئەو ئاراستەیە دەچێت کە لە خولی حەوتەمی پەرلەمانی کوردستاندا هاووڵاتیان لەسەر بنەمای ئەو خزمەتگوزارییانەی پێشکەشیان دەکرێت، نوێنەرەکانی خۆیان هەڵدەبژێرن و دەنگ دەدەن بۆ ئەوەی ئەدای حکومەتەکەی خۆیان ببینن**

# دوای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان چی بکرێت باشە؟





**پ. د.کامەران ساڵحی**
شرۆڤەکاری سیاسیی سەربەخۆ
بۆ گوڵانی نووسیوە

کابینەی تازەی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە پارتی دیموکراتی کوردستان سەرکردایەتی دەکات، ئەو ئەرکەی دەکەوێتە سەر شان کە بەردەوام لەگەڵ پەرلەمانی کوردستاندا هاوکار و لەسەر هێڵ بێت، دیارە لەمەشدا ڕۆڵی هەموو حزبە نیشتمانپەروەرەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دیار و بەرچاو دەبێت، لە ڕووی دانانی پلانی هاوبەش بۆ بەرەوڕووبوونەوەی قەیران و ئاستەنگ و ئاریشەکانی بەردەم جێبەجێکردنی بەرنامەی حکومەت و خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکان.

جا لەبەر ئەوەی کە قۆناغی داهاتوو، قۆناغی کارکردن و تێپەڕاندنی قەیرانەکان و بنیادنانی کۆمەڵگەیەکی گەشەسەندووە، چاکتر وایە ئەو حزبانەی کە بەشداریی کابینەی تازەی حکومەت دەکەن، کەسایەتیی بەتوانا و لێهاتوو و کارامە و دڵسۆز بۆ وەرگرتنی پۆستی وەزارەتەکان دەستنیشان بکەن، هەروەها پارتی دیموکراتی کوردستان بەو پێیەی گەورە حزبی براوەیە، بەرپرسیارە لە پەیوەندی لەگەڵ هەموو حزبەکان، هەر یەکەیان بە قەبارەی خۆی، هەتا ئەوانەی کە براوەش نەبوون، بۆ ئەوەی بە گیانی لێکگەیشتن و ڕێز و پێزانینەوە دانوستان و گفتوگۆ لەسەر خاڵە گرنگەکانی بەرژەوەندیی باڵای هەرێم بکەن.



**چاکتر وایە ئەو حزبانەی کە بەشداریی کابینەی تازەی حکومەت دەکەن، کەسایەتیی بەتوانا و لێهاتوو و کارامە و دڵسۆز بۆ وەرگرتنی پۆستی وەزارەتەکان دەستنیشان بکەن**

هەڵمەت و ئەنجامدانی هەڵبژاردن کۆتایی هات، پرۆسەی هەڵبژاردن بە شێوەیەکی ڕوون و شەفاف و بێگەرد بەڕێوە چوو، ئەنجامەکان یەکلایی کرانەوە، پێویستە هەموو لایەك ئێستا ڕووبەڕووی قۆناغێکی تازە ببنەوە، ئەرك و بەرپرسیارییەتێکی زۆریان دەکەوێتە سەرشان، بە براوە و نەبراوەی کورسییەکانی پەرلەمانەوە.

### ئەرکی حزبەکانی ئۆپۆزسیۆن

حزبەکانی ئۆپۆزسیۆن بەر لە هەموو شتێك پێویستە ئەنجامەکان قبووڵ بکەن و ددان بەوەدا بنێن کە ئەم هەڵبژاردنە بێگەرد و شەفاف بووە، سەرەڕای ئەوەی هەر لایەنێك پێی باشە سکاڵای یاسایی هەبێت، لەلایەکی دیکەوە ئەو حزب و لایەنانەی دەیانەوێت ببنە ئۆپۆزسیۆن با خۆیان ئامادە بکەن، بە مەرجێك ماف و ئەرکەکانیان بزانن، بە بەرپرسیارێتییەوە چاودێریی ئەدای حکومەتی داهاتوو بکەن، پێشنیاز و بۆچوونەکانیان لە بەرژەوەندیی چاکسازیی دامەزراوەکاندا بن، بە دڵسۆزیی نیشتمانییەوە بەشداریی یاسا و بڕیارەکان بکەن، بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستان بخەنە سەرووی هەموو بەرژەوەندییەکەوە.

**حزبەکانی ئۆپۆزسیۆن بەر لە هەموو شتێک پێویستە ئەنجامەکان قبووڵ بکەن و ددان بەوەدا بنێن کە ئەم هەڵبژاردنە بێگەرد و شەفاف بووە، سەرەڕای ئەوەی هەر لایەنێک پێی باشە سکاڵای یاسایی هەبێت**

### ئەرکی حزبەکانی بەشدار لە حکومەت

ئەو حزبانەی بەشداریی کابینەی تازەی حکومەت دەکەن، پێش هەموو شتێك پێویستە لەسەر بەرنامەیەکی حکومی ڕێك بکەون، کە بریتی بێت لە هەموو ئەو خزمەتگوزارییانەی لەم چەند ساڵەی تەمەنی کابینەکەدا پێشکەش بە کۆمەڵگەی کوردستانی دەکرێن، واتا قۆناغێکی تازەی گەشەسەندن و بووژانەوە و سەقامگیریی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی بگرێتە خۆ، دەبێت ئەو حزبانەی بەشدارن لە حکومەت هاریکاریی یەکدی بن، هەموو وەزیرەکان وەك یەك تیم کاربکەن لە پێناو بەرژەوەندییە باڵاکانی هەرێمی کوردستاندا.

پارتی دیموکراتی کوردستان کە بۆ پێکهێنانی حکومەت ڕادەسپێردرێت، بەرپرسیارێتیی گەورەی دەکەوێتە ئەستۆ لە بەڕێوەبردنی کاروباری هەرێم، هەروەها لە جێبەجێکردنی داخوازی و پێداویستییەکانی هاووڵاتیان، بەڵێنیش بدات کە ئەرکی سەرشانی خۆی لە باشکردنی ئاستی خزمەتگوزارییەکان بەو پەڕی دڵسۆزی و بەرپرسیارێتییەوە ڕایی دەکات، هەر لە چاککردنی سێکتەرەکانی پەروەردە و تەندروستی و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیدا، هەر وەك جەنابی سەرۆك بارزانی ئاماژەی بەم لایەنە کردبوو، بۆیە پارتی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ حزبە بەشداربووەکانی حکومەت بەرپرسیار دەبن لەهەمبەر بەرگریکردن لە قەوارەی هەرێم و پاراستنی دەستکەوتەکان.

**پارتی دیموکراتی کوردستان کە بۆ پێکهێنانی حکومەت ڕادەسپێردرێت، بەرپرسیارێتیی گەورەی دەکەوێتە ئەستۆ لە بەڕێوەبردنی کاروباری هەرێم**

### پەلەکردن لە پێکهێنانی کابینەی حکومەت

خاڵی لەپێشینە ئەوەیە کە پارتی دیموکراتی کوردستان پەلە بکات لە پێکهێنانی حکومەتێکی ئیئتلافی لەگەڵ ئەو حزبانەی ئارەزووی بەشداریکردنیان لەم کابینەیەدا هەیە، ئەویش بە ڕێککەوتن لەسەر بەرنامەی حکومەت و ئەو دەسەڵاتانەی بە وەزارەتەکان دەدرێت بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکی سەرشانیان.

دەبێ ئەولەویاتی کابینەی تازەی حکومەت ئامادەکردنی یاسای بودجە بێت، هەموو حزبەکانی بەشداریش پشتگیریی هەر هەنگاو و یاسایەك بکەن کە بۆ بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستان دێتە پێشکەشکردن.

کابینەی تازەی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە پارتی دیموکراتی کوردستان سەرکردایەتیی دەکات، ئەو ئەرکەی دەکەوێتە سەر شان کە بەردەوام لەگەڵ پەرلەمانی کوردستاندا هاوکار و لەسەر هێڵ بێت، دیارە لەمەشدا ڕۆڵی هەموو حزبە نیشتمانپەروەرەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دیار و بەرچاو دەبێت، لە ڕووی دانانی پلانی هاوبەش بۆ بەرەوڕووبوونەوەی قەیران و ئاستەنگ و ئاریشەکانی بەردەم جێبەجێکردنی بەرنامەی حکومەت و خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکان.

جا لەبەر ئەوەی کە قۆناغی داهاتوو قۆناغی کارکردن و تێپەڕاندنی قەیرانەکان و بنیادنانی کۆمەڵگەیەکی گەشەسەندووە، بۆیە چاکتر وایە ئەو حزبانەی کە بەشداریی کابینەی تازەی حکومەت دەکەن کەسایەتیی بەتوانا و لێهاتوو و کارامە و دڵسۆز بۆ وەرگرتنی پۆستی وەزارەتەکان دەستنیشان بکەن. هەروەها پارتی دیموکراتی کوردستان بەو پێیەی گەورە حزبی براوەیە، بەرپرسیارە لە پەیوەندی لەگەڵ هەموو حزبەکان هەر یەکەیان بە قەبارەی خۆی، هەتا ئەوانەی کە براوەش نەبوون، بۆ ئەوەی بە گیانی لێکگەیشتن و ڕێز و پێزانینەوە دانوستان

و گفتوگۆ لەسەر خاڵە گرنگەکانی بەرژەوەندیی باڵای هەرێم بکەن. ئەرکی پارتی و ئەو حزبانەی بەشداریی حکومەت دەکەن پاڵپشتی بکەن لە هێنانەکایەی ئۆپۆزسیۆنێکی ڕاست و دروست کە بەدڵسۆزییەوە چاودێریی ئەدای کابینەکە بکەن، ئەمەش هەنگاوێکی گرنگە و وێنەیەکی گەش لە کاروانی دیموکراسیی هەرێم پیشانی دۆست و دوژمن دەدات.

ئەرکێکی دیکەی سەرشانی کابینەی تازەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بریتییە لە ڕێزگرتنی مافی مرۆڤ و جێبەجێکردنی یاساکان و پاڵپشتیکردنی دامەرزاوە دیموکراسییەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و سەربەخۆیی و بێلایەنیی دادگا.

**سوودوەرگرتن لە تواناو شارەزایی حزبەکان**

وەك دەستپێشخەرییەکی نیشتمانی، حکومەت سوود لە توانا و شارەزایی ئەو حزبانە وەربگرێت کە لە هەڵبژاردندا سەرکەوتوو نەبوون، بە جۆرێك بەپێی پێویست لە هەندێك پۆستدا دایانمەزرێنێت، بە تایبەتیش سوودوەرگرتن لە شارەزاییان لە بواری ئابووری و دارایی و یاسایی و تەندروستی و خزمەتگوزارییەکانی دیکەدا بێ جیاوازی، ئەمەش لە ڕوانگەی ئەوەی کە پارتی کوردستان بە نیشتمانی هەموو هاووڵاتییەکی دڵسۆز دەزانێت.

بە دڵنیاییەوە پارتی دیموکراتی کوردستان کە بۆ پێکهێنانی کابینەی تازەی حکومەت ڕادەسپێردرێت، پێویستە بەرنامەیەکی تۆکمە و سەرتاسەری دابنێت، بە بەشداریی حزبەکانی دیکەی نێو ئەم کابینەیە بۆ چەند ساڵی داهاتووی تەمەنی ئەم حکومەتە، ئەم بەرنامەیەش چاکسازیی سیاسی و کارگێڕی لە هەموو دامەزراوەکانی هەرێم لەخۆ بگرێت، شەفافییەت و دەستپاکی لە ئەدای ئەم دامەزراوانە ڕەنگ بداتەوە، هەموو هەوڵ و کۆششێکیش بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی دارایی و کارگێڕی بێت.

سێکتەری ئابووریش زۆر گرنگە، بەتایبەتیش هاندانی وەبەرهێنانی بیانی لە پرۆژە ستراتیژییەکاندا، هاوکات پاڵپشتیی کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت و بیانی و ڕەخساندنی هەلی کار بۆ گەنجانی وڵات.

ئەنجامدانی وەبەرهێنان لە وزەی نوێبووەوەدا لەپێناو پاراستنی ژینگە و گرتنەبەری سیاسەتێکی کارا بۆ بەرەنگاربوونەوەی گۆڕانکاریی کەشوهەوا و بەبیابانیبوون و پاراستنی سامانی سوروشتی. لە هەمان کاتدا پێویستە کابینەی تازەی حکومەت لە گەیاندنی خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکاندا بەردەوام بێت، وەك دروستکردنی پۆند و بەنداو و ڕێگەوبان و پرد و پرۆژەکانی ئاودێری.

ئەرکێکی دیکە کە دەکەوێتە ئەستۆی کابینەی تازە بریتییە لە گۆڕانکاری لە سیستمی پەروەردە و خوێندنی باڵاو ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی بۆ پێکەوەڕۆیی لەگەڵ پەرەسەندن و پێشکەوتنەکانی جیهاندا، هاوسەنگییش لە نێوان سیستمی وەرگرتن لە زانکۆکان لەگەڵ پێداویستیی بازاڕ، هەروەها گرنگیدان بە تەکنەلۆجیا و زانست و پێشخستن و پشتگیریکردن لە ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی نێوان زانکۆکانی وڵات و زانکۆ پێشکەوتووەکانی جیهان بکرێت.

**پەیوەندییەکانی نێوان بەغدا و هەولێر**

خزمەتگوزاریی تەندروستی یەکێکە لە ئەرکە لەپێشینەکانی کابینەی تازە، لەمەدا پێویستە ڕەچاوی بارودۆخی خەڵك بکرێت لە ڕووی دروستکردنی نەخۆشخانە و بنکەی تەندروستی، بەتایبەتیش لە گوندەکان و شوێنە دوورە دەستەکان، هاوکات بە توندی چاودێریی هێنانی دەرمان و پێداویستیی تەندروستی بکرێت.

یەکێك لە ئەرکە نیشتمانییەکانی کابینەی تازە بریتییە لە چۆنێتیی بنیادنانی پەیوەندییەکان لەگەڵ حکومەتی عێراقی فیدراڵ، لەمەشدا پێویستە ڕەچاوی بەرژەوەندییە باڵاکانی هەرێم بکرێت و بەپێی دەستوور و لێکگەیشتنی نێوانیان ئەم پەیوەندییانە ڕێك بخرێنەوە، هەموو ناکۆکی و کێشەکان بە دیالۆگ و ئاشتییانە چارەسەر بکرێن، بۆ دانوستان و شاندکردن پێویستە کەسانی شارەزا و ئەکادیمی و پسپۆڕ دەستنیشان بکرێن، هەموو پەیوەندییەکانی دیکەی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و وەرزشی و ئابووری پتەو بکرێن. لە کۆتاییشدا دەبێت کابینەی تازە هەروەك ڕابردوو هەموو هەوڵێکی بخاتە گەڕ بۆ بڵاوکردنەوەی هۆشیاری لە ڕووی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی و بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەر و قومارخانەکانەوە، تۆکمەکردن و توندکردنی ڕێکارە یاسایی و ئەمنییەکان لە پێناو پاراستنی سەروماڵی هاووڵاتیان و چەسپاندنی بنەماکانی ئاسایش و سەقامگیری لە نێو کۆمەڵگەی کوردستانیدا.

**پارتی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ حزبە بەشداربووەکانی حکومەت بەرپرسیار دەبن لەهەمبەر بەرگریکردن لە قەوارەی هەرێم و پاراستنی دەستکەوتەکان**

**کابینەی تازەی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە پارتی دیموکراتی کوردستان سەرکردایەتیی دەکات، ئەو ئەرکەی دەکەوێتە سەر شان کە بەردەوام لەگەڵ پەرلەمانی کوردستاندا هاوکار و لەسەر هێڵ بێت**

**یەکێک لە ئەرکە نیشتمانییەکانی کابینەی تازە بریتییە لە چۆنێتیی بنیادنانی پەیوەندییەکان لەگەڵ حکومەتی عێراقی فیدراڵ، لەمەشدا پێویستە ڕەچاوی بەرژەوەندییە باڵاکانی هەرێم بکرێت**

دکتۆر سەباح سوبحی
جێگری سەرۆکی لیژنەی نەوت و غاز لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ گوڵان:

# کابینەی دەیەمی هەرێمی کوردستان پەیوەندیی باش و بەهێزی لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی عێراق دەبێت

## دەبێت ئەمساڵ پێش وەرزی زستان نەوتی هەرێمی کوردستان هەناردەی دەرەوە بکرێتەوە

**بۆ ئەوەی بزانین پاش کۆتاییهاتنی هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان ئەو حکومەتەی دادەمەزرێت، پەیوەندی چۆن دەبێت لەگەڵ حکومەتی عێراقی فیدراڵ و گفتوگۆ و لێکتێگەیشتن لەبارەی تەوتین و هەژماری مِن لە چ ئاستێکە، هەروەها تا چەند ئەو کێشە و کۆسپانە چارەسەر کراون کە بوونەتە هۆکاری نەناردنەوەی نەوتی کوردستان، گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ دکتۆر سەباح سوبحی جێگری سەرۆکی لیژنەی نەوت و غاز لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ئەنجام دا.**

* پرۆسەی هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان بە سەرکەوتوویی کۆتایی هات، ئەمجارەش زۆرینەی گەلی کوردستان متمانەی بە پارتی دیموکراتی کوردستان دایەوە، ئەمەش دەبێتە هۆکاری ئەوەی هەوڵ بدرێت، پەرلەمانی کوردستان دووبارە دابمەزرێتەوە و حکومەتێکی تازە لە هەرێم دابمەزرێت. ئایا دووبارە بونیادنانەوەی پەرلەمان و دامەزراندنی حکومەتێکی نوێ تا چەند کاریگەری لەسەر پەیوەندییەکانی هەرێم و بەغدا دەبێت؟

- پرۆسەی هەڵبژاردن ئامانجەکەی گەیشتنە بە دیموکراسی و سەقامگیریی سیاسی، خۆشبەختانە ئەو پرۆسەیە بە سەلامەتی بەڕێوە چوو، هەر چەندە کێشە و گرفت هەبوو لە سەرەتای بانگەشەکە، کە هەندێ لایەنی سیاسی هەوڵیان دەدا، پارتی دیموکراتی کوردستان ڕابکێشن بۆ بانگەشەی توند، بەڵام بە ڕێنماییەکانی جەنابی سەرۆك هەوڵەکانیان سەرنەکەوت و نەیانتوانی ئەو مەرامەیان بێتەدی. ئەوە ئەخلاقی پارتی بوو سەلماندی



وەکو پرۆسەکانی هەڵبژاردنی پێشوو پارتی دیموکراتی کوردستان سەروەرە و جەماوەرەکەی دڵسۆزە و کۆڵ نادات، ئەگەر هەر کێشە و گرفتێك هەبێت. دوژمن و ناحەزانی کورد و کوردستان هەوڵ دەدەن ئەم قەوارەیە لاواز بکەن و ئەم ئەزموونە لەناو ببەن. پارتی لایەن و حزبی یەکەم و سەرکەوتووە و خاوەنی توانا و جەماوەری ڕاستەقینەی خۆیەتی، بۆ پێکهێنانی حکومەت و کابینەی دەیەم دەبێت پارتی سنوورێك بۆ ئەو لایەن و حزبانە دابنێت کە لە حکومەتدا بەشدارن، بەڵام لەولاشەوە خۆیان بە ئۆپۆزیسیۆن دادەنێن و داوای ڕووخانی دەسەڵات و حکومەت دەکەن. بۆیە دەبێت ئەو جارە پارتی حەدی و حاسم بێت لە هەندێ شتدا، جەنابی سەرۆك بارزانی جەختی لەوە کردەوە کە ئەو کارە نایاساییەی هەیە لە هەندێ شوێن و ناوچە پێویستە کۆتایی بێت، بۆیە دەبێت لە سنووری سلێمانی دەوروبەری ئەو کارە نایاساییانە کۆتاییان پێ بێت، وەکو بابەتی دەروازە سنوورییەکان و بازرگانیکردن بە مادەی هۆشبەر. ئەو حکومەتەی لە کابینەی دەیەمدا پێك دێت، دەبێت حکومەتی چاکسازی بێت، بە هەمان ئاراستەی پێشتر کە لە کابینەی نۆیەمدا جەنابی مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی کوردستان کاری لەسەر کرد. ئەگەرچی باش دەزانین کابینەی نۆیەم زۆر کۆسپ و تەگەرە و کێشەی هاتەپێش، لەوانە بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنا و دژایەتیکردنی حکومەتی هەرێم بوو لە لایەن حکومەتی عێراقەوە، هەروەها بڕینی مووچە و بوودجەی هەرێمی کوردستان لە لایەن عێراقەوە و ڕاگرتنی هەنارەدکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان و چەندین کێشە و کۆسپی دیکە، بێگومان پەیوەندیی کابینەی تازەی حکومەتی کوردستانیش لەگەڵ عێراق باش دەبێت، چونکە سەرکەوتنی پارتی لە هەڵبژاردنەکە و ئەو ژمارە

**هەندێ لایەنی سیاسی هەوڵیان دەدا، پارتی دیموکراتی کوردستان ڕابکێشن بۆ بانگەشەی توند، بەڵام بە ڕێنماییەکانی جەنابی سەرۆک هەوڵەکانیان سەرنەکەوت و نەیانتوانی ئەو مەرامەیان بێتەدی**

**جەنابی سەرۆک بارزانی جەختی لەوە کردووە کە ئەو کارە نایاساییەی هەیە لە هەندێ شوێن و ناوچە پێویستە کۆتایی بێت**

**بۆ پێکهێنانی حکومەت و کابینەی دەیەم دەبێت پارتی سنوورێک بۆ ئەو لایەن و حزبانە دابنێت کە لە حکومەتدا بەشدارن، بەڵام لەولاشەوە خۆیان بە ئۆپۆزیسیۆن دادەنێن و داوای ڕووخانی دەسەڵات و حکومەت دەکەن**

**دەبێت لە سنووری سلێمانی دەوروبەری ئەو کارە نایاساییانە کۆتاییان پێ بێت، وەکو بابەتی دەروازە سنوورییەکان و بازرگانیکردن بە مادەی هۆشبەر**

**لەو باوەڕەدام حکومەتی داهاتووی هەرێمی کوردستان ئاسۆیەکی فراوانتری دەبێت و ڕوانگەیەکی تازە دروست دەبێتەوە**

زۆرەی کورسی و دەنگانەی بەدەستی هێناوە، مانای ئەوەیە کە پارتی حزبی یەکەمە، ئەمەش پێمان دەڵێت: پارتی واتا ئارامی و ئاوەدانی و پێکەوەیی و خۆڕاگری، من لەو باوەڕەدام حکومەتی داهاتووی هەرێمی کوردستان ئاسۆیەکی فراوانتری دەبێت و ڕوانگەیەکی تازە دروست دەبێتەوە.

*** سەرۆك وەزیران مەسرور بارزانی هەر لە دەستپێکی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە هەوڵی داوە تەواوی کێشەکانی هەرێم لەگەڵ بەغدا چارەسەر بکات، لە ماوەی چوار ساڵی ڕابردووشدا توانرا کۆمەڵێك نەخشەڕێگە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان دابنرێت. ئایا تاچەند بەغدا ئامادەباشیی دەبێت بۆ ئەوەی کێشەکانی دیکە کە ماون چارەسەر بکرێن؟**

- بەغدا هیچ ئەلتەرناتیڤێکی دیکەی نییە و مەجبوورە چارەسەرێك بدۆزێتەوە بۆ ئەو کێشانەی خۆی دروستی کردوون، لەوانە ڕاگرتنی نەوت، نەناردن و کێشەی مووچە هەر بەغدا دروستی کردووە و ئێستاکەش بوودجە نانێرن، تەنانەت مووچەش بە تەئخیرکردنەوە بۆ فەرمانبەرانی کوردستان دەنێرن و لەسەر ئەو گرفتانەش لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی محەمەد شیاع سودانی گفتوگۆ و لێکتێگەیشتنێکی باشمان هەیە. سەرۆك وەزیرانی عێراق تێڕوانینێکی باشی لەسەر کێشەکان هەیە و تێگەیشتنێکی باشی لەسەر هەموو گرفتەکان هەیە. بە باوەڕی خۆم ئەو ماوەیەی لەپێش حکومەتی فیدراڵیی عێراقدا هەیە، لەوانەیە لە ساڵێك زیاتریش بێت، چونکە کە هەڵبژادرنی عێراقی ئەنجام درا، یەکسەر حکومەتی عێراق ناگۆڕێت، بۆیە ئەو کێشانەی کە ئێستا لە نێوان هەرێمی کوردستان و عێراقی فیدراڵدا ماون، ڕەنگە چارەسەر ببن و کێشەیەك نەمێنێت بە ناوی مووچە، ئەوەی دەمێنێت هەندێ کێشەی خانەنشینان و هەندێك کاری دیکەی هونەری دەمێنێت وەکو تەوتین.

*** لە ئێستادا گرنگترین کێشە لە نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی دووبارە هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستانە، لەسەر ئەم پرسە تا ڕاددەیەکی باش لێکتێگەیشتن لە نێوان هەرێم و بەغدا هەیە. پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا ئەو بەربەستە تەکنیکییانە چین کە بوونەتە ڕێگر بۆ دواخستنی دووبارە هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان بۆ دەرەوە؟**

- خۆی جگە لەو بەربەستە سیاسییانەی کە پێشتر هەبوون ئەو دۆسیەیە بە تەواوی سیاسییە، بەڵام ئێستا بە بیانووی ئەوەی کە هەندێك کێشەی تەکنیکی هەیە، لەوانە تێچووی دەرهێنانی نەوت لە کوردستان زیاترە لەوەی عێراق، ئەوەش وای کردووە وەزارەتی نەوتی عێراق پابەندی یاسای بوودجە بێت بە (قسەی خۆیان) پابەندی یاسای بوودجەی ژمارە(١٣)ی ٢٠٢٣ کە دەڵێت تێچووی دەرهێنانی نەوت لە هەموو کێڵگەکانی عێراق بە کوردستانەوە دەبێت یەکسان بکرێت و تەنیا یەك تێچووی هەبێت، بەڵام ئەوان ئاماژە بەوە ناکەن کە گرێبەستەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ کۆمپانیا نەوتییەکان جیاوازە لەوەی عێراق، ئێمە لە کوردستان سیستمی هاوبەشمان هەیە، کەچی ئەوان سیستمی (تراخیص) یان هەیە، ئەمەش وای کردووە، نرخی تێچووی دەرهێنانی بەرمیلی نەوت و ژینگەکەش جیاواز بێت، لە کوردستان نرخی تێچووەکە زیاترە، کە ئەمەش بووەتە کۆسپێك لە بەردەم هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان، گفتوگۆ و لێکتێگەیشتنەکان لەو بارەوە لە نێوان هەرێم و بەغدا زۆر باش چووەتە پێش و چەندین جار لەو بارەوە دانوستان ئەنجام دراوە، لەسەر بابەتی گرێبەستەکانیش گفتوگۆ کراوە و ئەو کۆمپانیانەی کە نەوت لە هەرێم دەردەهێنن، ئەوانیش ئامادەیی خۆیان دەربڕیوە بۆ گۆڕینی شێوازی گرێبەستەکان، ڕاوەستانی نەوتی هەرێم تەنیا زیانی بە هەرێمی کوردستان نەگەیاندووە، بەڵکو حکومەتی عێراقیش زۆر زیانی بەرکەوتووە و زیان بە تورکیا و ناوچەکە و وڵاتانی ئەورووپاش دەگەیەنێت، چونکە ئەو وڵاتانە زیاتر سوود لەو بڕە نەوتەی هەرێمی کوردستان دەبینن و ئەو بڕە نەوتەش دەبێت بگاتە ئەو ئاستەی کە ڕۆژانە (٤٠٠) هەزار بەرمیل نەوت لە لایەن کۆمپانیاکان لە کێلگەکانی هەرێمی کوردستان بەرهەم بێنن، زیانی ڕاوەستانی هەناردەکردنی نەوتی کوردستان لە ئاداری ساڵی ٢٠٢٣ تا



ئێستا گەیشتووەتە (٢٠)ملیار دۆلار، ئەمەش زیانی بە خەزێنە و ستراتیژیەتی هەناردەکردنی نەوتی عێراق گەیاندووە، چونکە تاقە یەك دەرچە لە عێراق بۆ هەناردەکردنی نەوت ماوە، کە ئەویش لە بەسرایە، ئەو دەرچەیەش لە ژێر هەڕەشەدایە بە هۆی ئەو شەڕەی لە نێوان ئیسرائیل و حەماس و حزبوڵڵا هەیە. ئیسرائیل هەڕەشەی ئەوە دەکات کە لە یەکەم هێرش و بۆردوماندا لە کێلگە نەوتییەکان و دەرچەکانی هەناردەکردنی نەوتی وەك بەسرە دەدات، بۆیە لە ڕووی ستراتیژییەوە پێویستە هەناردەکردنەوەی نەوتی کوردستان کێشەکانی چارەسەر بکرێت و هەناردەکردنەوەکە دەست پێ بکاتەوە، دەبێت پێش هاتنی وەرزی زستانی ئەمساڵ نەوتی هەرێمی کوردستان هەناردەی دەرەوە بکرێتەوە.

*** لەسەر پرسی مووچە و ئەوەی پێی دەگوترێت «تەوتین»، حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆر بە جددی کاری کردووە و هەوڵی داوە کە لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی ئەم کێشەیە لە ڕیشەوە چارەسەر بکرێت، بەڵام وەك دەبینین هەتا ئێستاش مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم لەگەڵ مووچەی فەرمانبەرانی عێراق دابەش ناکرێت، بۆ ئەم پرسە چەندین جار وەزیری دارایی حکومەتی فیدراڵیتان بانگهێشتی پەرلەمان کردووە، ئایا هۆکارەکان چین کە تا ئێستا ئەم پرسە گرنگە چارەسەر نەکراوە؟**

- بەداخەوە تاوەکو ئێستا ئەوان (حکومەتی عێراقی) پشت بە بڕیاری دادگای فیدراڵی دەبەستن، لە لایەکی دیکەشەوە دەستوور فەرامۆش دەکەن، چونکە لە دەستوور و لە

**سەرۆک وەزیرانی عێراق تێڕوانینێکی باشی لەسەر کێشەکان هەیە و تێگەیشتنێکی باشی لەسەر هەموو گرفتەکان هەیە**



ماددەی (١١٥)دا بە ڕوون و ئاشکرا دیارە کە هەر تایبەتمەندییەك نەچووە پاڵ حکومەتی فیدراڵی، یان تایبەتمەندیی هاوبەش نەبوو لە نێوان هەرێم و حکومەتی فیدراڵ، ئەوە دەچێتە پاڵ حکومەتی هەرێم، ئەوەش وای کردووە کە (تەوتین) پەیوەندیی بە ناوخۆی هەرێمی کوردستانە و لە دەسەڵاتی فیدراڵیدا نییە لە دەستووری عێراقدا، ئەگەرچی دادگای فیدراڵی پێویستە ڕوونکردنەوە لەو بارەوە بدات. پرۆسەی «هەژماری من» پرۆسەیەکی ستراتیژییە بۆ بەئەلکترۆنیکردنی داتای فەرمانبەران لە هەرێمی کوردستان و هەنگاوێکی زۆر پێشکەوتووترە لە تەوتین و بەشداریکردنە بە بانکە ئەهلییەکان بە هەمان شێوەی بانکە حکوومییەکان، کە ڕەسیدیان هەیە، یان سەر بە بانکی ناوەندیی عێراقین، دەبێت بانکی ئەهلییش ڕۆڵی باش و کاریگەریی هەبێت، بەڵام ئەو بانکە ئەهلییانەش دەبێت سەر بە بانکی ناوەندی بن و ڕەسیدیان لەوێ هەبێت، کە ئەمەش وای کردووە، بووەتە پرۆسەیەکی جەدەلی. لەبارەی (هەژماری من) و (تەوتین)یش گفتوگۆ و لێکتێگەیشتنێکی باشمان لەگەڵ حکومەتەکەی محەمەد شیاع سوودانی هەیە و ئەویش بە هەژماری من ڕازی بووە، چونکە هەژماری من هەمان پرۆسەیە و پێشکەوتووترە و خزمەتگوزاریی زیاتریشی هەیە.

*** لە ٢٠ی مانگی داهاتوو (٢٠ی ١١ی ٢٠٢٤) سەرژمێریی گشتیی دانیشتووان لە سەرتاسەری عێراق ئەنجام دەدرێت، هەرێمی کوردستان هەندێك سەرنج و تێبینی لەسەر پرۆسەی ڕاپرسییەکە هەبوو، کە بریتی بوون لە «دانانی سەنتەری داتا» هەروەها شێوازی سەرژمێریی دانیشتووان لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان، ئایا ئەم دوو پرسە چارەسەر کراون؟**

**زیانی ڕاوەستانی هەناردەکردنی نەوتی کوردستان لە ئاداری ساڵی ٢٠٢٣ تا ئێستا گەیشتووەتە (٢٠)ملیار دۆلار، ئەمەش زیانی بە خەزێنە و ستراتیژیەتی هەناردەکردنی نەوتی عێراق گەیاندووە**




- تاوەکو ئێستا ئەو دوو پرسە چارەسەر نەکراون، بەڵام کاری لەسەر دەکەین، چونکە ئێمە باش دەزانین کە ناوچە جێناکۆکەکان گۆڕانکاریی دیمۆگرافی تێدا کراوە، کە ئەمەش زۆر مەترسیدارە. ئەو سەرژمێرییەی کە دەکرێت، سەرژمێریی نیشتمانیی پێ دەگوترێت، کە دەبێت پشت بە پێکهاتەکان ببەستێت، ئەگەر هەر کێشە و گرفتێك هەبوو لەسەر ئەو داتایانە، ئەوە لەو حاڵەتەدا ئێمە وەکو کورد زەرەر دەکەین لەسەر ئەو ناوچانەی بە کوردستانی بەناوبانگن و ئێمەش بە ناوچەی کوردستانی هەژماری دەکەین. هەر بۆیە هەر سەرژمێرییەك دژ بە پێکهاتە و دیموگرافی لەو ناوچە و شوێنە ناکۆکاندا بکرێت، ئێمەی پەرلەمانتارانی هەرێمی کوردستان لە ناو ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بە هیچ شێوازێك قبووڵی ناکەین، هەروەها پێویستە سەنتەری داتا هەبێت، تاوەکو بۆ ئەو ناوچانە زەمانەتی دادپەروەری ئەو پرۆسەیە هەبێت.

*** دوایین پرسیارمان سەبارەت بە هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقە، کە بڕیارە لە ناوەڕاستی ساڵی داهاتوو ئەنجام بدرێت، بەڵام بەرنامەی حکومەتەکەی د.محەمەد شیاع سوودانی بۆ کۆتایی ساڵی ٢٠٢٥ دانراوە، ئایا ئەنجامدانی هەڵبژاردن لەم ساڵەدا کاریگەریی نەرێنی لەسەر بەرنامەکەی سوودانی نابێت؟**

- بێگومان ئەگەر پێشوەختە پڕۆسەی هەڵبژاردن لە عێراق ئەنجام بدرێت، پلانی حکومەت دەشڵەژێ و کێشەی تێدا دروست دەبێت، چونکە ئەو بەرنامەیە بەرنامەی حکومەتە و پشتی بەستووە بە وەرەقەی سیاسی و خزمەتگوزاریی کاتی خۆی و بە کات و ڕۆژ دەستنیشان کراوە، دەرئەنجامی ئەو حکومەتە بە یەکەی ژمارەی ڕۆژەکانی بۆی تەرخان کراوە کە کار بکرێت، بەپێی داتاکان دەبێت پرۆسەی هەڵبژاردنەکە لە کۆتایی ساڵی ٢٠٢٥ ئەنجام بدرێت.

**پڕۆسەی «هەژماری من» پڕۆسەیەکی ستراتیژییە بۆ بەئەلکترۆنیکردنی داتای فەرمانبەران لە هەرێمی کوردستان و هەنگاوێکی زۆر پێشکەوتووترە لە تەوتین**

دکتۆر مستەفا مەهدی
کەسایەتیی عێراقی و شارەزای ئابووری و دارایی بۆ گوڵان:

# کوردستان پێگەیەکی بەهێز و دەوڵەمەندی لەناو ئابووریی عێراقدا هەیە و چارەسەرکردنی کێشەکانیان لە بەرژەوەندیی هەموو گەلانی عێراق و کوردستانە

شەڕو ئالۆزییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست زیانی گەورەیان بۆ ڕێڕەوە ئاوییەکانی هەناردەی نەوت لە گەرووی هورمز و بابولمەندەب دەبێت کە لە٢٠٪ی کەشتییە بارهەڵگرەکانی نەوتی جیهانی پێدا تێپەڕ دەبێت

هەڵکشانی بەهای دۆلار بەرامبەر دیناری عێراقی بابەتێکی دروست کراوە و هەر وا بە خۆرسکی دروست نەبووە و دەستی بانکی فیدراڵی ئەمریکای تێدایە

کەرتی تایبەت نەیتوانیوە بە ڕۆڵی ڕاستەقینەی خۆی هەڵسێت و زۆرترین هەلی کار بۆ گەنجەکانمان بڕەخسێنێت

پێشتر و لە سەردەمەکانی دیکەدا گەندەڵییەکان لەلایەن پاشا و سەرکردە و کەسێکەوە دەکران، لە ئێستادا چەندین کەس و حزب و لایەنی سیاسی دەستیان لە گەندەڵییدا هەیە



**خوێندنەوەی بارودۆخی ئابووری و دارایی عێراق و ناوچەکە لە چوارچێوەی ئەو واقیعە ئاڵۆز و پڕ لە کێشمەکێشەی کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و شەڕی نێوان ئیسرائیل و حەماس و حزبوڵڵای لوبنانی پێدا تێپەڕ دەبن، هەروەها ئەگەری فراوانبوونی شەڕەکە لەگەڵ ئێران و ئالنگارییەکانی بەردەم حکومەتەکەی محەمەد شیاع سوودانی و چەند پرسی دیکەی تایبەت بە دۆخی ئابووریی ناوچەکە و جیهان، تەوەری سەرەکیی ئەم دیدارەی گۆڤاری گوڵان بوون لەگەڵ دکتۆر مستەفا مەهدی حەسەن کەسایەتیی عێراقی و شارەزای بواری سیاسەتی دارایی لە کۆلێژی کارگێڕی و ئابووریی زانکۆی بەسرا.**

**ڕێژەی ٢٠٪ی قەبارەی بەکارهێنەری نەوت لە جیهاندا کە ڕۆژانە دەگاتە ٦،٢ ملیۆن بەرمیل نەوت بە گەرووی بابولمەندەب و نۆکەندی سویسەوە تێپەڕ دەبن**

**ڕاوەستانی شەڕی ئیسرائیل و فەلەستین و لوبنان و یەمەن لە بەرژەوەندیی عێراق و گەلانی ناوچەکە و ئابووری و خۆشگوزەرانیی خەڵکدایە**

*** لەگەڵ بەردەوامبوونی شەڕی نێوان ئیسرائیل و حەماس و حزبوڵڵای لوبنانی و ئەگەری فراوانبوونی شەڕەکە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئایا وەکو شارەزایەکی بواری ئابووری و دارایی، دەکرێت باسی کاریگەرییەکانی ئەم شەڕە لەسەر ئابووریی عێراقمان بۆ باس بکەیت؟**

- شەڕ و ئاڵۆزییەکانی جیهان بەتایبەتی ئەوانەی ئەمڕۆ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕوو دەدەن، کاریگەرییەکانی ماڵوێرانکەرن و بە خراپ لەسەر ئاڵوویری بازرگانی و گەشەسەندنی ئابووری دەشکێتەوە، ڕاستە قەبارەی ئاڵوویری بازرگانیی عێراق لەگەڵ هەریەك لە فەلەستین و لوبنان و سووریا و یەمەن بەو ئاستە گەورەیە نییە، بەڵام کاریگەریی لەسەر کۆی ئاڵوویری بازرگانی و هەناردەی نەوت لە ناوچەکەدا دەبێت و هەناردە و هێنراوەکان سنووردار دەکات و تێچوونەکانی گواستنەوەی نەوت بەرز دەکاتەوە، بەتایبەتی ئەگەر بارگرژیی و شەڕی ڕاستەوخۆی نێوان ئیسرائیل و ئێران دەست پێ بکات، ڕێگای وشکانی و دەریایی هەناردەکردنی نەوتی عێراق کە تاکە سەرچاوەی داهاتی وڵاتە کاریگەریی خراپی لەسەر دەبێت.

*** واتە زیادبوونی بارگرژییەکان و فراوانبوونی شەڕەکە کاریگەریی لەسەر داخستن و مەترسیی**

ڕێڕەوە ئاوییەکانی گەرووی هورمز لە کەنداو و گەرووی بابولمەندەب لە دەریای سوور لەسەر هەناردەی نەوت دەبێت؟

- ڕاستە عێراق وڵاتێکی دەوڵەمەندە، بەڵام بەشی هەرە زۆری داهاتەکەی پشت ئەستوورە بە فرۆشتنی نەوتەکەی، چونکە نەمانتوانیوە هەموو دەرامەتەکانی سەر زەوی و ژێر زەوی سوودی لێوەربگرین، بە داهاتی نەوتەکەشمانەوە کە بۆ پەرەپێدانی ئابووری ئاراستەی بکەین و، بیخەینە خزمەتی فرەچەشنکردنی ئابووری و پێشکەوتنی وڵاتەوە. واتە داهاتمان زۆرە، بەڵام زانستییانە بەکارمان نەهێناوە و لەگەڵ یەکەمین دەنگی دەهۆڵی شەڕ قەیرانەکانی شەڕ و کاولکاریی دووبارە دەبێتەوە و ڕەنگە بە هۆی شەڕەکەوە زیان بەر کێڵگەکانی نەوت و ڕێڕەوەکانی هەناردەکردنی نەوت بکەوێت و خەرجییەکانمان زیاد بکەن و زیانی گەورە بەر ئەو بودجەیە بکەوێت کە لە سەرووی ٩٤٪ی داهاتی فرۆشتنی ئەو نەوتەیە کە لە کەنداوی عەرەبییەوە دەنێردرێتە بازاڕەکانی جیهان و بەشێکی زۆریشی بە گەرووی بابولمەندەبی دەریای سوور و دواتر لە ڕێگەی نۆکەندی سویس بە کەشتییە بارهەڵگرەکانی نەوت ڕەوانەی وڵاتانی ڕۆژئاوا دەکرێت، بەمەش تێپەڕبوونی ئەم کەشتییە بارهەڵگرانەی نەوت لە گەرووی بابولمەندەب و نۆکەندی سویسەوە بە ڕێژەی ٥٠٪ کەمی کردووە، ئەمە لە کاتێکدا ڕێژەی ٢٠٪ی قەبارەی بەکارهێنەری نەوت لە جیهاندا کە ڕۆژانە دەگاتە ٦،٢ ملیۆن بەرمیل نەوت بە گەرووی بابولمەندەب و نۆکەندی سویسەوە تێپەڕ دەبن، بەگۆڕینی ڕێڕەوی کەشتییەکانیش سووتەمەنی و ماوەی گەشتەکانیان و خەرجییەکانی بەرزبوونەوەی دڵنیایی زیاد دەبن و تێچوونەکانی ناردنی نەوتیش بەرز بووەتەوە، لەمەش مەترسیدارتر لە گەرووی هورمزەوەیە کە گەروویەکی ڕێڕەوی ئاویی تەسکە و ٣٠ کیلۆمەترە و لەکاتی هەڵگیرسانی شەڕ، داخستنی ئەم گەرووە ئاسانترە کە ڕۆژانە ٢٠ ملیۆن بەرمیل نەوتی لێ دەگوازرێتەوە، بەمەش هەناردەکانی نەوتی عێراق بە تەواوەتی ڕادەوەستێت، چونکە هەناردەی نەوت لە ڕێگای بۆری جەیهانی تورکیاوە ڕاوەستاوە و تەنیا ڕێڕەو بەم گەرووەدا تێپەڕ دەبێت، بۆیە ڕاوەستانی شەڕی ئیسرائیل و فەلەستین و لوبنان و یەمەن لە بەرژەوەندیی عێراق و گەلانی ناوچەکە و ئابووری و خۆشگوزەرانیی خەڵکدایە. ئەم بارودۆخە بۆ هەرێمی کوردستانیش باش نییە، چونکە مووچە و بودجەی هەرێمی کوردستانیش پشت بە پشکی ئەو بودجەیە دەبەستێت کە لە بەغداوە بۆی دێت، بەتایبەتی کە ماوەیەکی زۆرە هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی بۆریی نەوتی کەرکوک – جەیهان ڕاوەستاوە و زیانی گەورەی بە ئابووریی هەرێم و عێراق گەیاندووە، هەرچەندە دەنگۆی ئەوە هەیە کە لە هەرێمی کوردستانەوە بە قاچاخ نەوت لە ڕێگەی تەنکەرەوە ڕەوانەی دەرەوە دەکرێت، بە شێوەیەکی گشتی کەمبوونەوەی هەناردەکردنی نەوت کاریگەریی خراپی لەسەر بودجە و داهاتی عێراق دەبێت و شوێنەوارەکانی زۤر مەترسیدار و خراپ دەبن.

**ماوەیەکی زۆرە هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی بۆریی نەوتی کەرکووک – جەیهان ڕاوەستاوە و زیانی گەورەی بە ئابووریی هەرێم و عێراق گەیاندووە**

*** هەر سەبارەت بە پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵیی عێراق وا دەبینرێت، لە ئێستادا هەل و هەوڵێك هەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و پتەوکردنی پەیوەندییەکان، ئایا چی بکرێت بۆ ئەوەی بە خێرایی هەموو ئەو کێشە هەڵپەسێردراوانە چارەسەر بکرێن و بە تەکامولێکی ئابووری بگەین؟**

- کوردستان بەپێی دەستوور هەرێمێکە لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقی فیدراڵدا، بۆیە پێگەیەکی بەهێز و دەوڵەمەندی لەناو ئابووریی عێراق هەیە، چارەسەرکردنی کێشەکانیش لەگەڵ ناوەنددا، داهات و ئابووری و خۆشگوزەرانی لە بەرژەوەندیی هەموو گەلانی عێراق و کوردستان دەستەبەر دەکات. ناکرێت ئێمە باسی تەکامولی ئابووری لە نێوان هەرێم و عێراقدا بکەین، چونکە تەکامولی ئابووری لە نێوان دوو دەوڵەت دەبێت، بۆیە وا پێویست دەکات، سیاسەتمەدار و کەسانی تەکنۆکرات و تیمە هونەری و تەکنیکییەکان کار بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بکەن. من پێم وایە هەنگاوەکان پێویستە لە تەکامولی ئابووری زیاتر بێت و بەرەو تێکەڵاویی ئابووری و چارەسەرکردنی سەرجەم کێشەکان هەنگاو بنرێت و هەرێم و ناوەند کار بکەن بۆ هەڵگرتنی هەموو ئەو کۆت و بەربەستانەی لەبەردەم ئاڵوێری بازرگانی لە نێوان هەرێم و حکومەتی عێراقی فیدراڵدایە، هەرێمیش پێویستە هەموو ئەو ئاستەنگ و بەربەستانە هەڵبگرێت، کە لە بەردەم داخڵبوونی هاووڵاتیانی ناوچەکانی دیکەی ناوەڕاست و خوارووی عێراق بۆ هەرێمی کوردستان دانراون. ناکرێت لە نێوان هەرێم و ناوەند ئەو هەموو بازگە و بەربەستانە هەبن کە ڕێگری

**ناکرێت لە نێوان هەرێم و ناوەند ئەو هەموو بازگە و بەربەستانە هەبن کە ڕێگری دەکەن لە گواستنەوەی کەس و شمەک و کەلوپەل و بەروبوومەکان**

**چارەسەرکردنی کێشەی دەرهێنان و ناردنە دەرەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان، پێویستە لە چوارچێوەی مادده و بڕگە دەستوورییەکان هەنگاوی جددی بۆ بنرێت**

دەکەن لە گواستنەوەی کەس و شمەك و کەلوپەل و بەروبوومەکان، پێش هەمووشی چارەسەرکردنی کێشەی دەرهێنان و ناردنە دەرەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان، پێویستە لە چوارچێوەی ماددە و برگە دەستوورییەکان هەنگاوی جددی بۆ بنرێت.

*** ئایا وەکو حکومەتەکەی محەمەد شیاع سوودانی سەرکەوتوو بووە لە جێبەجێکردنی بەرنامە وەزارییەکەی کە خۆی لە ٢٣ برگە دەبینێتەوە، بەتایبەتی لەبابەتی سەقامگیریی بەهای دۆلاری ئەمریکی بەرانبەر دیناری عێراقی؟**

- زۆربەی کێشە دارایی و ئابووری و نەختینەییەکانی عێراق میراتی شەڕ و ئاشووب و گەندەڵی و خراپ بەڕێوەبردنی ئابوورین، هەندێکیشی وەکو بەهای دۆلار و هەڵکشانی نرخەکەی کە بابەتێکی دروست کراوە و هەر وابەخۆرسکی دروست نەبووە و دەستی بانکی فیدراڵی ئەمریکای تێدایە، کە بە هۆی بەرزکردنەوەی نرخەکەی ڕێگری دەکرێت لە ئاودیوکردنی بەهای دۆلار بۆ ئێران، بەتایبەتی کە داهاتی عێراق لە نەوت ڕاستەوخۆ بۆ بانکی فیدراڵی ئەمریکا دەچێت، بەمەش بانکی ناوەندیی عێراق بەپێی ئەو بڕە دۆلارەی دەیدرێتێ لەلایەن بانکی فیدراڵی ئەمریکاوە، توانایەکی سنوورداری هەیە بۆ فرۆشتنی دراوی دۆلاری ئەمریکیی پاڵپشتیکراو لە ڕێگەی سەکۆی فرۆشتنی دۆلارەوە. دوور نییە ئەم بابەتە وەکو فشارێکی سیاسی بەکار نەهێنرێت بە بیانووی ئەوەی عێراق تۆمەتبار دەکرێت کە دۆلارەکە ئاودیوی ئێران دەکات، لەلایەکی دیکەوە لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس بانکی ناوەندی لە ڕێگەی کڕین و فرۆشتنی دۆلار بە تێچوونێکی پاڵپشتیکراو و نرخی سوود و چاودێریکردنی بازاڕ، نەیتوانیوە سەقامگیریی بەهای دینارەکەی بپارێزێت. پێویست بوو حکومەتەکەی محەمەد شیاع سوودانی سەرکەوتوو بووایە لە بواری زیادکردنی نرخی بەهای دینار.

سەبارەت بە دۆسێی بنبڕکردنی گەندەڵی، محەمەد شیاع سوودانی سەرۆك وەزیرانی عێراق نەیتوانیوە بەپێی پێویست چارەسەری گەندەڵی بکات، چونکە ئەم دۆسێیە لەعێراقدا پەیوەندییەکی توند و قووڵی بە مێژووی دامەزرانی دەوڵەتی عێراقەوە هەیە. پێشتر لە سەردەمەکانی دیکەدا ئەم گەندەڵییە لەلایەن پاشا و سەرکردە و کەسێکەوە دەکران، لە ئێستادا چەندین کەس و حزب و لایەنی سیاسی دەستیان لەم گەندەڵییەدا هەیە، هەرچەندە لێرە و لەوێ هەندێك هەوڵی شەرمنانە هەیە بۆ دەستنیشانکردن و هێنانەوەی پارە دزراوەکان و کەمکردنەوەی ئاودیوکردنی دۆلار و ڕێگریکردن لە بەقاچاخبردنی نەوت، بەڵام ئەمە هێندەی گەورەیی و فراوانبوونی گەندەڵییەکان نییە، کە تێکەڵ بە بەکارهێنانی هێز و دەسەڵاتی سیاسی و حوکمرانی بووە و زۆربەی جار دەسەڵاتی مافیا و گەندەڵکارەکان بەهێزترن لە دەسەڵاتی قەزا و دادگاکان، هەرچی پەیوەندی بە پەروەردە و تەندروستیشەوە هەیە، ئەوا حکومەتەکەی محەمەد شیاع سوودانی لە هەر دوو بواری پەروەردە و تەندروستی تا ڕاددەیەك کاری کردووە، کردنەوەی قوتابخانەی نوێ و نۆژەنکردنەوەی ئەوانی دیکە و کۆتاییهاتنی سێ دەوامی لە قوتابخانەکان و پێشخستنی کەرتی تەندروستی و کەمکردنەوەی کێشەکان، شاهیدی ئەو ڕاستییەن، لەگەڵ ئەمەشدا واپێویست بوو، سەرۆك وەزیران بوودجەیەکی زیاتر بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و پەرەپێدانی ئەم دوو بوارە تەرخان بکردایە و سیستمی پەروەردە و فێرکردن و کادیری شارەزا و بەتوانای دامەزراندایە.

*** لە بەغدا و شارەکانی دیکەی عێراق ناوبەناو خۆپیشاندان ڕوو دەدات بۆ چارەسەرکردنی کێشەی بێکاری بەتایبەتی لەنێو گەنجەکاندا، ئایا تا چەند چارەسەرکردنی بێکاری لەناو دەرچووانی زانکۆ و گەنجەکان ڕۆڵی دەبێت بۆ ئاشتیی کۆمەڵایەتی و کەمکردنەوەی ڕێژەی بێکاری؟**

- فرەچەشنکردنی ئابووری و پێشخستنی کەرتەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی لە ڕیزبەندی پێشەوەی ئەو ڕێگایانە دێن، کە چارەسەری بێکاری دەکات. زیادبوونی ژمارەی پرۆژە و کارگەکان ڕۆڵی باشیان دەبێت بۆ دابینکردنی هەلی کار و دواتر ڕێکخستنی بازاڕی کار و ڕێگریکردن لە هێنانە ناوەوەی ئەو ژمارە زۆرەی دەستی کاری بیانی. جێگای داخیشە کەرتی تایبەت نەیتوانیوە بە ڕۆڵی ڕاستەقینەی خۆی هەڵسێت و زۆرترین هەلی کار بۆ گەنجەکانمان برەخسێنێت. بەرزیی ڕێژەی بێکاری هاوکاتە لەگەڵ بێکاریی ڕووپۆشراوی زۆری لەناو کەرتی گشتیدا، کەمکردنەوەی ڕێژەی هەموو جۆرە بێکارییەکان پێویستی بە ستراتیژییەتێکە تاوەکو بتوانین لە ڕێگەی وەزارەتی پلاندانانەوە کۆمەڵێك پلانی تەکنیکی لەناو ئەو ستراتیژییەدا دابڕێژین و جێبەجێیان بکەین.

**زۆربەی کێشە دارایی و ئابووری و نەختینەییەکانی عێراق میراتی شەڕ و ئاشووب و گەندەڵی و خراپ بەڕێوەبردنی ئابوورین**

**محەمەد شیاع سوودانی سەرۆك وەزیرانی عێراق نەیتوانیوە بەپێی پێویست چارەسەری گەندەڵی بکات، چونکە ئەم دۆسێیە لەعێراقدا پەیوەندییەکی توند و قووڵی بە مێژووی دامەزرانی دەوڵەتی عێراقەوە هەیە**

**فرەچەشنکردنی ئابووری و پێشخستنی کەرتەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی لە ڕیزبەندی پێشەوەی ئەو ڕێگایانە دێن، کە چارەسەری بێکاری دەکات**



سەعید یاسین مووسا
چالاکی مەدەنی و سکرتێری گشتیی دەزگای خەڵک بۆ ڕۆشنبیری و دیموکراتی بۆ گوڵان:

# ناوی پێشمەرگە لای کوردی فەیلی پیرۆزە و پاڵپشتیی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردیشیان کردووە

# پێویستە لەناو جەرگەی بەغداوە کار بۆ گەڕاندنەوەی مافی کوردانی فەیلی بکرێت

**جینۆسایدی دژ بە کوردانی فەیلی بە یەکێك لەو زنجیرە کۆمەڵکوژی و جینۆسایدانە دادەنرێت، کە ڕژێمە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق لە مێژووی هاوچەرخی عێراقدا دژی پێکهاتەیەکی ڕەسەنی کورد ئەنجامیان داوە، کە بە قێزەونترین شێوە و وەحشییانەترین کردەوە گەنجەکانی کوردی فەیلییان ڕاپێچی زیندانەکان کرد و دواتر بێسەروشوێنی کردن و ماڵ و سامانی کوردی فەیلییان داگیر کرد و، ژمارەیەکی زۆریشیان بە زۆرەملێ ڕاپێچی ئەو دیو سنوورەکانی کران، بێدەنگبوونی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و نەگەڕانەوەی مافەکانیانیش هێندەی جینۆسایدەکە بەئازار بووە. گۆڤاری گوڵان لەسەر ئەم پرسە دیدارێکی لەگەڵ سەعید یاسین مووسا، چالاکی مەدەنی و سکرتێری گشتیی دەزگای خەڵك بۆ ڕۆشنبیری و دیموکراتی ساز دا.**

* ڕژێمی بەعس بە چ پاساوێکدا تاوانی جینۆسایدی کوردی فەیلی ئەنجام دا؟ ئایا کوردبوون و پاڵپشتیان بۆ شۆڕشی ئەیلوول و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد بوو کە وای کرد ئەو تاوانە قێزەونەیان دەرهەق بکرێت؟

- فەیلی پێکهاتەیەکی ڕەسەنی کوردن و مێژوویەکی دوور و درێژیان لە عێراق و بونیادنانی شارستانیەتی ئەم وڵاتەدا هەیە. ئەوان خاوەنی مەزهەب و کەلتوور و جوگرافیای خۆیانن و بە مەدەنییەت و ڕۆشنبیری و پیشەگەری و بازرگانی بەناوبانگن و، دژی هەموو زوڵم و چەوسانەوە و نادادگەرییەکیش بوون، کە بە درێژایی نیزامی حوکمڕانیی عێراق ئەم چەوسانەوە و پێشێلکردنی ماف و ئازاردانی پێکهاتە ڕەسەنەکانی عێراق بەردەوام بووە، هەر بۆیە کوردی فەیلی بەردەوام پاڵپشتی جووڵانەوەی چەپ و کوردایەتی و هەموو نارەزایەتییەك بوون کە هەڵگری بەدەستهێنانی ماف و ئازادی بووە.

کوردی فەیلی لە دامەزرێنەرانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد بوون، پارتی لە ماڵی دکتۆر جەعفەر محەمەد کەریم دروست بوو، زۆربەی بەرپرس و سەرکردەکانی مەکتەبی سیاسی و ڕێکخراوەکانی پارتی کوردی فەیلی بوون، هەر لە حەبیب محەمەد کەریم سکرتێری پارتی و یەدوڵڵا فەیلی، تا بەرپرسەکانی پێشمەرگە، تەنانەت لە ناو یەکێتی و حزبی شیوعییش زۆربەی دامەزرێنەرەکانی ئەو دوو حزبەش کوردی فەیلی بوون. کوردی فەیلی خاوەن کەسایەتییەکی مەدەنین و لە ژیانی سیاسیدا بەشدار بوون. کوردی فەیلی پاڵپشتێکی گەورەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردی بوون و خۆشەویستی و ئینتیمایان بۆ ئازادی و خاك و نیشتمان بەرز بووە. پێشمەرگە ناوێکی پیرۆز بووە لای کوردی فەیلی و پاڵپشتیی مەلا مستەفا بارزانییان کردووە و بە هەموو شێوەیەك هاوکاریی بارزانی و شۆڕشی ئەیلوولیان کردووە، بە پارەش هاوکاریی مەرجەعییەتی نەجەفیشیان کردووە. هەموو ئەمانە وای کرد، ڕژێمی بەعس لە ساڵی ١٩٨٠ شاڵاوی ڕەشبگیری و کوشتن و ڕاپێچکردنی کوردی فەیلی ئەنجام

**کوردی فەیلی لە دامەزرێنەرانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد بوون، پارتی لە ماڵی دکتۆر جەعفەر محەمەد کەریم دروست بوو**

**کوردی فەیلی پاڵپشتێکی گەورەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردی بوون و خۆشەویستی و ئینتیمایان بۆ ئازادی و خاك و نیشتمان بەرز بووە**

**کوردی فەیلی بە هەموو شێوەیەک هاوکاریی بارزانی و شۆڕشی ئەیلوولیان کردووە، بە پارەش هاوکاریی مەرجەعییەتی نەجەفیشیان کردووە**

**ڕژێمی بەعس لە ساڵی ١٩٨٠ شاڵاوی ڕەشبگیری و کوشتن و ڕاپێچکردنی کوردی فەیلی ئەنجام دا و ٢٢ هەزار کورد بێسەروشوێن کران و دەست بەسەر ماڵ و حاڵیاندا گیرا**

**لە سەردەمی عوسمانی، قەسر شیرین و ئیلام تا ناوچەکانی ئەهواز لە سنووری عێراق بوون**

**لە دوای داگیرکردنی ئینگلیز و ڕێککەوتنەکانی نێوان دەوڵەتی سەفەوی و عوسمانی سنوورەکەیان دابەش کرد و کوردی فەیلی کەوتنە هەر دوو سنووری عێراق و ئێرانەوە**

بدات و ٢٢ هەزار کورد بێسەروشوێن کران و دەست بەسەر ماڵ و حاڵیاندا گیرا، لە ناوچەی جەمیلەی پیشەسازی هەرچی کارگەی کوردی فەیلی هەبوون، دەستیان بەسەردا گیرا و ڕگەزنامەکانیشیان بۆ بیانی گواستەوە.

*** تاوانەکانی ڕژێمی بەعس دەرهەق بە کوردی فەیلی زۆر بوو، بەڵام گواستنەوە و کۆچپێکردنی بە زۆرەملێ لە دیارترینی ئەو تاوانانە بوو، کە مۆرکێکی شۆڤێنی پێوەیە، پرسیار لێرەدا ئەوەیە تا چەند ئەم تاوانە مۆرکێکی نێودەوڵەتی وەرگرتووە؟**

- بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکەتان سەرەتا پێویستە کەمێك بگەڕێینەوە بۆ دواوە، بۆ ئەو سەردەمەی کوردی فەیلی لە بەغدا و ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی دیجلە قورساییەکی گەورەیان هەبوو، زۆربەی کاسبکار و پیشەوەر و بازرگان و فەرمانبەران کوردی فەیلی بوون. ژمارەیەکی یەکجار زۆری گوند و شار و شارۆچکەیان هەبوو. ناوچەکانی خانەقین و دیالە دەوڵەمەند بوون بە کێڵگەی نەوت و باخ و خاکی بەپیتی کشتوکاڵی، خۆ هەر لە سەردەمی عوسمانییەوە قەسر شیرین و ئیلام و تا ناوچەکانی ئەهواز لە سنووری عێراق بوون، لەدوای داگیرکردنی ئینگلیز و ڕێککەوتنەکانی نێوان دەوڵەتی سەفەوی و عوسمانی سنوورەکەیان دابەش کرد و کوردی فەیلی کەوتنە هەر دوو سنووری عێراق و ئێرانەوە، لە کاتێکدا کوردی فەیلی خەڵکی ڕەسەنی بەغدا و سەرجەم ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی دیجلەن، بەڵام کوردی فەیلی بە پاساوی (التبعية الايرانية) گوایە بە ڕەچەڵەك ئێرانین، بە زۆرەملێ ڕاپێچی ئێرانیان کردن و ماڵ و حاڵیان دەستی بە سەردا گیرا و، بە بڕیاری ٦٦٦ی مەجلس قیادەی سەورە مافی هاووڵاتیبوونیان لێ سەندنەوە.

*** لەگەڵ ئەم ڕابردووە پڕ شۆڕشگێڕییە و دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس، بۆچی حکومەتی عێراق هەنگاوی جددی نەناوە بۆ قەرەبووکردنەوەی کوردی فەیلی و گەڕانەوەی پێگەی ڕاستەقینەیان لەناو پرۆسەی سیاسیدا؟**

- لە بواری سیاسییەوە کوردی فەیلی لاوازن، ئەوەتا لەگەڵ ئەوەی لە دوای ٢٠٠٣ ی ڕووخانی ڕژێمی بەعس دادگای تاوانەکانی عێراق بڕیاری بۆ بەرژەوەندی کوردی فەیلی دەرکرد و تاوانی ڕژێمی بەعسی دەرهەق بە کوردی فەیلی بە جینۆساید دانا، حکومەتی عێراق و پەرلەمانیش ئەم بڕیارەیان پەسەند کردووە، باشە چی ڕوویدا؟ کوردەکان لە هەرێمی کوردستان گیرۆدەی ململانێی حزبی بوون و کێشە و قەیرانی دارایی خۆیان هەیە و ناوچەکانی کوردی فەیلییش لە دەرەوەی سنوورەکانی هەرێمن، تەنانەت لە ئێستادا کورد لە بەغداش یەکڕیز و یەکگرتوو نین، شیعەکانیش سەرقاڵی کاری خۆیانن و ئایدیۆلۆژیەتی شیعەگەرایان هەیە و ڕێڕەوی هاتوچۆی وشکانییان بۆ بەیروت و دیمەشق، بە بەدرە و جەسان و زرباتییە و مەندەلی و خانەقین واتە لە سنووری کوردی فەیلی تێپەڕ دەبێت. حزب و گرووپە چەکدارەکانی شیعە سەرقاڵی بەهێزکردنی پێگەی خۆیانن لەم ناوچانە و ماددەی ١٤٠ ی دەستووریش لە ڕووی کردارەوە کاری پێ ناکرێت. هەر خۆی لە خۆیدا کوردی فەیلی پەرشوبڵاو بوونەوە و زۆریان ڕوویان لە هەندەران کرد و ژمارەیەکیشیان لە ئۆردوگاکانی ئێران نەگەڕانەوە، ئەوانەشی ویستیان ڕەگەزنامە دەربکەن، لەبەر ئەوەی داتا و بەیانات نییە، گەڕانەوەی ئەم ڕەگەزنامەیە زۆر زەحمەت بووە. داگیرکردنی ماڵ و سامانیان کە چەندین جار کڕین و فرۆشتنیان پێوە کراوە، ئەویش بووەتە پرۆسەیەکی زۆر قورس و تەنانەت قەرەبووەکەش بەپێی ئەو ماڵ و خاکە نییە کە لە کاتی ئێستادا لەناو جەرگەی بەغدا و سەنتەری شار و شارۆچکەکان بەهاکەی زۆر بەرز بووەتەوە. گەڕانەوەی مافی کوردی فەیلی پێویستە لە ناو جەرگەی بەغدا بێت و شوێنی ڕەسەنی کوردی فەیلی لەناو جەرگەی دەسەڵاتدا بێت، ئەم بابەتە بە کۆنفرانس و کۆنگرە و ڕێکخراو چارەسەر نابێت. لەلایەکی دیکەوە لەبەر ئەوەی کوردی فەیلی لە کرماشان و زۆر ناوچەی دیکەی ئێران بوونیان هەیە، بۆیە چارەسەر و یەکلاکردنەوەی دۆزە ڕەواکەیان بە هاوشێوەی کوردەکان لە بەرژەوەندیی زۆر حکومەت و وڵاتی ناوچەکە نییە. لە گەرمیان هەندێك گوند و شارەدێ هەبوون لە ئێستادا بوونەتە شاری گەورە و قەرەباڵغ، کەچی شار و شارۆچکەکانی



کوردی فەیلی نەك هەر گەورە و فراوان نەبوون، بەڵکو گوندەکانیشیان چۆڵ کراون.

*** پێشنیاری ئێوەی کوردی فەیلی بۆ بەجینۆسایدناساندنی کوردی فەیلی و گەڕانەوەی ناسنامە و مافەکانتان چییە؟**

- هەڵگرتنی زوڵم و قەرەبووکردنەوەی مافەکانیان پێویست بەوە دەکات مادده و بڕگە دەستوورییەکان وەکو خۆی جێبەجێ بکرێت، هەر لە یەکسانی و هاووڵاتیبوونەوە تاوەکو هەڵگرتنی هەموو ئەو کۆت و بەربەستانەی دێتە بەردەم گەڕانەوەی ڕەگەزنامەکانی کوردی فەیلی، بۆ ئەمەش دەبێت یاسای نوێ لەپەرلەمان بۆ گەڕانەوەی ڕەگەزنامە دەربچێت. دواتر لەناو پەرلەمان و دەزگا تەشریعی و جێبەجێکارەکەی حکومەت و کۆمیسیۆنی باڵای مافی مرۆڤ و هەڵبژاردن و کورسی و دەسەڵاتی کوردی فەیلی دیار و ڕوون بێت، هاوکات پێویستە ئەم هەنگاوانە بنرێن:

١- کارکردن بەوەی فەیلی پێکهاتەیەکی ڕەسەن و سەرەکین لە عێراقدا.

٢- سیستەمی کۆتا بۆ پێکهاتەی فەیلی دابنرێت.

٣- لەگەڵ نزیکبوونەوەی پرۆسەی سەرژمێریی گشتیی عێراق، پێویستە ژمارەی ڕاستەقینەی کوردی فەیلی دەربکەوێت، کە هەندێك سەرچاوە بە دوو ملیۆن کەسی دادەنێن.

٤- نوێنەرایەتیی کوردی فەیلی لە کۆمیسیۆنی باڵای مافی مرۆڤ و هەڵبژاردن دابنرێت.

٥- ڕاوێژکارێك لە ئەنجومەنی وەزیران و سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان و پەرلەمان دابنرێت.

٦- دانانی لێژنەیەکی یاسایی پەیوەندیدار بە شیکردنەوە و بەدواداچوونی بڕیارەکانی دادگا و تاوانەکانی عێراق.

٧- دامەزرانی ئەنجومەنی هۆزە فەیلییەکان.

٨- گوتاری کوردی فەیلی یەکگرتوو بێت.

٩- دامەزراندنی ئەنجومەنێك لە حاکم و قازی و چالاکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، بۆ ئەنجامدانی کۆنگرەیەکی نێودەوڵەتی بۆ گەڕانەوەی ماف و هاووڵاتیبوونی کوردی فەیلی.

١٠- کارکردن بۆ گەڕانەوەی ئەو کوردە فەیلییانەی لەناو ئۆردوگاکان ژیان بەسەر دەبەن.

**لە گەرمیان هەندێک گوند و شارەدێ هەبوون لە ئێستادا بوونەتە شاری گەورە و قەرەباڵغ، کەچی شار و شارۆچکەکانی کوردانی فەیلی نەک هەر گەورە و فراوان نەبوون، بەڵکو گوندەکانیشیان چۆڵ کراون**



مامۆستا مەلا تەحسین عەبدولواحید خۆشناو

شارەزا و پسپۆڕ لە شەریعەتی ئایینی ئیسلام بۆ گوڵان:

# ئەگەر سیاسەتێک ڕەش بکاتە سپی و سپی بکاتە ڕەش، ئەو جۆرە سیاسەتە بە هیچ جۆرێک لەگەڵ ئیسلام ناگونجێت

**دەبێت موسڵمانان لە هەموو کەسانێک زیاتر خۆیان لە توندوتیژی دوور بگرن**

# بە هیچ جۆرێک ڕەوا و گونجاو نییە و ناکرێت هەر کەسێک، یان لایەن و گرووپێک لەلایەن خۆیانەوە فتوا بدەن

**لە دوای ڕووخانی خەلافەتی ئیسلامی لە ئەستەنبووڵ، ڕێکخراوی ئیخوان موسلیمین و چەندین ڕێکخستنی دیکە لەسەر فکری ئیسلامی دروست بوون، کە لەلایەن ئەوانەوە ئیسلام کراوەتە عیبادات و سیاسەت، ئایا ئەم دابەشکردنە مەترسیدار نییە؟ بۆچی گرووپ و لایەنی ئیسلامی هەن، کە خاك و نیشتمان و بەها پیرۆزەکانی وەکو ئاڵا و سرووودی نیشتمانی لایان پیرۆز نییە؟ بۆ وەڵامی ئەو پرسیارانە و چەندین پرسیاری دیکە گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ مامۆستا مەلا تەحسین عەبدولواحید خۆشناو شارەزا و پسپۆڕ لە شەریعەتی ئایینی ئیسلام و پێشنوێژ و وانەبێژ و وتاربێژ لە گوندی (حوجران، گردەچاڵ) و ئەندامی ئەنجومەنی ناوەندی و بەرپرسی لقی شەقڵاوەی یەکێتیی زانایانی ئایینی ئیسلامیی کوردستان ئەنجام دا.**

*** ئایا ئایینی پیرۆزی ئیسلام بە شێوەیەکی گشتی سیاسەتی تێدایە؟ ئایا دەکرێت ئیسلام دابەشی سەر عیبادات و سیاسەت بێت، چونکە دوای ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە ئەستەنبۆل چەندین گرووپ و لایەنی وەکو ئیخوان موسلیمین دروست بوون، کە ئیسلامیان وەکو عیبادات و سیاسەت بەکار دەهێنا، ئایا ئەم دابەشکردنەی ئیسلام بۆ ئیسلامی سیاسی و عیبادات تا چەند خزمەتی بە ئیسلام کردووە؟**

- ئەگەر مەبەست لە سیاسەتی میکافیلی بێت، واتە فرت و فێڵکردن لە خەڵك و پیشاندانی سپی بە ڕەش و بەپێچەوانەشەوە و گرتنەبەری هەموو ڕێگایەکی شەرعی و ناشەرعی بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوەندیی تایبەتی و دەسەڵات و مانەوە لە دەسەڵات بە یاسای چەوتی (الغاية تبرر الوسيلة)، ئەوا ئەو جۆرە سیاسەتە بە هیچ جۆرێك لەگەڵ ئیسلام ناگونجێت و ئایینی پیرۆزی ئیسلام لێی بێبەرییە، بەڵام لە کاتێکدا سیاسەت بە مانای هونەری بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بێت، بە شێوەیەکی دادگەری و دوور لە زوڵم و ستەم، یان بە مانای پەیوەندییەکی جوان و شەرعی و دادگەرانە بێت لەگەڵ لێپێچینەوە لە نێوان خاوەن دەسەڵات و بێدەسەڵاتەکان، ئەوە ئەو جۆرە سیاسەتە بەشێکی جیانەکراوەیە لە ئایینی پیرۆزی ئیسلام و هەموو ئایینەکانی دیکە. پێغەمبەری گەورەی ئیسلام (د.خ)دەفەرموێت: «كَانَتْ بَنُو إِسْرَائِيلَ تَسُوسُهُمُ الأَنْبِيَاءُ، كُلَّما هَلَكَ نَبِيٌّ خَلَفَهُ نَبِيٌّ»، هەروەها بوونی خەلیفە و ڕێکخستنی کار و یاسای بەیعەت و هودنە و تۆڵەسەندنەوە لە بکوژ و ڕێکخستنی بازاڕ و پاراستنی سەلامەتیی نێوان دینەکان و مەزهەبەکان و بیروباوەڕە جیاکان خۆی لە خۆیدا ئەوە سیاسەت و هونەری بەڕێوەبردنە لە مێژووی دوور و درێژی ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا، بەڵام هەر دابەشکردنێك لە ئایینی ئیسلام بکرێت بۆ عیبادات و سیاسەت، بەتایبەتی لەلایەن ئەو گرووپانەی لەژێر پەردەی ئیسلام ئەو کارە دەکەن، جێگای پەسند و قبووڵکراو نییە، چونکە

**بوونی خەلیفە و ڕێکخستنی کار و یاسای بەیعەت و هودنە و تۆڵەسەندنەوە لە بکوژ و ڕێکخستنی بازاڕ و پاراستنی سەلامەتیی نێوان دینەکان و مەزهەبەکان و بیروباوەڕە جیاکان خۆی لە خۆیدا ئەوە سیاسەت و هونەری بەڕێوەبردنە لە مێژووی دوور و درێژی ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا**

دەبێتە هۆکارێك بۆ پەرتەوازەیی کۆمەڵگە و مەترسیی گەورە دروست دەکات.

*** ئەوە دەرکەوتووە کە هەندێك لە هەڵگرانی فیکری ئیسلامی سیاسی بایەخ بە پرسی خاك و نەتەوە نادەن و پیرۆزییەکانی نەتەوە بێبەها دەکەن، لێرەش لە کوردستان هەندێ جار ئەوە دەبینین کە پرۆگرامەکانیان سڕینەوەی هزری نەتەوەیی و نیشتمانییە. ئایا سڕینەوەی ئینتیما و پیرۆزییەکانی نیشتمانی چ کارەساتێکی لێ دەکەوێتەوە؟ ئایا ئایینی پیرۆزی ئیسلام تا چەند بەرگری لە خاك و نیشتمان بە ئەرك و واجب دەزانێت؟**

- وەکو لە لای هەموو لایەکمان زانراوە، ئەوەندەی ئایینی پیرۆزی ئیسلام و هەڵگرانی پەیامی ڕاستەقینەی ئەم ئایینە بایەخیان بە ئینتیمای نیشتمانی و گرنگیی پارێزگاریکردن لە خاك و نەتەوە و نیشتمان داوە، هیچ لایەنێکی دیکە بەو ڕاددەیە بایەخیان پێ نەداوە. واتە هیچ بیردۆز و ڕەوت و کۆمەڵ و گرووپێکی ڕاست و چەوت نەیانتوانیوە (١٪)ی ئەوەندەی ئیسلام گرنگیی بە پارێزگاریکردن لە خاك و نەتەوە و نیشتمان داوە، بایەخی پێبدەن، ئەگەر بایەخیشیان پێدابێت، لەپێناو پارێزگاریکردن لە بەرژەوەندییەکانیان بووە. دیارە کە یاسایەکی نێودەڵەتی هەیە بۆ هەر گەل و نەتەوەیەك کە دەبێت بە دەوڵەت، ئەویش بریتییە لە خاك و نەتەوە و هێز و سەرچاوەی داهات، ئەمانەش ئەو بنەمایانەن کە لەگەڵ ئایینی ئیسلام یەك دەگرنەوە. هەر بۆیە هەر کەسێك ئەلفوبێیەك لە ئیسلام بزانێت، دەبێت ددان بەو ڕاستییەدا بنێت کە لە کاتێك خاك و نیشتمان و ئازادی نەبێت، ئەوا بەندایەتی و خواپەرستییش بە ئاسانی ئەنجام نادرێت. هەر بۆیە خۆشەویستیی خاك و نیشتمان و بەرگری لێکردنی و پاراستن و پارێزگاری لێکردنی پێش هەموو کەسێك لەسەر موسڵمان و خواپەرستان پێویست و ئەرکە.

*** ئێمەی کورد وەك گەلێکی موسڵمان، خاوەنی مێژوویەکی پاکی موسڵمانیەتی و کوردایەتین و چەندین زانای گەورەی ئیسلامیمان هەبووە و هەیە. بۆچی هەندێ کەس و گرووپ ئەم مێژووە فەرامۆش دەکەن و دەیانەوێت مێژوویەکی دیکە لە کوردستان بڵاو بکەنەوە، کە ئەویش مێژووی عەرەبییە؟**

- ئێمە گەلێکی موسڵمانین و بەبێ هیچ توندوتیژییەك باوەڕمان بەو ئایینە پیرۆزە هێناوە و کەسایەتی و زانای زۆر گەورەمان بۆ خزمەتی ئیسلام هەبووە و هەیە و سەرکردەی نەبەردی وەکو سەلاحەدینی ئەیووبیمان هەبووە، بەڵام ئێمەی گەلی کوردی موسڵمان دوو جۆر لە مێژوومان هەیە، کە مێژووی ئایین و ئاییندارییە، لەم مێژووەدا هەموو چین و توێژ و زمان و نەتەوەکان هاوبەشین و لێك نزیکین، بەتایبەتی نەتەوەی کورد لەگەڵ عەرەب، ئەوەش هەم لە سنوور و دراوسێیەتی و هەم لە خزمەتی لێکدانەوەی دەقەکان و هەم لە پاراستنی بەهای پیرۆزی ئایینی ئیسلام، واتە خاڵی هاوبەشمان یەکجار زۆرە لەگەڵ عەرەب و مێژووی ئایینی، بەڵام ئەوە مانای ئەوە نییە کە کەسانێك بیانەوێت مێژووی عەرەب بەسەر نەتەوەو گەلی کورددا بسەپێنن و مێژووی خۆمان لەبیر ببەنەوە. جۆری دووەمی مێژوومان مێژووی تایبەتی گەلی کورد و نەتەوەکەمانە ئەویش وەکو تێکۆشان بۆ ئازادی و سەرکەوتن و شۆڕشەکانی ڕزگاریخوازیی گەلەکەمان بۆ سەربەخۆیی و.. تاد، بەڵام دەکرێت ئێمە گرنگی بە هەر دوو مێژوو بدەین، کە ئاماژەمان پێدا، کە ئەمەش بۆ وەرگرتنی ئەزموون و گەیشتنە بە مافە ڕەواکانمان.

*** ئایا ئایینی ئیسلام بۆ ئاشتی و لێبوردەیی و پێکەوەژیانە، یان بۆ بەرهەمهێنانی توندوتیژییە؟ ئایا چاندنی تۆوی توندوتیژی و ئیرهاب لە کۆمەڵگە، تا چەند کۆمەڵگە بەرەو ناسەقامگیری و کاولبوون دەبات؟**

- ئایینی پیرۆزی ئیسلام نەك هەر لەناو موسڵمانان، بگرە لەگەڵ ئایینەکانی دیکەش هەمیشە داکۆکی لە ئاشتی و تەبایی و برایەتی و لێبوردەیی دەکات، وشەی ئیسلامیش بە مانای ئاشتی و سەلامەتی دێت، کە بە دەیان جار لە قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی پێغەمبەر محەمەد (د.خ) دووبارە بوونەتەوە، بەڵام با بزانین پەرگیری خراپە و تێکدەر چ ئەوانەی بە ناوی موسڵمان ئەنجامی بدەن، چ کریستیان و چ جوولەکە و چ هەر دین و بیروباوڕ و بیردۆز و کۆمەڵێك بیکەن، تێکدەری ماددی و مەعنەوییە، هاوکات تێکدەری دەروونی و جەستەیییە، هەموو ئەمانە تێکدەری شەرع و یاسایە، بۆیە دەبێت

**هەر دابەشکردنێک لە ئایینی ئیسلام بکرێت بۆ عیبادات و سیاسەت، بەتایبەتی لەلایەن ئەو گرووپانەی لەژێر پەردەی ئیسلام ئەو کارە دەکەن، جێگای پەسند و قبووڵکراو نییە، چونکە دەبێتە هۆکارێک بۆ پەرتەوازەیی کۆمەڵگە و مەترسیی گەورە دروست دەکات**

**یاسایەکی نێودەڵەتی هەیە بۆ هەر گەل و نەتەوەیەک کە دەبێت بە دەوڵەت، ئەویش بریتییە لە خاک و نەتەوە و هێز و سەرچاوەی داهات، ئەمانەش ئەو بنەمایانەن کە لەگەڵ ئایینی ئیسلام یەک دەگرێتەوە**

**هەر کەسێک ئەلفوبێیەک لە ئیسلام بزانێت، دەبێت ددان بەو ڕاستییەدا بنێت کە لە کاتێک خاک و نیشتمان و ئازادی نەبێت، ئەوا بەندایەتی و خواپەرستییش بە ئاسانی ئەنجام نادرێت**

**فتوادەری خراپ و نەزان کارەسات دروست دەکات و دنیا لە خەڵک دەکاتە دۆزەخ و ئاژاوە دەخوڵقێنێت و خانەوادە و کۆمەڵگە پەرشوبڵاو دەکاتەوە**



خەڵك و كەسانی موسڵمان زیاتر لە هەموو كەسانێك خۆیان لە هەموو جۆرەكانی توندوتیژی دوور بگرن، چ هزری و بیروباوەڕی، چ لە كایەی پراكتیكی، چونكە ئەو كارو هزر و توندوتیژییانە دەبنە هۆكارێكی سەرەكی بۆ بڵاوبوونەوەی ڕەق و كینە و تێكدانی كۆمەڵگە.

*** خاڵێكی دیكەی زۆر گرنگ لە ئایینی پیرۆزی ئیسلام «فتوادان»ە، ئایا لە ئیسلامدا دەبێت كێ و چۆن فتوا بدرێت؟ وەكو ئاشكرایە لەلایەن حكومەت و لیژنەی باڵای فتوا، یان ئەمیری موئمینین دەكرێت فتوا بدرێت، بەڵام هەندێ كەس و گرووپ و لایەن لەلای خۆیانەوە فتوا دەدەن، ئایا فتوادان بەو شێوەیە لە دەرەوەی لیژنەی باڵای فتوادان ئەمە بێماناكردنی فتوا و دروستكردنی ئاژاوەوە نیە لە كۆمەڵگەدا؟**

- دیارە فتوادان بەشێكی گرنگی ئایینی پیرۆزی ئیسلامە، چونكە بڕیاردانە لە جیاتی خودای گەورە، هەر لەبەر ئەوەشە پێغەمبەری ئیسلام (د.خ) دەفەرموویت «أجرَؤكم على الفُتْيا أجْرؤُكم على النَّارِ». بێگومان فتوادەری خراپ و نەزان كارەسات دروست دەكات و دنیا لە خەڵك دەكاتە دۆزەخ و ئاژاوە دەخوڵقێنێت و خانەوادە و كۆمەڵگە پەرشوبڵاو دەكاتەوە، هەر بۆیە پێویستە فتوادەر كەسێكی شارەزای تەواو بێت لە هەموو لایەنەكانی قورئان و فەرموودەی پێغەمبەر و ئایینی پیرۆزی ئیسلام و زانا و خاوەن ئەزموون و باوەڕپێكراوی خەڵك و كۆمەڵگە بێت و گەیشتبێتە پلەی موفتی، لەلایەكی دیكەوە دەبێت لەلایەن حكومەت و لایەنی پەیوەندیدارەوە لیژنەی باڵای فتوا دابمەزرێنێت كە لە كەسانی زاناو شارەزاو خاوەن ئەزموون بن لە تەواوی شەریعەتی ئایینی پیرۆزی ئیسلام و شوێنێكی دیار و ئاشكرایان هەبێت بۆ ئەوەی خەڵك و كۆمەڵگە و هەموو چین و توێژەكان پشتیان پێ ببەستن، هەر وەكو ئەو ئەنجومەنی باڵای فتوادانە كە لە هەرێمی كوردستان دامەزراوە و بۆ هەر فتوایەكیش ئەو زانا و موفتی و لیژنەیەی كە هەیە، تا دواهەنگا دەبێت ڕاوێژ بە كەسانی زانا و پسپۆڕ و خاوەن ئەزموون لەسەر ئایینی پیرۆزی ئیسلام بكەن، ئەو كات دەكرێت فتوایەكی گونجاو بدرێت، واتە بە هیچ جۆرێك ڕەوا و گونجاو نییە و ناكرێت هەر كەسێك، یان لایەن و گرووپێك لەلایەن خۆیانەوە فتوا بدەن.

له هه‌زاره‌ی سێیه‌مدا

# هێشتا ئافره‌تان ڕووبه‌ڕووی کێشه‌ی جۆراوجۆر ده‌بنه‌وه



**لە کۆمەڵگە نەریتییەکان بە کوردستانیشەوە، تا ئەمڕۆ پەیوەندیی خۆشەویستی لە نێوان کچ و کوڕدا پەیوەندییەکی قبووڵ نەکراوە و بە پاساوی جیا جیا لە لایەن خێزان و کۆمەڵگەوە ڕەت دەکرێتەوە.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

ئاواز ئەمجەد وەك خۆی باسی دەکات بەهۆی ئەوەی پەیوەندییەکی کورتخایەنی لەگەڵ کوڕێکدا هەبووە، دوای ئاشکرابوونی پەیوەندییەکەیان باوکی حاشای لێ کردووە.
ئاواز ئەمجەد ئافرەتێکی گەنمڕەنگی باڵا بەرزە و تەمەنی ۳۷ ساڵە، ئەو دانیشتووی شاری هەولێرە و لە دانیشتنێکدا بە ئازارەوە پەردە لەسەر خەمە کەڵەکەبووەکانی ناخی لا دەدات و بەم جۆرە باسی دەکات.
لە خێزانێکی عەشایەر و دایك و باوکێکی نەخوێندەوار پەروەردە بووم، ئێمە چوار خوشکین و برامان نییە، هەمیشە دایکم دەیگوت برا شوانی خوشکانە، بەردەوام ئامۆژگاریی دەکردین و دەیگوت لەبەر ئەوەی براتان نییە دەبێت زۆر ئاگاتان لە خۆتان بێت.
ماموژنەکانم چونکە کوڕیان هەبوو، هەمیشە پۆزیان لەسەر دایکم لێ دەدا و بە چاوی کەم تەماشای من و خوشکەکانمیان دەکرد، دوو ساڵ پێش ئێستا کوڕێکم ناسی و خۆشم ویست، ئامانجی هەردووکیشمان هاوسەرگیری بوو، پاشان من منداڵ نەبووم، تەمەنم گەیشتبووە ۳۵ ساڵ و زۆر بە باشی چاکە و خراپەی خۆمم دەزانی، ئەو داوای پەیوەندیی لێکردم، بەڵام من ڕەتم کردەوە و پێم گوت ناتوانم پەیوەندیم لەگەڵت هەبێت، چونکە خێزانەکەم زۆر داخراون و ڕێگە بەوە نادەن، دوای چەند مانگێك کوڕەکەم لە بازاڕ بینی و پێی ڕاگەیاندم کە هەفتەی داهاتوو دێتە داوام، لەو کاتەدا کچە مامەکەم بە پەیوەندیی نێوان ئێمەی زانی، کە چەند مانگێك بوو یەکترمان ناسی بوو، بەڵام بەداخەوە زانینی کچە مامەکەم بە پەیوەندییەکەمان ئاکامی باشی نەبوو، هەرچەندە ئەو کاتە زۆر لێی پاڕامەوە کە هیچ شتێك بە کەس نەڵێت، پێم گوت سوێند بەخودا ئەو کوڕە هەفتەیەکی دیکە دێتە داوام، بەڵام سوودی نەبوو، بۆ شەو لە دەرگا درا، لەگەڵ دەنگی دەرگا دڵم داخورپا و زانیم شتێك دەقەومێ، بۆچوونەکەم ڕاست دەرچوو، هەموو مام و ئامۆزاکانم بوون، بەبێ سەلامکردن بە ژوورکەوتن، زانیم کچە مامم و ماموژنەکەم دەستی خۆیان وەشاندووە و قسەکەیان گەیاندووەتە پیاوان، پێش ئەوەی دابنیشن بە باوکمیان گوت کچەکەت حەیا و نامووسی بردووین و ئەمڕۆ لەسەر جادە لەگەڵ پیاوێك پێکەوە بوون، باوکم کە گوێی لەو قسانە بوو، وەزعی تێکچوو و بووڕایەوە، هەر ئەو شەوە بە گۆچانەکەی دەستی لە من و لە دایکمی دا، لەو ڕۆژەوە ژیانم وێران بوو، دوای پێنج ڕۆژ خۆشەویستەکەم هاتە خوازبێنیم، باوکم ڕازی بوو، بەڵام پێی گوتم نەگەڕێیتەوە ئەمماڵە و بۆ هەتا هەتایە حاشام لێ کردوویت.
هەرچەندە دوو ساڵ بەسەر ئەو ڕووداوە تێپەڕیوە، بەڵام باوکم تائێستاش ئامادە نییە قسەم لەگەڵدا بکات، چەند جارێك بە دایکم و خوشکەکانمدا جوابم بۆی ناردووە تاوەکو لێم خۆشبێت، بەڵام ئەو هەمیشە دەڵێت مەمنونی خودا بە، کە لە ترسی خودا نەم کوشتووی، پێم دەڵێت بەهۆی بێ عەقڵیی تۆوە سەرم لای برا و برازاکانم شۆڕ بووە».

# پەروەردەكاران دەخوازن تەكنەلۆژیا بخرێتە خزمەت پەروەردە و فێركردن

**ئێستا تەكنەلۆژیا بووەتە بڕبڕەی پشتی پرۆسەی فێربوون، بەتایبەت لە وڵاتانی پێشكەوتوو**

**دەكرێ خێزانەكان وا لە منداڵەكان بكەن لە بری كات بەسەربردن بەهۆی یارییەكان، بە ئامێرەكەی دەستیان بە شێوەی ئۆنلاین بەژداری خولەكانی فێربوون بن**

لاجان خۆشناو وەك مامۆستای پەروەردەی وەرزش، دەڵێت: «پەروەردە لەگەڵ پێشكەوتنی خێرای تەكنەلۆژیادا هەمیشە ئامرازێكی گرنگ بووە بۆ پێشكەوتنی قوتابی، كاتی ئەوە هاتووە بیر لەوە بكەینەوە كە بزانین داهاتووی پەروەردە بە چ ئاراستەیەك و بەرەو كوێ دەڕوات؟ ڕوونە كە پەروەردە لە شێوازی فێربوون، فێركردن و دەستگەیشتن بە زانیاری بەردەوام دەبێت، بەڵام ڕوون نییە ئاخۆ داهاتووی پەروەردە لە سەردەمی تەكنەلۆژیادا چۆن دەبێت»، لاجان خۆشناو لە درێژەی قسەكانیدا دەڵێت: «هەموومان لەوە دڵنیاین كە تەكنەلۆژیا لە شێوازی فێربووندا توانای هەڵگیرسانی شۆڕشی هەیە، ئەویش لەگەڵ دەركەوتنی پلاتفۆرمەكانی فێربوونی ئۆنلاین و ناو پۆل، بەهۆی تەكنەلۆژیاوە قوتابیان زانیاری و سەرچاوەی زۆریان لە بەردەستدایە، ئەوان دەتوانن لە هەموو شوێنێك و لە هەر كاتێكدا ئامادەی وانەكان ببن و بە خێرایی فێر ببن، سیستمی پەروەردەی تەقلیدی، كە زۆرجار بەهۆی نەگونجاوی و بەسەرچوونەوە ڕەخنەی لێ دەگیرێت، ئێستا دەتوانرێت تەكنەلۆژیا لە قوتابخانەكاندا لەگەڵ پێداویستیی تاكەكانی قوتابیان بگونجێندرێت، كاتێكیش ئەو بەرنامەیە جێبەجێ كرا، ڕاستەوخۆ قوتابی هان دەدات تاوەكو بۆ دەستخستنی زانست و لایەنی فێربوون بەكاری بهێنێت و لەوە تێدەگەن كە تەكنەلۆژیا ئامرازێكی گرنگی فێر بوونە».

عوبێد خدر مامۆستا و كۆمەڵناس، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «بێگومان پێشكەوتنی زانست و تەكنەلۆژیا كاریگەرییەكی زۆری لەسەر تەواوی كایەكانی ژیان كردووە، بەتایبەت لە ڕووە پەروەردەیی و كۆمەڵایەتی و دەروونییەكەیەوە، ڕاستە زانست و تەكنەلۆژیا خزمەتی گەورەی بە مرۆڤایەتی كردووە، زانیاری و داتا بە ئاسانی و بە زوویی دەگاتە دەست مرۆڤەكان و كارئاسانیی زۆری بۆ كاروباری ژیان دروست كردووە، بەڵام لە لایەكی دیكەوە بەهۆی دروست بەكارنەهێنانییەوە زیانی زۆری بە پرۆسەی پەروەردە و پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكان گەیاندووە، بەتایبەتی منداڵان، لەبەر ئەوەی قۆناغی منداڵی قۆناغێكی هەستیار و ناسكە و سەرەتای پرۆسەی پەروەردەیە»، مامۆستا عوبێد لە درێژەی قسەكانیدا دەڵێت: «مامەڵەكردن و بەكارهێنانی تەكنەلۆژیا لە لایەن منداڵەوە، وەك: ئامێرەكانی ئایپاد و مۆبایل و هەندێك جار سەیركردنی بەردەوامیی تەلەفزیۆنیش، بووەتە مۆتەكەیەكی ترسناك و زیانی گەورەی بە تەمەنی ئاسایی منداڵ گەیاندووە، بەڵام دەكرێت لە



**بە گوێرەی ئەزموونی چەند ساڵی ڕابردووی دۆخی پەروەردە و فێرکردن و بەپێی گوتاری پەروەردەکاران، دەردەکەوێت کە سیستمی پەروەردە و فێرکردن لە هەرێمی کوردستان لە سەردەمی شۆڕشی تەکنەلۆژیادا پێویستی بە گۆڕانکاری و چاکسازی هەیە، لەم ڕوانگەیەوە و لە ڕاپۆرتێکی گۆڤاری گوڵاندا پسپۆڕانی بواری پەروەردە باس لە ڕەهەندەکانی چاکسازی و گۆڕانکارییەکان دەکەن.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

بواری فێربوون و زانستدا سوودی لێ وەربگیرێت، لەبەر ئەوەی ئێستا تەکنەلۆژیا بووەتە بڕبڕەی پشتی پرۆسەی فێربوون، بەتایبەت لە وڵاتانی پێشکەوتوو، بە بەکارهێنانی داتاشۆ و شێوازی نوێی فێربوون، چەندین کەرەستە و ئامێری نوێ بەکار دێت، تەنانەت لە هەندێك لە وڵاتان کتێب وەك پرۆگرامی خوێندن بەکار نایەت، بەڵکو قوتابیان لە ڕێگەی ئایپادەوە فێر دەکرێن، جگە لە شێوازی ئۆنلاین کە لە کاتی پەتای کۆرۆنادا لە هەرێمی کوردستانیش بەکار هێنرا، ئەمەش لە ڕێگەی ئەنتەرنێت و تەکنەلۆژیای نوێوە بەکار هێنرا و تا ئاستێکی باشیش یارمەتیدەر بوو بۆ فێربوون».

شلێر عەبدولسەلام مامۆستای گرێبەست، لەبارەی گرنگیی تەکنەلۆژیا لە بواری فێرکردندا ڕای دیکەی هەیە و هێما بۆ ئەوە دەکات: «ئاشکرا و بەڵگەنەویستە کە زانست و تەکنەلۆژیا ڕێڕەوی ژیانی مرۆڤیان گۆڕی و خزمەتێکی بێ وێنەیان بە مرۆڤ گەیاندووە، لە زۆرینەی بوارەکاندا ئاسانکار و ئامرازێك بووە بۆ لەیەك نزیك کردنەوەی جیهان، بەڵام ئەوەی لێرەدا دەمەوێ ئاماژەی پێ بدەم، ئەوەیە کە ڕۆڵی زانست و تەکنەلۆژیا لە بواری پەروەردەکردنی منداڵدا بە چ ئاراستەیەکدا دەڕوات، ئاشکرایە مرۆڤەکان لە بیرکردنەوە و شێوازی ژیانکردندا لە یەکتر جیاوازن، بۆیە لە مامەڵەکردنیش لەگەڵ هەموو لایەنەکانی ژیاندا لە یەکتر جیاوازن، نموونەی زانست و تەکنەلۆژیا کە بەشێك لە خێزانەکان هۆشیارن بە لایەنە باش و خراپەکانی تەکنەلۆژیا ڕێوشوێن بۆ منداڵەکانیان دادەنێن، ئەویش وەك دیاریکردنی کاتی بەکارهێنانی ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان و سانسۆرکردنی هەندێ لە بەرنامەکان، کە لەگەڵ تەمەنی منداڵ ناگونجێت، ئەمەش وێڕای هۆشیارکردنەوەی منداڵەکانیان لە چۆنیەتی سوودوەرگرتن لە تەکنەلۆژیا بە شێوەیەکی گشتی، لەبری بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا لە یارییە کاتکوژەکان و ئەو بەرنامانەی کە لەگەڵ تەمەنیاندا ناگونجێن».

شلێر لە درێژەی ئاخافتنەکەیدا گوتیشی: «دەکرێ بەهۆی هۆشیاریی خێزانەکانەوە وا لە منداڵەکان بکرێت کە لە بری کاتبەسەربردن بەهۆی یارییەکان، هەوڵ بدەن بە ئامێرەکەی دەستیان بە شێوەی ئۆنلاین بەشداری لە خولەکانی فێربوونی زماندا بکەن، یان ئەو بەرنامانەی کە دەبنە هۆکارێك بۆ بەرەوپێشبردنی بەهرەکانیان وەك نیگارکێشان، وانەکانی مۆسیقا و کارە دەستییەکان. کە ئەمڕۆ بە خۆشحاڵییەوە زۆرینەی خێزانەکان دەتوانن لەم خولانە سوودمەند ببن.»

**تەکنەلۆژیا لە شێوازی فێربووندا توانای هەڵگیرسانی شۆڕشی هەیە، ئەویش لەگەڵ دەرکەوتنی پلاتفۆرمەکانی فێربوونی ئۆنلاین و ناو پۆل**

**سیستەمی پەروەردەی تەقلیدی، کە زۆرجار ڕەخنەی لێدەگیرێت، ئێستا دەتوانرێت تەکنەلۆژیا لە قوتابخانەکان لەگەڵ پێداویستی قوتابیان بگونجێندرێت**



نەجیبە محەمەد:

# بە پشتگیریی هاوسەرەکەم توانیم بە ئامانجەکەم بگەم



**ئافرەتی کورد لە دێرزەمانەوە چەقی ڕاگرتنی هاوسەنگیی خێزانەکەی بووە، هەم دایك و هەم پەروەردەکار و هەمیش پاڵپشتی و یارمەتیدەری پیاو بووە، لە ئێستاشدا لە ڕووبەڕووبوونەوەی بەربەست و ڕێگرییەکاندا خاوەنی ئیرادە و بوێرین، ئەوان هەمیشە لە ئیشوکار و بەڕێوەبردنی خێزاندا دەستباریان لەگەڵ باوك و برا و هاوسەر گرتووە، ئەمڕۆش لە سەردەمی زانست و تەکنەلۆژیادا ڕەوتی کارکردنی خانمان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە زۆربووندایە و ژمارەیەکی زۆری خانمان خاوەنی کار و پیشەی خۆیەتی.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

نەجیبە محەمەد خانمە گەنجێکی دەسترەنگین و بە توانایە و لە ئیدارەی سەربەخۆی سۆران ئارایشتگایەك بەڕێوە دەبات، خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و لە شاری شنۆ لە دایك بووە و قۆناغی بنەڕەتی تەواو کردووە، لە ئێستادا لە باشووری کوردستان نیشتەجێی ئیدارەی سەربەخۆی سۆرانە، وەك خۆی باسی دەکات ماوەی ١٠ ساڵە کاری ئارایشتگەری دەکات و شانبەشانی کارەکەی بەردەوام خولی فێرکاری بێ بەرامبەر بۆ خانمانی فێرخواز دەکاتەوە، لە هەڤپەیڤینێکیدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان ئەزموون و بەربەستەکانی کارکردنی بۆ خوێنەران باس دەکات ودەڵێت: «هەر لە تەمەنی منداڵیمەوە حەز و خولیای ئارایشتگەریم هەبوو، بەڵام بەهۆی کۆمەڵێك بەربەستەوە ئەوکات نەمتوانی لەو چوارچێوەیەدا کار بکەم، دواجار بە پشتگیریی هاوسەرەکەم توانیم بە ئامانجەکەم بگەم، هاندەری کارەکەم یەکەم کەس هاوسەرەکەم بوو، دوای ئەویش دایکی خۆشەویستم کە بە هاوکاریی هەردووکیان توانیم بگەمە ئاواتەکانم، پاڵپشتیی ئەوان بوو وای کرد تا ئەمڕۆ لە کارەکەم بەردەوام بم».

نەجیبە محەمەد لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێت: «هۆکاری پێداگیریم بۆ کارکردن ئەوە بوو کە بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیانم و گەیشتنم بە ئاواتەکانم، تواناکانم بە کاربخەم، ئەمڕۆش بە خۆشحاڵییەوە ڕەوتی کارکردنی ئافرەت لە کوردستان بەراورد بەو چەند ساڵەی ڕابردوو شکور بۆ خوای گەورە لەو پەڕی باشیدایە، دەتوانم بڵێم ئاستێکی زۆر بەرزی بە دەست هێناوە، بەتایبەتی کاری ئارایشتگەری و کاری دوورمانی و کاری دەستی پەرەی زۆریان سەندووە، من بەش بە حاڵی خۆم بە پێویستی دەزانم کە هەموو خانمێك خاوەن پیشەی خۆی بێت، جا لە هەر پلە و مەقامێکدا بێت.»

ئەو خاتوونە سەبارەت بە خولەکانی فێرکاری بەم جۆرە ڕای خۆی خستە ڕوو: «خۆم هاندەری ئەو کچانەم کە حەز بە کاری ئارایشتگەری دەکەن و زۆریش یارمەتیم داون، هیوادارم ئەو خانەوادانەی کە کچەکانیان لە کاری ساڵۆن و ئارایشتگەدا حەزی فێربوونیان هەیە بەر بەستیان بۆ دروست نەکەن، من لە ڕوانگەی خۆمەوە کاری ئارایشتگەری بە کارێکی جوان و پیرۆز دەزانم، هەر چەند دەزانم خانمی زۆر بە توانا و لێهاتوو و خاوەن بەهرەمان هەیە، بەڵام بە هۆی تێڕوانینی کۆمەڵگە بۆ پیشەی ئارایشتگەری، ناتوانن لەو بوارەدا کار بکەن، بەداخەوە هێشتا زۆر کەسی دواکەوتوو هەن کە کاری ئارایشتگەری بە حەرام دەزانن، بە پێچەوانەوە من ئەو کارە لە زۆر کاری دیکە بە پیرۆزتر دەزانم، ئامانجیشم لە کردنەوەی خولی فێرکاری بێ بەرامبەر، بۆ ئەوە بوو ئارەزوومەندان بێ جیاوازی فەقیر و دەوڵەمەند، بتوانن بەشداری لە فێر بوونی ئارایشتدا بکەن، هەمیشە ئاواتم ئەوەبووە کە هەر ئافرەتێك بتوانێت توانای خۆی بەکار بهێنێت و لەسەر پێی خۆی بوەستێت، من خۆم یەکێك بووم لەوانەی لە کاتی خۆی بەربەستم هەبوو لەوەی کە کاری ئارایشتگەری بکەم، بەتایبەتی باوکم هەر لە منداڵییەوە بەربەستی خستە بەر پێم بە بیانووی ئەوەی کە نابێت ئافرەت کار بکات، بە تایبەتی کاری ئارایشتگەری، بەڵام شکور بۆ خوای گەورە لە لایەن هاوسەرەکەمەوە توانیم بەهرەی خۆم بسەلمێنم و سوودیش بە دەوروبەرم بگەینم.»

**خانمی زۆر بە توانا و لێهاتوو خاوەن بەهرەمان هەیە بەڵام بە هۆی تێڕوانینی کۆمەڵگە بۆ پیشەی ئارایشتگەر ناتوانن لەو بوارەدا کار بکەن**

**بەداخەوە هێشتا زۆر لە خەڵکی دواکەوتوو هەنە کە کاری ئارایشتگەری بە حەرام دەزانن، بە پێچەوانەوە من ئەو کارە لە زۆر کاری تر بە پیرۆز تر دەزانم**

**باوکم هەر لە منداڵییەوە بەربەستی خستە بەر پێم بە بیانووی ئەوەی کە نابێت ئافرەت کار بکات بە تایبەتی کاری ئارایشتگەری**

پەرەنگ فەرازمەند بۆ گوڵان:

# هونەرمەندانی ئەم سەردەمە تا ڕادەیەک دەبێ بە ئاگایی زیاترەوە بەرهەمەکانیان بخوڵقێنن



**پەرەنگ فەرازمەند لە شاری مهابادی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دایکبووە، ساڵی ١٩٩٠ سەرەتای دەستپێکی فێربوون و ژەنینی ئامێری پیانۆی بووە.**
**ماوەی بیست ساڵ لە تاران و کوردستان لەگەڵ گرووپە جۆراوجۆرەکانی وەکو ئۆرکێسترای زانکۆی تاران سەرقاڵی چالاکیی هونەری بووە، ئۆرکێسترای زانکۆی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی تاران، ئۆرکێسترای میلیی سیمرغ، گرووپی سێ کەسیی موزیکی کلاسیکی ڕۆژئاوایی و گرووپی موزیکی کوردیی نیشتمان، هەروەها ساڵانێکی زۆر وانەبێژی موزیك بووە.**
**ساڵی ٢٠٠٣ وە تۆژینەوەی لەسەر موزیکی کوردی ڕۆژهەڵات و باشوور و باکووری کوردستان دەست پێکردوە و لە ساڵی ٢٠١٧دا تۆژینەوەکانی گواستووەتەوە سەر موزیکی کوردانی دیاسپۆرا لە سوید.**
**ماستەر و تێزی دکتۆراکەی لەسەر موزیکی دیاسپۆرای کورد، هەروەها بابەتی «پەیوەندی دەسەڵات و جێندەری لە موزیکی نەریتی و فرانتەیشناڵی کوردیدا» نووسیوە. لە ساڵی٢٠٢٠وە بووەتە مامۆستای ئێتنۆموزیکۆلۆژی لە زانکۆی مارتین لۆتێر (Martin Luther University) لە ئەڵمانیا.**
**سەبارەت بە موزیکی کۆن و هاوچەرخی کوردی، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ساز کرد.**

*** چۆن پێناسەی موزیکی هاوچەرخی کوردی دەکەیت؟**

- موزیکی هاوچەرخی کوردی وەکو هەموو دیاردەیەکی دیکە تووشی تێکەڵاوبوون لەگەڵ توخمە مۆسیقییەکانی کلتوورەکانی دیکەی وەك موزیکی تورکی، عەرەبی و فارسی و تەنانەت ستایلە ڕۆژئاواییەکانیش بووە، موزیکی کوردی بەراورد بە یەك سەدەی ڕابردوو بێ گومان ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتووە، هەر ئەوەش وای کردووە کە موزیکی کوردیی هاوچەرخ بە گشتی سرووشتێکی تێکەڵاوی پەیدا کردبووە، دیاردەی تێکەڵاوبوونی کلتووری بە درێژایی مێژوو و لە ناو هەموو میللەتاندا هەبووە و پێشیشی پێ ناگیرێت، لەبەر ئەوەی کە حەتمییە. لەلایەکی دیکەشەوە ئەو تێکەڵاوییە بووەتەهۆی سەرهەڵدانی ژانر و ستایلی جۆراوجۆر لە ناو موزیکی کوردیدا، کە بێگومان بەشێك لەو ژانر و ستایلانە توخمی کوردیی خۆیان زیاتر پاراستووە و بەشەکەی تریش بە پێچەوانەوە، بۆ نموونە بەرهەمەکانی کۆمەڵە هونەرمەندێك سرووشتێکی ئارابێسکیان بەخۆیانەوە گرتووە و بەشێکی دیکە خۆی زیاتر لە موزیکی فارسەکان نزیك کردووەتەوە، لە هەمان کاتدا کوالێتی زۆر باش و زۆر خراپیش لە ناو بەرهەمە تێکەڵە جۆراوجۆرەکاندا دەبیسترێت. بەڕای من هونەرمەندانی ئەم سەردەمە دەبێ تا ڕادەیەك بەئاگایی بەرهەمەکانیان بخوڵقێنن، تا میوزیکی کوردی شوناسی کوردیی خۆی لە دەست نەدات.

***سیما دیارەکانی موزیکی کوردی چین؟**

- موزیکی هەر میللەتێك سیمای تایبەت بە خۆی هەیە، کە دەبێتە هۆی ئەوەی بۆ نموونە موزیکێك بە فارسی، عەرەبی، یان بە هیندی بناسرێت، جگە لە فاکتەری زمان، ستایلی ڕیتم و موتیڤە ڕیتمییەکان، پەیژەکان، فرێکانس یان قەبارەی مەودای نێوان تۆنەکان، چۆنیەتی ئەداکردنی تۆنەکان، جۆری ئەو زینەتانەی کە لە ئەدای تۆنەکاندا بەکار دەهێنرێت، هەروەها جۆری ئامێرە سازییەکان، سیمای موزیکێك دیاری دەکەن. لە موزیکی کوردییشدا هەموو ئەو فاکتەرانە یەکلاکەرەوەن، بەڵام ئەو شتەی زیاتر سیمای موزیکی کوردی پێناسە دەکا، قوڕگی گۆرانیبێژە، کە مخابن لە سەردەمی ئەوڕۆدا قوڕگی کوردی زۆر کەم ماوە، کە ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەریی موزیکی کلتوورەکانی دیکە.

*** لە کۆن و ئێستادا چ پەیوەندییەك لە نێوان موزیکی کوردی و موزیکی گەلانی دراوسێماندا هەبووە ؟**

- بێگومان لە ڕابردوو و لە ئێستاشدا بە گشتی پەیوەندی



لە نێوان موزیکی گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەبووە، بەڵام لە ڕابردوودا بەهۆی نەبوون یان کەمییەوە کارلێکی نێوان کولتوورەکانەوە ئەو جیاوازییەی نێوان کلتورە مۆسیقییەکان زەقتر بووە، بەڵام لە سەردەمی ئێستادا بە هۆی تێکەڵاویی زیاتری کلتووری و میدیای فراوان و بە گشتی جیهانگیرییەوە، تێکەڵاوییەکی زیاتر درووست بووە لە نێوان موزیکی کوردی و موزیکی گەلانی دیکەدا. باشترین نموونە هەر سەرهەڵدانی ژانر و ستایلی جۆراوجۆری وەکو ئارابێسك لە موزیکی کوردیدایە کە لە ڕابردوودا لە کلتووری کوردیدا کەمتربووە، هەڵبەت پشکنینی وردی ئەو بابەتە دەکرێ لە پارچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان ئەنجامی جیاوازمان بخاتە بەر دەست.

*** هونەرمەند و موزیسیانانی کورد خوێندنەوەیەکی زانستییانەیان بۆ فۆلکلۆری کوردی هەیە؟**

- لە سەردەمی ئێستادا بە هۆی چوونە ناو فەزای زانستی و ئەکادیمییەوە کۆمەڵێك لە موزیسیانەکان وەها شەپۆلێك لە ناو کۆمەڵگەی هونەری و موسیقی کوردیشدا درووست بووە، کە خەریکن بە شێوەیەکی زانستی و لە ڕوانگەی جۆراوجۆرەوە توێژینەوە و شیکاری لەسەر فۆلکلۆری کوردی دەکەن، من یەکێك لەو کەسانەم کە زیاتر لە دە ساڵ کاتی خۆمم تەرخان کردووە بۆ ئەو بابەتە، پەنا بە خودا تا ساڵی داهاتوو کتێبێکم لەسەر خوێندنەوەی موزیکی فۆلکلۆری کوردی، هەروەها موزیکی فرانتەیشناڵی کوردی تەواو دەبێت، کە بە زمانی ئینگلیزییە، وە بڕیارە بەشێك لە کلتووری دەوڵەمەندی موزیکی فۆلکلۆری کوردی بە دنیای ئاکادیمی بناسێنێت، جگە لە ئەوەش لەسەردەمی ئێستادا موزیسیانی ئەکادیمیی زۆر باشمان هەیە کە خزمەت بە فۆلکلۆری کوردی دەکەن، هەڵبەت پێچەوانەی ئەوەش هەیە کە ئەویش دیاردەیەکە کە ڕێگریی لێ ناکرێت.

*** گۆرانی و گۆرانیبێژی میللی چ کاریگەرییەکیان لەسەر موزیکی کوردی هەبووە؟**

- بێگومان گۆرانی و گۆرانیبێژی میللی سەرچاوەی بەشی هەرە زۆری شوناس و ناسنامەی موزیکی کوردی بوون، ڕەسەنترین یا باشترە بڵێم کوردیترین نەوا و میلۆدی و ڕیتمان لە گۆرانیبێژە میللیەکان بیستووە، دیسانیش دووپاتی دەکەمەوە کە موزیکی ڕەسەنی کوردی کە تام و چێژی تەواو کوردانەی هەبێت لە ئەوانەوە دەبیسترێت، دەتوانم بڵێم تا ڕاددەیەکی زۆر ئەوان موزیکی ڕەسەنی کوردیسان پێ ناساندووین، بۆ نموونە دەنگی نایژەنەکان و دووزەڵەژەنەکان کوردیترینە، هەروەها بە دڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین کە بەشێکی زۆری زمانی کوردی بەتایبەت لە پارچە بندەستەکاندا، لە ڕێگەی کەلامی گۆرانییەکانی ئەواندا پارێزراوە، هەرچەند بەشێك لە گۆرانیبێژە میللیەکانی سەردەمی ئێستا بەلاڕێدا چوون و سیمای موزیکی کوردییان شێواندووە، بە داخەوە.

*** سرووتە ئایینییەکان کاریگەرییان لەسەر موزیکی کوردی هەبووە؟**

- دەکرێ بگووترێت کە ئەو کاریگەرییە دوولایەن بووە، هەم سرووتە ئایینیەکان کاریگەرییان لەسەر موزیکی کوردی هەبووە و هەمیش موزیکی کوردی کاریگەریی لەسەر سرووتە ئایینییەکان داناوە. لەبیرمان نەچێت کە ئەو سرووتە ئایینییانەی کورد نمایشی کردوون پڕن لە توخمەکانی موزیکی کوردی، لە پەیژە و ڕیتم و مەقامەوە بیگرە هەتا میلۆدی.

*** نوێگەرایی لە موزیکی کوردیدا کەی دەستی پێکردووە؟**

-وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە زۆر ئاستەمە، لەبەر ئەوەی کە دەکرێ بگووترێ کە لە هەموو سەردەمێکدا دیاردەی نوێگەرایی هەبووە، دەکرێ بڵێین کە بۆ نموونە مامۆستا تاهیر تۆفیق، مامۆستا محەمەدی ماملێ، مامۆستا حەسەن زیرەك لە حاڵێکدا سیمبولی ڕەسەنایەتی بوون لە موزیکی کوردیدا، لە هەمان کاتیشدا بە نیسبەتی سەردەمی خۆیانەوە شێوەیەك لە نوێگەراییان هەبووە، بەڵام ئەگەر باسی نموونەی نزیکتر بکەین، کەسێکی وەکو موجتەبای میرزادە سەرچاوەی شێوازێك لە نوێگەرایی بووە یان کامکارەکان بە جۆرێکی دی. کۆمەڵێك لە گۆرانی و بەرهەمەکانی مامۆستا نەجمەی غوڵامی و مامۆستا ناسری ڕەزازییش بەپێی تێکەڵاویی بەشێك لە موزیکەکەیان لەگەڵ بابەتی نیشتمانپەروەری و شۆڕشگێری، تێکەڵاوییان لەگەڵ موزیکی ڕۆژئاوایی هەبووە، دەکرێ بە هەموو ئەوانە بگووترێ نوێگەرایی.

*** گرنگترین سیماکانی نوێگەرایی چین؟**

- هەر موزیسیانێك بە شێوازی تایبەتی خۆی نوێگەرا بووە، بۆنموونە نمایشکردنی گۆرانیی کوردی بە ئۆرکێسترای باوی ناو موزیکی

کلاسیکی ڕۆژئاوایی، یان سەرهەڵدانی پۆلیفۆنی و هەمۆفۆنی لە بەشێك لە گۆرانییە کوردییەکاندا، هەروەها بەکارهێنانی ئامێرە موسیقییە غەیرە کوردییەکان، ئاوازدانان لەسەر شێوازی ستایلە ڕۆژئاواییەکان، بەکارهێنانی هۆنراوەی تایبەت بە گۆرانیبێژە ژنەکان کە چیتر لە زمانی پیاوانەوە گۆرانی نەڵێنەوە و بە بەژن و بالآی ژندا هەڵنەڵێن، ڕچەشکێنی خانمان لە بواری ژەنینی ئامێرە فۆلکلۆرییەکانی وەك دووزەلەو زوڕنا، کاڵبوونەوە جیاوازیی ڕەگەزیی نێر و مێ و لابردنی بەر بەستەکان، ئەمانە خەموویان لەسەر ئەو بنامایانەن. دەکرێ هەموو ئەوانە بە نموونەیەك لە نوێگەرایی لە موزیکی کوردی ناو بەرین، بە گشتی هەر هەنگاوێك بەپێچەوانەی نەریتەکانەوە هەڵبگیرێت نوێگەراییە.

*** ئێمەی کورد لە گشت پارچەکاندا خاوەن گەنجینەیەکی دەوڵەمەندی فۆلکلۆریین، ئایا لە ڕووی ئەکادیمییەوە وەك پێویست کار لەسەر ئەم فۆلکلۆرە کراوە؟**

- تا ئەو جێگەیەی من ئاگام لێیە، بەداخەوە بەراورد بە موزیکی میللەتانی دیکە زۆر بە دەگمەن ئاوڕ لە فۆلکلۆری کوردی دراوەتەوە، لەساڵی ١٩٠٣ توێژەرێکی ئەڵمانی بەناوی ئۆسکارمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کۆمەڵێك بەیت و بەند و حەیرانی لە حەیرانبێژەکان کۆ کردووەتەوە، هەروەها لە ساڵی ٢٠٠٧ لە باکوور کەسێك بە ناوی «دییتێر کریستنسن» کە پرۆفیسۆری زانکۆی کۆلۆمبیا بووە، توێژینەوەی مەیدانیی لە سەر فۆلکلۆری کوردانی باکوور کردووە، بەڵام خۆشبەختانە ئێستا کۆمەڵێك کوردی دڵسۆزی فۆلکلۆر و کەلەپووری کوردی، هەنگاویان هەڵێناوەتە بۆ توێژینەوەی زانستی لەسەر موزیکی کوردی، کە بە بڕوای من هەژماریان زۆر نییە.

*** زۆر جار باس لەوە دەکرێت کە نەتەوە دراوسێکانمان زیاتر لە کورد سوودیان لە موزیکی کوردی وەرگرتووە، دەکرێ ئەم بابەتە لە ڕووی زانستی و ئەکادیمییەوە زیاتر ڕوون بکەیتەوە؟**

- بە دڵنیاییەوە دەڵێم بەڵێ وا بووە، بۆ نمونە فارسەکان لە سەردەمی سەفەویەکاندا ڕادەستیان کرد بە پێناسەکردنی ناسنامەیەکی تایبەت بە خۆیان، کە موزیکەکەشیانی گرتەوە، ئەوان لە کۆتاییدا لە سەردەمی قاجارەکاندا سیستمێکیان بۆ موزیکی خۆیان پێناسە کرد بەناوی «سیستمی دەستگاهی» کە لە ڕاستیدا تێکەڵاوێکە لە میلۆدی و موزیکی تەواوی گەلانی ئێران و بەتایبەت کورد، عەرەبیش بە هەمان شێوە. ئیسحاقی موسڵی و شاگردەکەی بەناوی (زەریاب) ئەوانە هەمووی زانای گەورە بوون کە لە سەردەمی هارونە ئەڕەشیددا خزمەتیان کردووە و بناغەی سیستمی مەقاماتی عەرەبی عێراقی لە سەر کارەکان و زانستی موزیکی ئەوان داڕێژراوە، هەروەها زۆرێك لە تێم و مێلۆدییە کوردییەکانیان لە موزیکی خۆیاندا بەکار هێناوە و بە داخێکی زۆرەوە کردوویانن بە موڵکی خۆیان. هەر لە سەردەمی ئێستاشدا ئاوازدانەرە باشەکانی موزیکی فارسی کوردن، هەر بۆیە بە بەکارهێنانی توخمەکانی موزیکی کوردی وەکو ڕیتم و ئامێر و مێلۆدی، خزمەتێکی زۆریان بە دەوڵەمەندکردنی موزیکی فارسی کردووە. هۆکاری سەرەکیی ئەو دیاردەیەش دەگەڕێتەوە بۆ بندەستبوونی کورد، بەداخەوە کە بە هۆی نەبوونی دەوڵەت و هێز و دەسەڵاتێکی باڵادەستەوە، هەروەها بەهۆی بە باڵاتر ناساندن و بە ڕەسمیتر ناساندنی هێزەکانی باڵا، موزیکی کوردییان پێشکەشی ئەوان کردووە و خزمەتی موزیکی ئەوانیان کردووە.



# تایلۆر سویفت دژی ترەمپ سەرکردایەتیی هـ

دیموکراتەکان سوودمەندن لە پشتگیریکردنی ئەم دواییەی تایلۆر سویفت بۆ کامالا هاریس بۆ کێبڕکێی سەرۆکایەتی ساڵی ٢٠٢٤.

لەم چوارچێوەیەدا، کۆمیتەی نیشتمانیی دیموکراتەکان (DNC) ڕیکلامی داهێنەرانەیان دەست پێکرد، کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە شاری نیویۆرك و لاس ڤێگاس لە ڕۆژی هەینی ١٣ی ئەیلول پەخش کران و ئیلهامیان لە سویفت وەرگرت، بەتایبەتی دوای ئەوەی سویفت لە ١٠ی ئەیلولدا پشتگیریی خۆی بۆ فۆڵۆوەرەکانی هاریس دوویات کردەوە. یەکێك لە تابلۆ دیجیتاڵییە دیارەکانی تایمز سکوێری دەڵێت: «ئێمە لە سەردەمی کامالادایـن، کە ئاماژەیەکی یاریزانانەیە بۆ گەشتی بەناوبانگی سەردەمەکانی سویفت. ڕیکلامێکی دیکە لەسەر بنەمای گۆرانی «...Ready for It»ی سویفتە، بە دروشمی «ڕێگایەکی نوێ بۆ پێشەوە...ئامادەیت بۆی؟»

تابلۆکان لە نێوان ئەم دوو پیتەدا دەسوڕێنەوە و لە تایمز سکوێری بەرزدا دادەنرێن.

هاوکات لە لاس ڤێگاس، کۆمیتەی نیشتمانی دیموکراتەکان دوو ڕیکلام بڵاو دەکاتەوە کە ئامانجیان سەرقاڵکردنی خۆپیشاندەرانە. تابلۆیەکی بازرگانی بە هەمان پەیامی «سەردەمی کەمالا» تیشك



## پاسکال: بە بڕوای من هەموو هونەرمەندێک پێگە و هێزی خۆی هەیە

پاسکال مەشعەلانی، خانمە گۆرانیبێژی لوبنانی ڕایگەیاندووە، کە یەکەم وێنە کە ئەو هونەرمەندە پێشکەشی هەوادارانی دەکات، ئەو وێنەیەیە کە لە یادەوەرییەکەیدا هەڵکەندراوە.

پاسکال مەشعەلانی لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ ئەلشەرق ئەلئەوسەت دەڵێت: «بە تەواوەتی قەناعەتم پێگەیشتووە کە هەرچەند هەوڵ بدەین وەك هونەرمەندێك بۆ گۆڕینی ڕوخسارمان، یەکەم سەرنج کە بینەر لە یادەوەرییاندا

# ـــــەڵمەتی هەڵبژاردنی دیموکراتەکان دەکات



دەخاتە سەر هاریس، لە کاتێکدا تابلۆیەکی دیکە کە دۆناڵد ترەمپ دەکاتە ئامانج، دەپرسێت: ئایا تۆ لەم کابرایە بێزار بوویت؟
هەروەها دوای دیبەیتی یەکەمیان بەهۆی ئاستەکەی، کامیلا هاریس سۆزی زیاتری بەدەست هێنا، ئەمەش وای کرد تایلۆر سویفت پەیامێك درێژی بڵاو بکاتەوە و لە کۆتاییدا پشتگیریی لە هاریس کرد بۆ سەرۆکایەتیی ئەمریکا.
ترەمپ کاریگەریی ئەو هەنگاوەی سویفتی لەسەر بووە، چونکە هەندیك کاڵای بازرگانیی هەڵبژارد بوو کە پێدەچێت هاوشێوەی کاڵای سویفت بن.
هەرچەندە ترەمپ بە گاڵتەجارییەوە ئەم کارەی کرد، بەڵام ڕەنگە خۆی لە کێشەی یاساییدا ببینێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر کەس داوایان لە سویفت کردووە سکاڵای یاسایی لەسەر تۆمار بکات بە هۆی پێشێلکردنی یاسا و ڕێساکانی مافی چاپکردن. ئەمە یەکەمجار نابێت لەم هەڵمەتەدا کە ترەمپ خۆی بخاتە دۆخێکی یاسایی خراپەوە.

دروستی دەکات، بە هەمیشەیی دەمێنێتەوە».
سەبارەت بەو ئامۆژگارییانەی کە پێشکەشی هونەرمەندە گەنجەکانی دەکات ئەوانەی خاوەن بەهرەی گۆرانیگوتنن، بەتایبەتی ئەوانەی لە بەرنامەکانی تایبەت بە دۆزینەوەی بەهرەکاندا دەردەکەون، پاسکال دەڵێت: «ئامۆژگارییان دەکەم باوەڕیان بە بەهرەکانیان هەبێت، و بە دەرکەوتن و ناوبانگێکی خێرا کە لەم بەرنامانە دەیچنن، تووشی لەخۆباییبوون نەبن و وانەکات لە خەیاڵ و وەهمدا بژین، ئایا چەند بەهرەمان پەیڕەو کرد و ناوەکەیان درەوشایەوە و دواتر بەتەواوی نەما؟ بۆیە نابێت تەنیا ناوێك بن کە کریدتیان نەبێت، بەڵکو پێویستە پابەندبن بەو تەوەرەی کە لە ڕێگەی پرۆگرامە ئاماتۆرەکانەوە بۆیان دابین کراوە، بۆ ئەوەی سوودی لێ وەربگرن و بۆ ماوەیەکی زیاتر بەردەوام بن».
سەبارەت بە ناونیشانە فراوانەکە کە بەپێی ئەزموونی هونەری لە تەواوی ژیانی هونەریدا بە گرنگترینی دەزانێت، پاسکال مەشعەلانی دەڵێت: «دەتوانم بڵێم قەناعەتەکانم ئەمڕۆ پاڵم پێوە دەنێن بۆ ئەوەی پێچەوانەی ئەو شەپۆلانە بڕۆم کە لەسەر گۆڕەپانەکە بەناوبانگن، نە مۆسیقا و تەپڵ و فلوت و نە گرتنەبەری ئەو شێوازانەی کە وەك هونەرمەندێك لەگەڵمدا ناگونجێت، ناتوانێت وا لە من بکات بگۆڕێم، بۆیە لەپێناو مانەوەدا لەگەڵیدا دەڕۆم، بە بڕوای من هەموو هونەرمەندێك پێگە و هێزی خۆی هەیە لەسەر گۆڕەپانەکە و کەس ناتوانێت جێگەی کەسیتر داگیر بکات، بۆیە دەبێت خاڵە بەهێزەکانی خۆم بزانم و پابەندبم پێیانەوە، هەروەك چۆن خۆبەزل نەزانین وەك گەنجینەی هونەرمەند دەمێنێتەوە، ئەگەر خاوەنی بێت».

لەنیا هێڤی

ناوبژیوانی نێودەوڵەتی تێنسی سەرمێز:

# توانای کچە یاریزانەکانمان لە ئاستی نێودەوڵەتیدایە

پارێزگای سلێمانی هەموو کات بەوە ناسراوە کە لە یاریی تێنسی سەرمێزدا خاوەنی چەندین کچ و کوڕە یاریزانی بەتوانایە لەسەر ئاستی عێراق، کە خاوەن پێگەیەکی بەهێزن و کیبرکێی بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە دەکەن، لە ئێستادا ژمارەیەك لە کچە یاریزانانی پێشووی ئەم یارییە ڕوویان لە بواری ناوبژیوانیی یاریی تێنسی سەرمێز کردووە و دەیانەوێ لە ڕێگە ئەم یارییەوە هەنگاوی گەورە بهاوێن بۆ نێودەوڵەتی بوون و بەڕێوەبردنی پاڵەوانێتییە جیهانییەکان، یەکێك لە کچە یاریزانە بەتواناکانی یانەکەش کە خاوەنی چەندین ئەنجامی باشە لەگەڵ یانەی سیروانی نوێ لەسەر ئاستی کوردستان، ئێستاش بووەتە ناوبژیوانی ئەم یارییە، ئەویش «لەنیا هێڤی»یە، لەنیا لەدایکبووی ساڵی ٢٠٠١ و دەرچووی کۆلێژی پەروەردەی وەرزشیی زانکۆی سلێمانییە، ئێمەش لە نزیکەوە ئەم دیمانەیەمان لەگەڵدا ئەنجام دا.



*** چۆن بڕیارت دا بواری ناوبژیوانی هەڵبژێریت؟**

- سەرەتا خۆم یاریزانی تێنسی سەرمێز بووم، هەر لەبەر ئەم هۆکارەش بڕیارم دا ناوبژیوانی تۆپی سەرمێز هەڵبژێرم.

*** ئای ئافرەتان دەتوانن لە ناوبژیوانیی تۆپی سەرمێزدا سەرکەوتووبن؟**

- بە دڵنیاییەوە، چونکە ئافرەتان بە گشتی تەرکیزیان لە پیاوان زیاترە، بۆیە دەتوانن سەرکەوتووبن.

*** هۆکار چییە ئاستی ئەم یارییە بۆ کچان لە کوردستان وەکو پێویست نییە؟**

- لە ڕووی ئاستەوە توانای کچە یاریزانەکانمان لە یاریی تۆپی سەرمێزدا لە ئاستی نێودەوڵەتیدایە، بەڵام ژمارەی یاریزانەکانمان کەمن، ئەمیش بەهۆکاری کلتووری وڵاتەکەمانەوە.

*** چی بکرێت باشە بۆ ئەوەی ئاستی یاریی تێنسی سەرمێز بچێتە قۆناغێکی باشترەوە؟**

- سەربازگەی مەشقی بکرێتەوە لە وڵاتانی دەرەوە بۆ ئەوەی یاریزانان ئاشنا بن بە توانا و شێوازی یاریکردنی یاریزانانی وڵاتانی دیکە.

*** وەکو تاکە ناوبژیوانی ئافرەت لە کوردستان هەوڵت نەداوە یاریزانی زیاتر بهێنیتە نێو ئەم یارییە؟**

- بە دڵنیاییەوە هەوڵی زۆرم داوە کچانی تریش بێنمە نێو ئەم وەرزشە و لە داهاتووشدا هەوڵەکانم بەردەوام دەبێت بۆ پێشکەوتنی ئاستی ئەم یارییە.

*** تۆپی سەرمێز لە کوردستان لە چ قۆناغێکدایە؟**

- تۆپی سەرمێز لە کوردستان لە ئاستێکی زۆر بەرزدایە، چونکە سەرۆکی تۆپی سەرمێزی عێراقی خۆی کوردە و خەڵکی سلێمانییە، زۆرترین پاڵەوانێتی و چالاکی لەم یەکێتییە وەرزشییەدا هەیە.

*** بەرنامەی داهاتووت چییە وەکو کچە ناوبژیوانێکی نێودەوڵەتی؟**

- بەرنامەی داهاتووم بەدەستهێنانی بڕوانامەیەکی بەرزترە لەو بڕوانامەی ئێستا بەدەستم هێناوە، کە ئەویش بڕوانامەی پول و باجە.

*** بڕیارت نەداوە تیپێکی تۆپی سەرمێزی کچان دروست بکەیت و خۆت ڕاهێنەر بیت، چونکە ڕاهێنەری ئافرەت کەمە لەم یارییەدا؟**

- هەوڵم داوە بۆ ئەوەی تیپێك دروست بکەم، بەڵام لە ئێستادا دەمەوێ تەنیا فێرگەیەك بکەمەوە بۆ ئەوەی یاریزانانی ئاستەکانی تەمەن بچووك دروست بکەم و دواتر تیپێکی باش دروست بکەم.

*** کێشە و گرفتی ناوبژیوانی ئافرەت لە چیدا دەبینیت؟**

- بەدڵنیاییەوە کێشەو گرفت دروست دەبێ، بەڵام تاکە گرفت ئەوەیە کە ڕاهێنەری یاریزانەکە کە یاری دەکات، کەمتر قەناعەتی بە ناوبژیوانێکی ئافرەت هەیە لە بەرامبەر ناوبژیوانێکی پیاو، بۆیە زۆرترین کێشە و ناڕەزایی دروست دەبێ، ئەوان توانای پیاوان باشتر دەبینن لە ئافرەتان.

*** داواکاری و پێش نیازت وەکو ناوبژیوانێك بۆ لایەنی پەیوەندیداری وەرزشی چییە؟**

- داواکاریم ئەوەیە هاوکار و پشتگیرم بن بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی پول و باج، ئەویش بە سەردانکردنی وڵاتانی دیکە، چونکە دەبێت لە وڵاتانی دیکە تێست بکرێیت بۆ ئەوەی بگەیتە ئەو بڕوانامەیە و ببیتە خاوەنی.

*** خەونی وەرزشیت وەکو وەرزشکارێك؟**

-هیواو و ئاواتم ئەوەیە سەری وڵاتەکەم بەرز بکەمەوە بەو ئەدا وەرزشییەی کە دەیگەیەنم.

*** چ هەستێکت هەیە کە وەکو کچە ناوبژیوانێکی کورد یارییە نێودەوڵەتییەکان بەڕێوەدەبەیت لە پاڵەوانێتییە نێودەوڵەتییەکاندا؟**

- هەستێکی یەکجار خۆشە کە من ئەدای پاڵەوانێتییە نێودەوڵەتییەکانم بەڕێوە بردووە لە ناو شاری سلێمانی، ناوبژیوانیم بۆ یارییەکانی سوید و کازاخستان و هندستان کردووە و ئاشنا بووم بە شێوازی یاریکردنی ئەو وڵاتانە.

*** ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

- زۆر سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان کە پشتگیریی کچە یاریزانەکانی کوردستان دەکەن.

**ئافرەتان بەگشتی تەرکیزیان لە پیاوان زیاترە، بۆیە دەتوانن سەرکەوتووبن**

**هەوڵی زۆرم داوە کچانی تریش بێنمە نێو ئەم وەرزشە و لە داهاتووشدا هەوڵەکانم بەردەوام دەبێت**






# یانەکانی سعودیە چاویان لە ئەستێرەیەکانی ڕیال مەدریدە

ڕۆژنامەکانی ئیسپانیا ئاشکرایان کرد، کە سعوودییەکان هەوڵی گواستنەوەی ئەنتۆنیۆ ڕۆدیگێری ئەڵمانی و بەرگریکاری ڕیاڵ مەدرید دەدەن.

پێشتر ڕۆدیگێر ڕایگەیاندبوو: دەمەوێت کاروانی وەرزشی لە وڵاتی سعوودییە کۆتایی پێبهێنم و ئەوە پلانی داهاتوومە.

سندوقی وەبەرهێنانی سعوودی ماوەیەك لەمەوبەر گەورەترین بڕی پارەیان بۆ گواستنەوەی ڤینیسیۆس ئامادەکردبوو ناوی یاریزانەکەش بە یانەی ئەهلی و هیلال بەسترابووەوە.

ڕۆژنامەی مارکا ئاشکرایکرد سعوودیە لە هاوینی داهاتوودا جارێکی دیکە هەوڵی گواستنەوەی ڤینیسیۆس دەدات و یانەی هیلال ئامادەیە گەورەترین گرێبەست لە مێژووی تۆپی پێ لەگەڵ یاریزانە بەرازیلییەکە مۆربکات.

ڕۆژنامەی مارکا باسی لە شکستخواردنی گرێبەستی نێیمار لەگەڵ هیلالی سعوودی دەکات، لە سەرەتای ساڵی داهاتوو هەڵسەنگاندن بۆ ئاستی دەکرێت ئەگەر وەك پێویست نەبوو یانە سعوودییەکە دەستبەرداری یاریزانەکە دەبێت.

ئانتۆنیۆ ڕۆدیگێری ئەڵمانی پێشتر یاریی بۆ یانەکانی ڕۆما و چێڵسی کردووە و بەهای ئێستای لە بازاڕی گواستنەوەی یاریزانان ٢٥ ملیۆن یۆرۆیە، لە هاوینی ٢٠٢٦ گرێبەستەکەی لەگەڵ ڕیاڵ مەدرید تەواو دەبێت.






# نیوکاسڵ گرێبەستی ئەستێرەیەکی نوێکردووە

یانەی نیوکاسڵیئینگلیزی بەفەرمی گرێبەستی ئەنتۆنی گۆردنی ئینگلیزی و ئەستێرەی یانەکەی نوێکردەوە.
گۆردن لە ساڵی ٢٠٢٣ لە یانەی ئێڤەرتوون بەبری ٤٥ ملیۆن یۆرۆ پەیوەندی بە نیوکاسڵ کرد.
گرێبەستەکەی پێشووی ئەستێرە ٢٣ ساڵانەکە لە هاوینی ساڵی ٢٠٢٦ تەواودەبوو.
یانەی نیوکاسڵ ڕایگەیاند، ئەنتۆنی گۆردن گرێبەستێکی نوێی درێژخایەنی مۆرکردووە و بۆ ماوەیەکی زۆر لە یاریگای سانت جەیمس پارك دەمێنێتەوە.
گۆڕدن لەگەڵ نیوکاسڵ بەشداری لە ٧٤ یاری کردووە و ١٥ گۆڵی تۆمارکردووە و ١١ گۆڵیشی درووست کردووە.




# یاریزانێک پەشیمانە لە پەیوەندیکردن بە یانەیەکی خولی ئینگلیزی

یاریزانێکی مانچستەر یۆنایتد، کە هاوینی ڕابردوو پەیوەندی بە یانەکە کرد، پەشیمانە لە بڕیاری پەیوەندیکردنی بە یانە ئینگلیزیەکە.
مانچستەر یۆنایتد لە گواستنەوەکان هاوینەدا پێنج گرێبەستی مۆرکرد، کە یەکێکیان جۆشوا زیرکرزی بوو و بە گرێبەستێکی پێنج ساڵە لە یانەی بۆڵۆنیای ئیتاڵی بە بڕی ٤٢,٥ ملیۆن یۆرۆ هاتە مانچیستەر.
کاڵچیۆ میرکاتۆی ئیتاڵی ئاشکرایکرد ئەستێرە هۆڵەندییەکە پەشیمانە لە بڕیاری پەیوەندیکردنی بە یانە ئینگلیزییەکە و بیر لە گەڕانەوە بۆ خولی ئیتاڵی دەکاتەوە و یانەکانی یۆڤانتوس و ئەیسی میلان ئامادەن گرێبەستی لەگەڵ مۆربکەن ، بەڵام بەشێوەی خواستن.
هێرشبەرە تەمەن ٢٣ ساڵانەکە پێشتر یاری بۆ یانەی بایرن میونیخ کردووە و لە ساڵانی ٢٠١٩-٢٠٢٢، بەڵام دوو جار بە خواستن بۆ یانەکانی پارما و ئەندەرلەختی بەلجیکی یاریکردووە پێش ئەوەی بە یەکجاریی ڕووبکاتە بۆڵۆنیا.
هۆکاری پەشیمانی ئەو هێرشبەرە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە نیگەرانە لە گەڕانەوەی راسموس هۆیلوند لە پێکانەکەی بۆیە سەرەکیبوونی لەدەست بدات بۆ گۆڵکارە دانیمارکییەکە.
زیرکزی لەم وەرزە لە ٨ یاری خولی ئینگلیزی یەک گۆڵی تۆمارکردووە ولە دوو یاری یۆرۆپالیگیش هیچ گۆڵێکی تۆمارنەکردووە.

# باڵەی عێراقی لە یاریزانانی کورد ئامادەکاری دەکات

تیپی باڵەی کچانی هەڵبژاردەی نیشتمانیی عێراقی بە ستافێکی ڕاهێنەری کوردی و کۆمەڵێك یاریزانی کوردی شارە جیاوازەکانی کوردستانەوە، لە هۆڵی یانەی ئەکاد لە قەزای عەنکاوە دەستیان بە ئامادەکارییەکان کردووە بۆ بەشداریکردن لە پاڵەوانێتییەکانی دەرەوەی عێراق، ماوەی زیاتر لە دوو هەفتەیە کچە کوردەکانی پێکهاتەی هەڵبژاردەی عێراقی لە سەربازگەیەکی مەشقی چڕدان بە ئامانجی بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە لە پاڵەوانێتییەکانی دەرەوەی عێراق، لەم بارەشەوە دکتۆر ڕاندی متیێ ڕاهێنەری هەڵبژاردەی باڵەی عێراقی بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «سەرجەم یاریزانەکانمان یاریزانی کوردی شارەکانی کوردستانن، کە هەڵبژاردەی عێراقی پێك دەهێنن، لە سەرجەم یاریزانەکانماندا تەنیا یەك یاریزانی عەرەبی شاری بەغدا هەیە، ڕۆژانە بە ستافێکی ڕاهێنەری کوردی کە سەرجەممان کوردین و لە شارەکانی کوردستان ڕاهێنەری یانەکانین، مەشقی هەڵبژاردەی عێراقی دەدەینەوە، ئامانجمان ئەوەیە تیپێکی بەهێز دروست بکەین بۆ هەڵبژاردەی عێراقی و کێبڕکێی سەرجەم هەڵبژاردەکانی وڵاتانی عەرەبی بکەین، هیچ گرفتێکمان نییە و ڕۆژانە یاریزانەکانمان پەیوەستن بە بەرنامەکانی هەڵبژاردەکەوە و چاومان لەوەیە بە پێکهاتەیەکی بەهێزەوە بەشداریی کێبڕکێیەکان بکەین لە پاڵەوانێتییەکاندا».



# گۆڵپارێزێکی کورد بەرگری لە گۆڵی تەڵەبە دەکات

یانەکانی بەشدار لە خولی پیشەگەرانی عێراقی بەردەوام چاویان لەسەر ئەستێرەکانی کوردی یانەکانی کوردستان و یانەکانی دیکەی بەشدار لە خولەکانی کوردستان و عێراقین، یاسین کەریم یەکێك لە گۆڵپارێزە بەتواناکانی کوردە کە لە چەندین یانەی عێراقی بەرگری لە تۆڕی گۆڵەکانی یانەکانی شاری بەغدا و کوردستان و باشووری عێراق کردووە، ئەم وەرزە لە یانەی شورتەوە پەیوەندی بە یانەی تەڵەبەی شاری بەغداوە کردووە، لەم بارەشەوە یاسین کەریم بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «من لەگەڵ یانەی تەڵەبە زۆر ئاسوودەم، چونکە من ئەزموونی زۆرم هەیە لە خولەکانی عێراقی و لە یانەی میناوە چوومە یانەی شورتە هەر بە شێوەی سەرەکی یاریم کردووە، بەڵام لە یانەی شورتە زۆر شت بە ڕوومدا گۆڕا و نەم توانی ئەو بەرنامەیەی هەم بوو جێبەجێی بکەم، ئێستا زۆر ئاسوودەم چونکە ڕاهێنەر متمانەی تەواوی پێمە گەیشتوومەتەوە ئاستی جارانم، بەڵام بەداخەوە دوای مەشقێکی زۆر تووشی پێکان بووم، ئێستا گەڕاومەتەوە بۆ ئەوەی هەلی یاریکردنم پێ بدەن»، لەبارەی بەرنامەکانیشیەوە یاسین کەریم گوتی: «من سێ ساڵە لە یاریکردن دوورم بەهۆی ئەوەی یەدەگ بووم هەلی یاریکردنم نەبووە، دەمەوێ بگەڕێمەوە ئاستی جارانم و بگەمە ئامانجەکانم و دووبارە بانگهێشتی هەڵبژاردەی ئێران بکرێمەوە»، لە بارەی هەبوونی گرێبەستەکانی لە یانەکانی دیکەیش گوتی: «هەریەك لە یانەکانی شورتە و نەجەف و مینا و تەڵەبە داوایان کردووم، بەڵام من تەڵەبەم هەڵبژارد، هەرچەندە چەندین یانەی دیکەش هەبوو پلەکانی کەمتر بوو، من وەکو خۆم حەزم دەکرد لە یانە گەورەکانی عێراقی یاری بکەم».




# یانەی قەڵادزێ گرفتی دارایی هەیە

تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشیی قەڵادزێ سەر بە دەڤەری ڕاپەرین ئەمساڵ دەبێتە نوێنەری ئەم ناوچەیە لە خولی یانە پلە یەکەکانی کوردستان، هەرچەندە ئەم وەرزە یانەکە بە ئامانجی ئەوە بوو بتوانێ هەر زوو دەست بە ئامادەکاری بکات و ڕاهێنەرێکی شاری هەولێری کردە ڕاهێنەری یانەکە، بەڵام ئەو ڕاهێنەرە بەردەوام نەبوو و کارگێڕیی یانەکە بە فەرمی گرێبەستی لەگەڵ مامۆستا هێمن ڕەحمان ڕاهێنەری پێشووی یانەی ڕانیە مۆر کرد، لە بارەی ئامادەکاریی تیپەکەشەوە مامۆستا هێمن ڕاهێنەری تازەی یانەی قەڵادزێ بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «یانەی قەڵادزێ وەکو هەموو یانەکانی دیکە بەشداریی لە خولی پلە یەکەکانی کوردستان دەکات و هەوڵی خۆی دەدات لە پێناو بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە، بەڵام وەکو سەرجەم یانەکانی دیکە یانەی قەڵادزێ لە قەیرانێکی گەورەی داراییدایە و، وەکو پێویست ناتوانێت ئامادەکاری بکات»، لە بارەی پلانەکانیەوە وەکو ڕاهێنەریش هێمن ڕەحمان گوتی: «بە پشتیوانی خودا و سەرۆکی یانە و بەرپرسانی دەزگا وەرزشییەکان و کەسایەتییەکان، هەموو هەوڵێکی خۆمان دەدەین بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە، بەڵام بە هۆکاری قەیرانی دارایی و کەمیی یاریزانانی ئاست بەرزەوە ناتوانین بەڵێنی سەرکەوتنی یانەکە بۆ نایاب بدەین، لە ئێستادا بەهۆی زووتر دەستپێکردنی خولی نایاب زۆرینەی یاریزانان گرێبەستیان لەگەڵ یانە نایابەکاندا ئەنجام داوە ئەمەش گرفتێکە، هیوادارم بتوانین ئەنجامی شایستە بۆ یانەی قەڵادزێی خۆشەویست بەدەست بهێنین، جێگەی ئاماژەپێکردنە وەرزی ڕابردوو یانەی قەڵادزێ شەڕی گەیشتن بە یانە نایابەکانی دەکرد».






# هەستەوەریی پاییز

هەستەوەریی پاییز Fall allergy، جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ هەستەوەریی بەهاردا نییە، ئەگەرچی وروژێنەرەکانی هەستەوەریی پاییز جیاوازن، بەڵام هەمان نیشانەکانی هەستەوەریی بەهار و هاوین پەیدا دەکەن. وروژێنەرەکانی هەستەوەریی پاییز هەر لە ڕۆژە گەرمەکان و شەوە فێنکەکانی مانگی ئابدا پەیدا دەبن و بە درێژایی مانگەکانی ئەیلوول و تشرینی یەکەم بەردەوام دەبن. نزیکەی ٧٥٪ی ئەو کەسانەی هەستەوریی ڕووەکەکانی بەهاریان هەیە، تووشی هەستەوەریی پاییزیش دەبن.

نیشانەکان: زیادبوونی دەردراوی لووت، خورشتی لووت، زیاد فرمێسککردن لەگەڵ خورشتی چاوەکان، پژمین، کۆکە، لەگەڵ دەرکەوتنی ئەڵقەی تاریك لەژێر چاوەکاندا. هەستەوەریی پاییز بە پشکنینی تایبەت بۆ پێست دەستنیشان دەکرێت، چارەسەرکردن بە بەکارهێنانی دەرمانی دژەهەستەوەری لەگەڵ سپرای لووت دەست پێدەکات هاوکات لەگەڵ گرتنەبەری چەند هەنگاوێنکی وەکو: نەچوونە دەرەوە لە درەنگانی بەیانی و نیوەڕۆدا، گۆڕین یان پاککردنەوەی فلتەرەکانی سپلیت پێش بەکارخستن، پێویستە کە ڕێژەی شیداریی ژوور لە نێوان ٣٥-٥٠٪دا بێت، هەروەها بەکارهێنانی دەمامك (ماسك) لە کاتی پێویستدا.



# هەوکردنی پەنکریاس



گلاندی پەنکریاس ئەنزیمەکانی هەرس و هۆرمۆنی ئینسولین دەردەدات، خواردنەوەی ئەلکهول و بەردی زراو باوترین هۆکارن بۆ هەوکردنی پەنکریاس Pan-creatitis کە لەوانەیە تیژ یان درێژخایەن بێت. هۆکارە دەگمەنەکانی هەوکردنی پەنکریاس: زەبر یان نەشتەرگەری بۆ پەنکریاس، هەوکردنی ڤایرۆسی بەتایبەتی گوێرەپە، لەگەڵ زیانی لابەلای هەندێك دەرمان. نیشانەکانی هەوکردنی تیژی پەنکریاس: سکئێشەیەکی توند، تا، کۆبوونەوەی گاز لە ڕیخۆڵەدا، هێڵنج، ڕشانەوە، هەروەها ئارەقەکردن. نیشانەکانی هەوکردنی درێژخایەنی پەنکریاس: سکئێشەیەکی توندی بەردەوام، لەگەڵ دابەزینی بەردەوامی کێشی لەش (هەفتانە ١-٢ کگم). هەوکردنی درێژخایەنی پەنکریاس لەوانەیە کە گرفت لە بەرهەمهێنانی ئینسولین دروست بکات و ببێتە هۆی نەخۆشیی شەکرە، هەروەها ئەگەری شێرپەنجەی پەنکریاسیش زیاد دەکات. چارەسەرکردن: دۆزینەوە و چارەسەرکردنی هۆکارەکان، دەرمانی دژەئازار، پێدانی شلە لە ڕێگەی خوێنهێنەر، دوورکەوتنەوە لە ئەلکهول، هەروەها کەمکردنەوەی چەوری لە خۆراك و بەکارهێنانی دەنکی ئەنزیمی یان دەرزیی ئینسولین لە حاڵەتی هەوکردنی درێژخایەنی پەنکریاسدا.

# لێخوڕینی بایسکل باشترین مەشقە بۆ ئازاری ئەژنۆ




لێخوڕینی بایسکل Cycling بەتایبەتی بایسکلی جێگیر Sta-tionary کەمترین فشار دەخاتە سەر جومگەکانی ئەژنۆ، بۆیە مەشقێکی گونجاوە بۆ کەسانی تووشبوو بە هەوکردن و ئازاری جومگەی ئەژنۆ، هەروەها ڕۆڵی هەیە بۆ بەهێزکردنی ماسوولکەکانی دەوری ئەژنۆ کە هاندەرێکی دیکەیە بۆ کەمکردنەوەی ئازار و ئاسانکردنی جووڵەی ئەژنۆ بە ئاراستە جیاوازەکان.

سوودە تەندروستییەکانی دیکەی مەشقی لێخوڕینی بایسکل: سووتاندنی کالۆری و دابەزاندنی کێشی لەش کە ئەویش سوودبەخشە بۆ ئەژنۆکان، باشتکردنی تەندروستیی کۆئەندامی دڵ و سووڕان، بەتایبەتی خۆپاراستن لە نەخۆشیی دڵ و جەڵتەی مێشك. ڕێنمایی: دەستپێکردن بە شێوەیەکی لەسەرخۆ، هەڵبژاردنی قەبارە و جۆری گونجاوی بایسکل، پۆشینی جلی فراوان و کەفشی گونجاو، دەتوانرێت بە پێی ئارەزوو چەند ماوەیەکی حەسانەوە لە کاتی مەشقدا تەرخان بکرێت، لە کاتی هەستکردن بە ئازاردا پێویستە کە ڕاستەوخۆ مەشقەکە ڕابگیرێت و ئاگاداری دکتۆر بکرێتەوە.



# ئایا چای پەستانی بەرز دادەبەزێنێت؟

گەڵاکانی چای بەتایبەتی چای سپی و سەوز، ڕێژەیەکی بەرزی مادده دژەئۆکسانەکانی بۆلیفینۆلەکان Polyphenols لەخۆ دەگرن، کە ڕۆڵیان هەیە لە پاراستنی خانەکان و کەمکردنەوەی ئاستی هەوکردن لە لەشدا هاوکات لەگەڵ خاوکردنەوەی دیواری بۆڕییەکانی خوێن، بەمەش پەستانی خوێن بە ڕێژەی ١٠٪ دادەبەزێت.

چەند لێکۆڵینەوەیەك ئاماژەیان بەوە کردووە کە ڕۆژانە خواردنەوەی چای سەوز یان ڕەش، هاندەرە بۆ دابەزاندنی ژمارەی سەرەوەی کەرتی پەستانی خوێن SBP بە ڕێژەی ٣,٣٥ ملم جیوە و دابەزاندنی ژماری کەرتی خوارەوە DBP بە ڕێژەی ٠,٩٩ ملم جیوە. لە لایەکی دیکە چای ترشە ئەمینی تیانین L-theanine لەخۆ دەگرێت، کە ڕۆڵی هەیە لە دابەزاندنی پەستانی خوێن لە کاتی سترێس و پەستیدا، هەروەها خواردنەوەی چای هێورکەرەو و خاوکەرەوەیە لە حاڵەتەکانی گرژیی دەمارەکان و نیگەرانیدا. سوودە تەندروستییەکانی دیکەی چای: ڕێکخستنی ئاستی شەکری خوێن و کەمکردنەوەی ئەگەری نەخۆشیی شەکرەی جۆری دوو، باشتکردنی تەندروستیی کۆئەندامی هەرس، هەروەها خۆپاراستن لە چەند جۆرێکی شێرپەنجە.



# ئایا بەڵەکیی پێست چارەسەری هەیە؟

بەڵەکی Vitiligo نەخۆشییەکی پێستە بە شێوەی قانی کاڵ یان سپی، کە کاریگەریی نەرێنیی دەروونییان لەسەر تووشبوودا هەیە. لەگەڵ قانەکاندا هیچ هەوکردنێك بەدی ناکرێت، قانەکان لەوانەیە هەر بەشێکی لەش بگرنەوە، بەتایبەتی شوێنی سووتان یان برینی پێست، لەوانەشە خورشتی لەگەڵدا بێت. لە هەندێك تووشبوودا لە سنووری ناو قانەکاندا سپیبوونی مووەکان بەدی دەکرێت. بەڵەکی لەوانەیە بە بەشەکانی دیکەی لەشدا بڵاو ببێتەوە، بەتایبەتی لە کاتی سترێس، تووشبوون بە نەخۆشی و لە کاتی دووگیانیدا. هۆکارەکان: تا ئێستا هۆکاری تەواو نەزانراوە، بەڵام زانایان وای بۆ دەچن کە بەڵەکی لەو کاتەدا ڕوو دەدان کە سبستمی بەرگریی لەش پەلاماری ئەو خانانەی لەش دەدات کە بۆیەی پێست و قژ دروست دەکەن، لەوانەشە بۆماوە تا ڕادیەك ڕۆڵی لە تووشبووندا هەبێت، هەروەها بریندارببوونی پێست تا ڕادەیەکی کەمتر. تا ئێستا چارەسەری یەکجارەکی بۆ بەڵەکی نییە، هەنگاوەکانی چارەسەرکردن: دەرمان و کرێمی تایبەت، چارەسەر بە ڕووناکی، لەگەڵ نەشتەرگەریی گواستنەوەی بۆیەی خانەکانی پێست.

# جیاوازیی سەرئێشە و شەقەسەر!



سەرئێشە Headache بریتییە لە ئازار لە هەر بەشێکی سەردا، کە لەوانەیە دەموچاو یان مل بگرێتەوە. سەرئێشە وەکو حاڵەتێکی سەربەخۆ یان وەکو نیشانە لە چەند حاڵەت و نەخۆشییەکدا بەدی دەکرێت، هەروەها چەند جۆرێکی هەیە کە گرژەسەرئێشە Tension headache باوترینیانە. لە لایەکی دیکە، شەقەسەر Migraine نەخۆشییەکی کۆئەندامی دەمارە کە چەند ڕێڕەوێکی دەماری و گۆڕانی کیمیایی لەخۆ دەگرێت. گەلێك کەس تا ئێستاش پێیان وایە کە شەقەسەر جۆرێکی سەرئێشەیە، بەڵام حاڵەتێکی دەماریی تایبەتە. شەقەسەر کۆمەڵێك نیشانە لەخۆ دەگرێت کە سەرئێشە یەکێکە لە نیشانەکانی. ئەم گۆڕانە دەماری و کیمیاییانە لە چالاکیی مێشکدا کاریگەری دەکەنە سەر خوێنی ناو مێشك و شانەکانی دەوروبەری، ئەمەش هۆکاری سەرەکییە بۆ سەرهەڵدانی نیشانەکان کە بریتین لە: سەرئێشەیەکی توند، هێڵنج یان ڕشانەوە، سەرسووڕان، زیاد هەستیاربوون بە ڕووناکی و بۆن و دەنگ، لەگەڵ هەستکردن بە ماندووبوون و هیلاکیی زۆر.




# ئامێرێک لە هەموو شوێنێک لە بازنە دایە

کاتێك کەسێك لە دەرەوەی سنووری هێڵی مۆبایلە بۆ نموونە کوڕەك، کاتێك زەنگی بۆ لێدەدەرێ تۆڕی مۆبایلی کوڕەك دەڵێت (لە دەرەوەی بازنەیە) واتە لە سنووری تۆڕی مندا نییە. هەموو تۆڕەکانی مۆبایل بەم شێوەیەن کاتێك هێڵی تۆڕەکانیان ناتگرێتەوە ئیدی هیچ خزمەتگوزارییەکت بۆ نایەت.

کۆمپانیای (گارمێن) بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە، ئامێرێکی تایبەتی بەرهەم هێناوە کە لە هەموو شوێنێك، لەدەشت و چیا و دەریا خزمەتگوزاری هەیە و بەکارهێنەر دەتوانێت پەیامەکەی خۆی بگەیەنێت، بەتایبەتی لە کاتی فریاکەوتن و هەستیارییەکاندا.

ئامێری inReach Messenger Plus وەك تۆڕی (سورەیا)ی پێشوو دەچێت، بەڵام تیچووی کەمترە و خزمەتگوزارییەکانی زیاترن. ئامێرەکە بەتایبەتی بۆ گەشتیار و شاخەوانەکان زۆر بە سوودە. تەنانەت لەو کاتانەی کە هیچ باڵانسێکیشت نییە، دەتوانی پەیامی خۆت بگەیەنی. جگە لە پەیامی دەق، دەتوانی وێنە و پەیامی دەنگیش بەرێ بکەی. بە تەڕبوون تێکناچێ و بە کەوتنە خوارەوەش کێشەی بۆ نایەتە پێش. باترییەکی بەهێزی هەیە هەتا ٢٥ ڕۆژ شەحنی دانابەزێت.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت نیازم هەیە بەشێك لەو فۆڵدەرانەی کە وێنە یا بابەتی تایبەتی خۆمی تێدایە لە کۆمپیوتەردا دایانبخەم بە جۆرێك بەکەس نەکرێنەوە؟

خوێنەری بەڕێز ئاسانترین شێوازیش ئەوەیە لە ڕێگای کۆدەوە دایبخەی، بۆ ئەم مەبەستە لە بەشی سێرچی کۆمپیوتەردا وشەی (CMD) دەنووسی و دوای ئەوە پەنجەرەیەك دەکرێتەوە لەو بەشەدا ئەم دەستەواژەیە Cacls «name folder» /e /p everyone:n دەنووسی، بەڵام لەبری name folder ناوی ئەو فۆڵدەرە دەنووسی کە مەبەستتە، ئیدی بەم شێوەیە دادەخرێت. بۆ ئەوەی کە جارێکی دیکە فۆڵدەرەکە بکەیەوە هەر ئەم دەستەواژەیە دەنووسیەوە بەڵام لە کۆتاییدا لەبری پیتی (n) پیتی (f) بنووسە.

# بچووک بەڵام بەقەد بەهێزەکان

کۆمپیوتەری لاپتۆپ بەهۆی کەمی کێشی و هەڵگرتنی ئاسانی توانی کۆمپیوتەری سەرمێز واتە دیسکتۆپ تا ڕادەیەکی زۆر بیخاتە پەراوێزەوە. کۆمپیوتەری دیسکتۆپ تەنیا لە دائیرە و شوێنە گشتییەکاندا نەبێت باوی نەماوە.

لاپتۆپی جۆری GPD WIN Max لە ڕیزی بچووکترین لاپتۆپەکان دێت، لاپتۆپێك زۆر لە لاپتۆپە گەورەکان بەهێزترە، بەڵام قەوارە و کێشی کەمترە.

شاشەکەی ١٠ ئینجە. هاردەکەی لە جۆری SSD و ٢ ترابایتە. ڕامەکەی ٦٤ گیگابایتە. لاپتۆپێکی تایبەتە بەگەیم و گرافیکە ئەویش گەیمە بەهێزەکان.

یەکەی لێکدانەوەیەکی بەهێزی هەیە خێراییەکەی دەگاتە ٥ گیگاهێرتز. هەشت ناوەکییە. کارتی گرافیکەکەی لە ڕیزی باشترین کارتی شاشەکان دێت. وای فای ٦ واتە خێراترین وای فای هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا شاشەکەی لەمسە و دوگمەکانی تایبەت بەگەیم کردنی لەسەر کیبۆردەکەیە.



# پرۆگرامێکی ژمێریاری تایبەت به بزنیسی بچووک

بـۆ کاروئەرکـی ژمێریـاری ڕۆژانـە بـە زۆری پەنـا بـۆ پرۆگرامـی Excel دەبردرێـت، بـەڵام پرۆگرامی ئیکسێل وەڵامدەرەوەی ئەرکی ڕۆژانەی ژمێریاری نیـن. لـە جیهانی ژمێریاریدا زیاتـر لـە سـەدان پرۆگرام هەن کە ئەو ئەرکە رادەپەڕێنن، یەکێك لەو پرۆگرامانە پرۆگرامی CloudBooks کـە تایبەتـە بـە کاری بازرگانـی بچـووك. پرۆگرامەکـە بـە خۆڕاییـە و ئۆنلاینـە و زیاتـر لـە دوو ملیـۆن بەکارهێنـەری هەیـە. هەمـوو ئەرکەکانـی تایبـەت بـە ژمێریـاری دەتوانێـت بەهۆیـەوە ئەنجام بدەی. ئەرکەکانی وەك: کۆنووسی ژمێریاری، ژمێریاری بەپێی کات و دروستکردنی راپۆرت لـە ئەرکەکانـی ڕۆژانـە و مانگانـە. زۆربـەی هایپەرمارکێتـەکان و کۆمپانیا بچووکـەکان لـەو پرۆگرامـە سوود وەردەگرن. بەشێك لە تایبەتمەندییەکانی پرۆگرامەکە.

- بێ سنووره لە زیادکردنی بەکارهێنەر.
- ئەنجامدانی ئەرکەکانی ژمێریـاری بەخۆڕاییـە و لـە داتـای ئۆنلاینـدا دەمێنێتـەوە و لـە هـەر شـوێنێك دەتوانـی کاری لەسـەر بکـەی.





## ماڵپەڕێکی زیرەکی دەستکرد بۆ دروستکردنی وێنەی ڕاستی

ماڵپەڕەکانی زیرەکی دەستکرد ئەوەندە زۆر بوونە لە ژمار نایەن. تەنانەت دۆمێنیکێش (domain) تایبەت بە ژیری دەستکرد لەجیهانی ئەنتەرنێتدا زیاد بووە ئەویش (.ai)یە. یەکێك لەو ماڵپەڕە زیرەکە دەستکردانەی کە کاراییەکانی زۆر بەرچاون، ماڵپەڕی LensGo.ai یە. ماڵپەڕەکە هاوشێوەی ماڵپەڕی لیۆناردۆ و میدجۆڕنییە، بەڵام جیاوازی ماڵپەڕەکە لەگەڵ ئەوانی دی ئەوەیە کە ئەو وێنانەی دەیانکێشتەوە یان ئەو تابلۆ هونەرییانەی دروستیان دەکات، زۆر لە واقیعی نزیکن و مرۆ هەستی پێناکات کە ئەمە بە ژیری دەستکرد دروستکراوە یا تابلۆیەکی هونەرییە. تایبەتمەندی ماڵپەڕەکە هەر لەوەدا نییە بەڵکو بۆ دروستکردنی ڤیدیۆ و گۆڕینی ستایلی ڤیدیۆ و وێنە و زۆر تایبەتمەندی دیکەشی تێدایە.

# شەش پاڵویەک بۆ کات دانانەوە

ژمـارە پێـو، واتـە تایمێـر بـەو ئامێرانـە دەگوترێـت کـە بـۆ کاتێکـی دیاریکـراو دادەنرێـن، لـە مۆبایلـە زیرەکەکانـدا تایمێـر هەیـە، زۆربەشـمان کارمـان بـەو تایمێـر بـووە بـۆ ئـەوەی لەکاتێکـی دیاریکـراودا ئاگادارمـان بکاتـەوە.

ئامێری تایمێـر زیاتـر خانمـان بـۆ کاری چێشـتلێنان بـەکاری دێـنن، بـۆ ئـەوەی لـە کاتێکـی دیاریکـراودا زەنـگ لێبـدا و ئـاگادار ببنـەوە.

تایمێـری جـۆری Pomodoro Ticktime تایمێرێکـی شـەش پاڵوویـە، لـە هـەر شـەش لاوە تایمێرێکی تایبەتی بۆ داندراوە. بۆ کاتـی لـە خەوهەسـتان، چێشـتلێنان، خوێندنـەوە، هێنانـەوەی منـداڵ لـە قوتابخانـە، کۆبوونـەوە و وەرزش کردن..تـاد سـوودی لێوەردەگیردرێت. تایمێری ناوبراو موگناتیسیە بـە هەمـوو شـتێکەوە دەنووسـێت. لەسـەرەو شاشـەیەکی هەیـە و کاتژمێـر و ڕۆژمێـر نیشـان دەدات. وەك تایمێریـش سـوودی لێوەدەگیردرێـت. شـەحن دەکرێتـەوە. بەدەنگیـش کۆنتـرۆڵ دەکرێـت.





# ژیریی دەستکرد دوو خەڵاتی نۆبێلی بەدەست هێنا

خەڵاتی نۆبێڵی ساڵی ٢٠٢٤ لە بواری فیزیادا درا بە دوو زانای بواری پەرەپێدەرانی ژیریی دەستکرد. هەر کام لە «جۆن هۆپ فیلد» (John Hopfield) و «جێفری هینتۆن» (Geoffrey Hinton) بوارەی خەڵاتی نۆبێڵی فیزیا بوون. ئەو دوو زانایە بەهۆی دۆزینەوە و داهێنانی بنەڕەتی لە فێربوونی ماشێنیدا بەهۆی دەماری دەستکردەوە بوونە خاوەنی ئەو خەڵاتە.

بەڕێز «هۆپ فیڵد» لە ساڵی ١٩٣٣ لە ئەمەریکا لەدایك بووە، زانای فیزیا و مامۆستای زانکۆیە لە زانکۆی پرینستۆن. بەڕێز «هێنتۆن»یش بەرەگەز بەریتانی-کەنەدییە و زانای بواری زانستی کۆمپیوتەرە و ئەوش هەر لە بواری تۆڕی دەماری دەستکردی زیرەکی دەستکردەوە کار دەکات.

شایانی ئاماژە پێدانە خەڵاتی نۆبێڵ لە بواری کیمیادا درایە بە دایڤید بێکەر (David Baker) و هەروەها «دیمیس هەسابیس» (Demis Hassabis) و «جۆن جامپێر»(John M. Jumper) لە بواری بنیچینەی پێکهاتەی پرۆتینەوە.

بەڕێزان «هەسابیس و جامپێر» لە ساڵی ٢٠١٨ دا دامەزراوەی بنکەی توێژینەوەی DeepMind یان دامەزراند و پاشان پرۆگرامی ئەلفا فۆڵدیان سەر بە گوگڵ کردەوە لەوێدا ئەوەی پەیوەندی بە پرۆتینەوە هەیە تێدایە و بە هەزاران پێکهاتەی جۆری پرۆتینی تێدایە لەراستیدا شۆڕشێك بوو لە بواری پزیشکیدا. لەسەر ئەوەی کە ئەم خەڵاتە بەخشینەی نۆبێڵ بۆ ژیریی دەستکردە لەکاتێکدا بۆ فیزیا و کیمیایە مشتومڕێکی زۆری ناوەتەوە کە نابێ فیزیا و کیمیا لەگەڵ ژیریی دەستکرد تێکەڵ بەیەك بکرێن.

# پەیجەر چییە و چۆن کار دەکات؟

دوای ڕووداوەکەی .... لوبنان و تەقانەوەی هەزاران پەیجەر (Pager)، ناوی ئەو ئامێرە بووە سەردێڕی گەرمترین هەواڵەکان! بەر لەو ڕووداوە زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوانی گۆی زەوی ناوی ئەو ئامێرەیان نەدەزانی، ئەوانەی دەشیانزانی بەهۆی ئەوەی لەمێژە باوی ئەو ئامێرە نەماوە لەبیریان چۆبۆوە!

مێژووی پەیجەر: ئەو سیستەمە بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩٢١ لە ئەمەریکاوە سوودی لێوەرگیرا. وشەی (Pager)یش بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩٥٩ لەلایەن کۆمپانیای مۆتۆرولاوە بەکارهات. ئامێرێکی بچووك بوو پەیامە ڕادیۆیەکانی بەشێوەی تاکەکەسی دەنارد.

لە ساڵی ١٩٩٠ پەرەیان پێدرا و مەودای بەڕێکردنی پەیامەکان زۆرتر بوو، ژمارەی هاوبەشانی گەیشتە ٢٢ ملیۆن. لە ساڵی ١٩٩٤ گەیشتە ٦١ ملیۆن. لە ساڵی ٢٠٠٣دا گەیشتە ٢٥٠ ملیۆن کەس.

چۆن کار دەکات؟ پەیامێکی نووسراو یا گوتراو لەلایەن کەسی بەڕێکەوەرە بۆ ژمارەیەکی دیکە دەنێردرێت، وەك تەلەفۆن! بەو جیاوازییەی کە تەنیا دەق بەڕێ دەکات و لەو دوایانەشدا پەیامی دەنگی

# یەکەم وەزیری ژیریی دەستکرد



لە کابینەی نوێی (میشیل بارنیە) سەرۆك وەزیرانی فەرەنسا، خاتوو کلارا چاپاز (Clara Chappaz) وەك یەکەم وەزیری زیرەکیی دەستکرد دەستنیشان کرا.

لە سەرەتای دەستبەکاربوونیدا خاتوو چاپاز گوتی: زۆر خۆشحاڵم لە درێژەدان بە ئەرکەکانی پێشووم لە بواری تەکنەلۆژیای دیجیتاڵی و زیرەکیی دەستکردا.

هەتا ئێستا لە فەرەنسا وەزیرێکی بۆ بواری ژیریی دەستکرد دانەندراوە، ئەوە یەکەمجارە وەزیرێکی بۆ ئەم بەشە دیاری دەکرێت، ئەوە ئەو ڕاستییە دەردەخات کە ژیریی دەستکرد گەیشتۆتە ئەو شوێنەی کە وەزیری تایبەتی بۆ دابندرێ.

ماکرۆنی سەرۆك کۆماریش بە نیازە شاری (پاریس) وەك «شاری زیرەکیی دەستکرد» دەستنیشان بکات. بودجەیەکی ٥٠٠ ملیۆن یۆرۆیی بۆ ئەم مەبەستە تەرخانکراوە کە تا ساڵی ٢٠٣٠ بگات بەو ئامانجەی کە بۆی دیاریکردووە.




ئەویش بۆ چەند چرکەیەك زیاد ببوو.

چۆن پەیجەرەکان لە لوبنان تەقینەوە؟ پەیجەر خۆی هیچ مادەیەکی زیانبەخشی وای تێدا نییە کە بتەقێتەوە. یان باترییەکەی بە بەراورد بە باتری مۆبایل زۆر بچووکترە و ئەگەری تەقینەوەی هەر نییە. باتری مۆبایل یا کامێرای دیجیتاڵی زۆر زیاتر جێگای مەترسین تا باتری پەیجەرەکان. تەقینەوەی پەیجەرەکان تەنیا ئەوەیە کە پێشووتر بۆ ئەم مەبەستە دیاریکراون و هیچی دیکە.







# بە تاڵی ئاوریشمییەوە بەخێرهاتنی پایز بکە و زیندوویی بۆ قژت بگەڕێنەوە

پەیڕەوکردنی ڕۆتینێکی گونجاو بۆ چاودێریکردنی قژ دوای وەرزی هاوین، زۆر گرنگە بۆ دڵنیابوون لە تەندروستیی قژ و زیندووکردنەوەی تاڵەکانی و گەڕاندنەوەی بریقەدارییەکەی، بەتایبەتی کە بەرکەوتەی لەگەڵ چەندین هۆکاری توند دەبێت، کە دیارترینیان بریتین لە: کلۆر، ئاو، تیشکی سەروو وەنەوشەیی خۆر، زەیتی گوێزی هیندی بۆ خۆراکدانی قژ و پێستی سەر هەنگاوێکی کاریگەر و سوودبەخشە.

بۆ بەکارهێنانی زەیتی گوێزی هیندی بۆ قژی وشك ئەم هەنگاوانەی خوارەوە جێبەجێ بکە.

- بڕێك زەیتی گوێزی هیندی گەرم بکە، کە بەشی درێژیی تاڵەکانی قژت بکات، بە مەرجێك شلەتێن بێت و زۆر گەرم نەبێت.
- زەیتی گوێزی هیندی لە قژت بدە و گرنگی بە ناوەڕاست و کۆتاییەکانی بدە.
- بە زەیتی گوێزی هیندی بە نەرمی پێستی سەرت مەساج بکە، بە بەکارهێنانی سەری پەنجەکانت.
- زەیتی گوێزی هیندی بۆ ماوەی ٣٠ خولەك لەسەر قژت بەجێ بهێڵە، یان دەتوانیت بۆ ماوەی شەوێك لەسەر قژت بەجێی بهێڵیت.
- قژت وەکو جاران بە شامپۆ و کۆندیشنەر و بە ئاوی شلەتێن بشۆ.

**ئامادەکردنی: شیلان عەلی**



# چۆنیەتی لێکردنەوەی بنێشت لە جلوبەرگ

• پارچە سەهۆڵ: سەهۆڵ وا دەکات بە ئاسانی بنێشتەکە ببەستێت، دواتر بە بەکارهێنانی نووکی چەقۆ بە نەرمی هەڵیوەرێنە، بەڵام دەبێت ئاگاداری ئەوە بێت کە قوماشی جلەکان زیانیان پێ نەگات.

• ئاوی لیمۆ: ئاوی لیمۆ بخەرە سەر ئەو پارچەیەی کە بنێشتی پێوە لکاوە، یان تەواوی پارچە جلەکە بخەرە ناو قاپێکەوە کە ئاوی لیمۆی تێدابێت، لە هەمان کاتدا بە بەکارهێنانی چەقۆیەکی تیژ پارچەی چەسپاوی بنێشتەکە بکرێنە، پاشان پارچە جلەکە بخەرە ناو ئامێری جلشۆرەوە بۆ ئەوەی لە شوێنەواری ئاولیمۆکە پاکی بکاتەوە.

• سپرای قژ بۆ لێکردنەوەی بنێشت لە جلوبەرگ بەکار بهێنە، بڕێك سپرا بەسەر ئەو شوێنەدا بپژێنە کە بنێشتەکە بە جلەکانەوە نووساوە، بۆ ماوەیەك بەجێی بهێڵە تاوەکو بنێشتەکە ڕەقتر دەبێت، دواتر بە بەکارهێنانی ئامێرێکی تیژ بیکرێنە.

• بەکارهێنانی سرکە: بە تەڕکردنی ئەو پارچە جلەی کە بنێشتەکەی پێوە لکاوە لەناو سرکەدا، دەست بکە بە ڕشتنی سرکە بەسەر بنێشتەکەدا بە نەرمی و بە بەکارهێنانی ئامێرێکی تیژ بنێشتەکە لێبکەرەوە تێبینی ئەوە دەکەیت کە بە یارمەتی سرکە بنێشتەکە بە ئاسانی لە جلەکان دەبێتەوە.





# بۆ هەوادارانی تەنووری کورت

**هەوادارانی تەنوورەی کورت دەتوانن ئاشنای هەندێك دیزاینی نوێ ببن کە دەتوانرێت بۆ هەموو بۆنەیەك بەکار بهێنرێت.**

**١- تەنوورە مینیی کورت لەگەڵ پێڵاوی وەرزشی لەگەڵ کراسێکی سپی ڕێك بخە بۆ ئەوەی دیمەنێکی گەنجانەی سەرنجڕاکێشت هەبێت.**

**٢- تەنوورەیەکی کورتی تەسك کە بەشێوە چوارگۆشەی تەختەی شەترەنج ڕازاوەتەوە، دەتوانرێت لەگەڵ بلوزێکی یەخەکورت بەکار بهێنرێت، هەروەها دەتوانرێت چەندین ملوانکەی پانی لەگەڵدا هەماهەنگ بکرێت.**

**٣- تەنووری تارتان (Tartan) ی سکۆتلەندی لەگەڵ کراسێکی لۆکەی قەبارە گەورەدا ڕێك بخە و کەمەرت بە پشتێنێکی پان بگونجێنە.**

**٤- تەنوورەیەکی چینچینی پرتەقاڵی هەڵبژێرە کە لە کرێپی ئاوریشمی دروست کراوە، لەگەڵ چاکەتێکی بۆمبێری ڕەش و سەندەلی بەرزی ڕەش لەبەری بکە.**

**٥- تەنوورەی پاستێلی کورت لەگەڵ کەمەربەندێکی نزم و چاکەتێکی چوارگۆشەی بڕاو لە هەمان قوماشی پۆڵ کۆستێلۆ ڕێك بخە، هەروەها ستایلێکی قژی ڤینتاژ لەگەڵ سەرپۆشێکی پان لەبەر بکە و لەگەڵ گۆرەویی پەمەیی شەفافی تا سەر ئەژنۆ بیگونجێنە.**



# گیاندارانی درەوشاوە



هەندێ لە گیانداران بە هۆی بوونی مادده لینج و کارلێکەکانەوە دەتوانن ڕووناکی و بەشێکی جەستەیان بدرەوشێننەوە، هەندێ دیکەش بە هۆی جۆری ئەو بەشەی جەستەیان، وەك فسفۆرێك دەگەشێینەوە، یەکێك لەوانە: ئەستێرەدەریایی- Coconut octopus marginatas دەتوانرێت بە لقە دەمارە قاوەییە تۆخەکانی بناسرێتەوە کە لەسەر دەرەوە و خوارەوەی باڵەکانیەتی، هەروەها لە لێوارەکانی خوارەوە زۆر جار ڕەنگی تاریك دەبێت، بە پێچەوانەی ئەندامە مژۆکە سپی و شینەکانی خوارەوەیان کە دەدرەوشێنەوە.



## چاوی زەوی

چاوی زەوی لە دوورەوە سەیری بکەیت، وەك شێوەی چاوێك وایە، ئەم چاوە بریتییە لە کانییەکانی سیتینا لە کرواتیا، کانییەکی سرووشتییە یان دەریاچەیەکە و قووڵییەکەی ١٥٥ مەتر دەبێت.

چاوی زەوی تا ئێستاش نهێنییەکانی بەشێکی بە بێ لێکۆڵینەوە ماونەتەوە، هەرچەندە دەریاوانەکان گەیشتوونەتە قووڵیی ١٢٠ مەتر، بەڵام نەگەیشتوونەتە کۆتایی، هەر بۆیە پێشی دەڵێن چاو، چونکە ئەگەر لە ئاسمانەوە سەیری بکەیت لە چاو دەچێت، بۆیە ناوی چاوی زەوییە، سەیرەکەی لەوەدایە نە زیاد دەکات و نە کەم.






# کۆشکی قاوەی ڕۆبۆتی لە وڵاتی چین

کۆشکی قاوەی ڕۆبۆتیی «Hi-Dolphin Cofee+» لە پیشەسازیی قاوەی شەنگەهایدا بە کەمترین چاودێری شۆڕشێکی گەورە دەکات، قاوەی خێرا و هەرزان پێشکەش دەکات و ڕۆژانە ٣٠٠ خواردنەوە پێشکەش دەکات.

کۆشکەکە بچکۆلە و پوخت و تەندروستە و زۆر گونجاوە، ڕێگە بە بەکارهێنەران دەدات خۆیان کۆنترۆڵی ڕێژەی شیرینی و پلەی گەرمیی قاوەکەیان بکەن. کۆفیی Hi-Dolphin Cofe لە ٥٠٠ شوێن لە سەرتاسەری چین لقی دامەزراندووە، لەوانە نەخۆشخانە و شوێنە گەشتیارییەکان. لایەنە سەرنجڕاکێشەکەی ئەم ڕۆبۆتە باریستایە ئەوەیە کە هەموو پێکهاتەکەی پێویستی بە ڕووبەری کەمتر لە ٢,٥ مەتر چوارگۆشە هەیە و کێشی نزیکەی ٨٠٠ کیلۆگرامە، هەروەها دەتوانێت بەردەوام ٢٤ کاتژمێر لە تەواوی هەفتەکەدا کاربکات، بە سەرکەوتنی بەڵێنی یارمەتیدانی قاوەخانەکانی چین دەدات بۆ ڕزگاربوون لە قەیرانی ئابووری.




# کۆشکی بەرەکەت (البركة)



البركة، یان بەرەکەت و پیرۆز، ناوێکی دیار و ناسراوە و لە نێو گەلی عێراق و تەنانەت لە کوردستانیش چەندین کەرەستە و خواردن بەو ناوەوە ناو نراون، بەرەکە یەکێکە لە دێرینترین کۆشکە کۆنەکانی سەردەمی عەباسی کە تا ئێستاش ماوە، ئەم شوێنەوارە کۆشکێکی سەردەمی خەلافەتی عەبباسییەکانە و دەکەوێتە شاری سامەڕا لە عێراق، کە بە شێوازێکی زۆر جوان و سەرنجڕاکێش دروست کراوە و نموونەی بەرزی هونەری نەخشە و تەلارسازیی ئەو سەردەمەی موسوڵمانان پیشان دەدات، مێژووی بنیاتنانی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی خەلیفەی عەبباسی «المتوكل على الله»، کە لەسەر فەرمانی خۆی و لە بەشی باکووری ڕۆژهەڵاتی شارەکە بنیاتی ناوە، کۆشکەکە لە سەردەمی خۆیدا وەك کاروانسەرا و شوێنی حەوانەوەی خەڵك و ڕێبواران بەکارهاتووە.







# دوای ٢٠ ساڵ داوای لێبوردن دەکات

نوبو فوجیتا، ئەو فڕۆکەوانە ژاپۆنییەیە کە لە کاتی جەنگی دووەمی جیهانیدا هێرشی کردە سەر شارۆچکەیەك لە ویلایەتی ئۆریگۆن لە ئەمریکا، بەڵام دوای ٢٠ ساڵ لە جەنگەکە جارێکی دیکە گەڕاوەتەوە بۆ شارەکە و شمشێرێکی سامۆرای گرانبەهای تایبەت بە خێزانەکەی بەخشییەوە بە خەڵکی شارەکە، وەکو داوای لێبوردن، فڕۆکەوانەکە پێیان دەڵێت گەر نەیبوورن بەو شمشێرە خۆی دەکوژێت.



## کاریکاتێر



ئەم کاریکاتێرە باس لە بەهێزیی عەقڵ دەکات بە بەزاندن و شکاندنی ئەو کۆت و بەندانەی کە ڕێرەوی ژیان تێك دەدەن و زیندان دەکەن.

## دیمەنە سەیرەکان



**هەردوو کۆریای باکوور و باشوور**

جیاوازیی نێوان کۆریای باکوور و کۆریای باشوور لە شەودا، ئەوەی سەرەوە کۆریای باکوورە کە تاریکستانە، ئەوەی خوارەوش کۆریای باشوورە وەك ئاهەنگێك وایە، وێنەکە لە وێستگەی ئاسمانیی نێودەوڵەتی وەرگیراوە.

## یاسا



**پەروەردە و فێرکردن**

قوتابی و خوێندکار بە چەقی هەردوو پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن هەژمار دەکرێن.

ماده (٣) برگه (٣)

- مامۆستا پیشەنگی سەرەکییە بۆ پەروەردە و هاندانی گیانی فێربوون و داهێنان و گەیاندنی زانیاری و توانستە جۆراوجۆرەکان بە قوتابیان و خوێندکاران، و پێویستی بە پەرەپێدانی خودیی بەردەوام هەیە و دەبێت شکۆی پارێزراو بێت.

ماده (٣) برگه (٤)

- بەکارهێنانی توندوتیژییەکی جەستەیی و دەروونی و هەموو جۆرەکانی جیاکاری و خراپ مامەڵەکردن لە دامەزراوەکاندا قەدەغەیە. ماده (٣) برگه (٥)

- وەرگرتنی هەر بڕە پارەیەك لە قوتابیان و خوێندکاران و کەسوکاریان لە لایەن قوتابخانە و خوێندنگە و پەیمانگە پەروەردەییە پیشەییە حکومییەکان، بە مەبەستی خوێندن قەدەغەیە. ماده (٣) برگه (٧)

- گرنگیدان بە پەروەردەی وەرزشی و هونەری و جەستەیی قوتابیان و خوێندکاران. ماده (٤) برگه (٧)

- کارکردن بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری و ڕەخساندنی هەلی فێربوون و گەڕاندنەوەی دابڕاوان بۆ ناوەندەکانی خوێندن. ماده (٤) برگه (٨)



### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

ئەگەر کاتە بەتاڵەکانت لە چەند چالاکییەکي سوود بەخشدا بەسەر بەریت ئەنجامێکي ئەرێني بەدەست دەهێنیت، لە لایەني داراییەوە هیچ کێشەیەکت نابێت، پەیوەندییەکانت زۆر باشە لەگەڵ خێزانەکەت هەست بە هیچ سترێسێك ناکەیت و دڵخۆشیت، لە لایەني تەندروستیي جەستیي و دەروونییەوە زۆر باشیت.



### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

لە لایەني داراییەوە ڕۆژێکي زۆرباش دەبێت، لە ڕووي پیشەییەوە بەهۆي هەوڵەکانتەوە سەرکەوتن بەدەست دەهێنیت و چانسێکي باشت دەبێت، وریاي ڕەفتارەکانت بە لەگەڵ کەسە نزیکەکانت، بە تایبەتي خێزانەکەت، ئەگەر ڕەفتارەکانت نەرێني بێت پاڵپشتییان لەدەست دەدەیت.



### جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠

لە لایەني سۆزدارییەوە هەستەکانت بە خۆشەویستەکەت بڵێ، بەم شێوەیە لە دەروونەوە زیاتر هەست بە ئارامي دەکەیت، ئەم چەند ڕۆژە دوور بکەوە لە ئەنجامداني کاري مەترسیدار و زیاتر ورياي هەنگاوەکانت بە، لە ژیاني تایبەتیتدا لە ڕۆتیني ژیان بڕۆرە دەرەوە و بیر لە ئەنجامداني کاري جۆراوجۆر بکەرەوە.



### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

پەیوەندیي خێزانیت زۆر باشە و کاتێکي خۆشیان لەگەڵدا بەسەر دەبەیت، لە لایەني پیشەییەوە دوور بکەوەرەوە لە دەمەقاڵي لەگەڵ هاوپیشەکانت و کەساني چواردەورت و کێشە بۆ خۆت دروست مەکە، لە لایەني سۆزدارییەوە هەوڵ بدە کاتەکانت ڕێك بخەیت بۆ ئەوەي کات بە خۆشەویستەکەت ببەخشیت و پەیوەندیتان باشتر ببێت.



### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

زۆر سەقاڵ دەبیت لەگەڵ پیشەکەت، لە لایەني داراییەوە ڕۆژێکي باش نابێت، هەوڵ بدە دەربارەي کێشە تایبەتەکانت ئامۆژگاري لە کەساني متمانەپێکراو وەربگریت، لە لایەني سۆزدارییەوە پەیوەندیي خۆشەویستیت بەرەو بەهێزي دەڕوات، لە لایەني تەندروستییەوە ڕەنگە ڕۆژەکەت زۆرباش نەبیت و کەمێك هەست بە لاوازي بکەیت.



### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

لە لایەن کەساني چواردەورتەوە دەکەویتە ژێر تاقیکردنەوە و پێویستە ورياي هەڵسوکەوت و ڕەفتارەکانت بیت، لە لایەن خۆشەویستەکەتەوە پاڵپشتي دەکرێیت، تواناي ئەنجامداني هیچ جۆرە چالاکییەکت نییە و هەست بە ماندووبوون دەکەیت، باشترە پشوو وەربگریت بۆ ئەوەي جەستە و دەروونت بحەوێتەوە.



## پەند و وتە

لودوینگ فیلپ ئەلبێرت شویلتزر، فەیلەسووف و فیزیاناس و میوزکژەن و نووسەری ئەڵمانی، لە ساڵی ١٨٧٥ لە شاری ڤینگنۆبلی فەڕەنسا لە دایك بووە و لە ساڵی ١٩٦٥ لە گابۆن کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی قوربانیدان بە مرۆڤایەتی دەڵێت: مرۆڤایەتیی ڕاستەقینە ئەوەیە کە بۆ بەدیهێنانی ئامانجێك قوربانی بە کەسێك نەدەیت.



## یاری وێنە

لەم وێنەیەدا کوڕێك و پیاو و ژنێك هەن، وەك دیارە کوڕەکە مرۆڤە، هەوڵ دە بزانیت پیاو و ژنەکە ڕاستەقینەن یان دەستکردن.

**بۆ زانیاریت**

## بۆیەکەم جار توانرا پەیوەندی لەنێوان دووکەس ئاڵوگۆڕ بکرێت لە خەونەکانیاندا زانیاری بگۆڕنەوە»



بۆ یەکەم جار توانرا پەیوەندی لە نێوان دووکەسدا ئاڵوگۆڕ بکرێت و لە خەونەکانیاندا زانیاری بگۆڕنەوە.
لە داهێنانێکی پێشکەوتووی REMspace: دروستکردنی یەکەم پەیوەندیی نێوان دووکەس لە خەونەکاندا، لە تاقیکردنەوەیەکی پێشکەوتوودا توێژەرانی REMspace کە بنکەی لە کالیفۆرنیا هەیە، دەستکەوتێکی مێژووییان بەدەست هێنا، نیشانیان دا کە خەونە ڕوونەکان (lucid dreams) دەتوانرێت بە ڕەهەندی نوێی پەیوەندی و توانای مرۆڤایەتی بخرێتە ڕوو، بەشداربووان بە سەرکەوتوویی لە ڕێگەی خەونەکانیانەوە لە تاقیکردنەوەیەکی پێشکەوتوودا لە لایەن Sillicon Valley startup.بە بەکارهێنانی ئامێری تایبەتی دیزاینکراو زانیارییان ئاڵوگۆڕ کرد، بە جۆرێك دووکەس پەیامێکی سادەیان ئاڵوگۆڕ کرد لەخەونە ڕونەکانیاندا، خەونە ڕوونەکان (lucid dreams) کاتێك ڕوو دەدەن کە مرۆڤ ئاگادارە کە خەون دەبینێت، لە کاتێکدا هێشتا لە حاڵەتی خەوتندایە.
ئەم دیاردە لە کاتی خەوی REM ڕوو دەدات و ژمارەیەك بەکارهێنانی شاراوەی هەیە لە چارەسەرکردنی کێشە فیسیۆلۆژییەکاندا، لە توێژینەوەیەکدا پێشتر REMspace دەری خست کە هەستەوەرەکانی electromyography ی دەموچاو دەتوانن دەنگە دیاریکراوەکان لە خەوندا بدۆزنەوە. ئەمە بووە هۆی پەرەپێدانی Remmyo، زمانێکی خەون کە دەتوانرێت لە ڕێی هەستەوەرە هەستیارەکانەوە بدۆزرێتەوە.

**فیلم**

## ئەوەیە کە مەبەستە - It›s What›s Inside




فیلمێکی ترسناك و زانستییە، باس لە کۆبوونەوەیەکی پێش هاوسەرگیری بۆ کۆمەڵێك هاوڕێی کۆلێژ دەکات، دواتر کاتێك میوانێکی سەرسوڕهێنەر بە جانتایەکی نهێنییەوە دەگاتە لایان و دەست دەکات بە تێکدان و پارچەکردنی گرووپەکە، ئەو کۆبوونەوەیە دەبێتە کابووسێکی دەروونی، ماوەی فیلمەکە یەك کاتژمێر و (٤٢) خولەکە، لە دەرهێنانی گریگ جاردن، نووسینی کاری لیفیفرس، لە نواندنی ئەلیسیا دیبنام، گاڤین لایتەروود، جەیمس مارۆسینی، ڕینیا هاردێستی، دەیڤید تۆمسۆن.

### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

لە کارەکەتدا ترسێکي زۆرت هەیە لەوەي هەڵە ئەنجام بدەیت، باشترە واز لەو ترسە بهێنیت و چەند سەرکێشییەك ئەنجام بدەیت، ڕەنگە سەرکەوتن بەدەست بهێنیت، لە لایەني سۆزدارییەوە ڕاشکاو بە و هەستەکانت بە ڕاستگۆیي بخەرە ڕوو، لایەني داراییت باشتر دەبێت.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

پەیوەندي سۆزداریت کەمێك ناجێگیرە بەهۆي چەند کێشەیەکي بچووکەوە، لە هەر دۆخێکدا بێت ئامۆژگاریي بورجەکەت ئەوەیە بە هێمني بمێنیتەوە، زۆریي ئەرکەکانت لە لایەني پیشەییەوە بێزاري کردوویت، باشترە کەمێك پشوو وەربگریت بۆ ئەوەي ماندووبوون کار نەکاتە سەر تەندروستیت، لە لایەني داراییەوە ڕۆژێکي ئاساییە.

### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

دوور بکەوەرەوە لەوەي لە کاتي خەمباري یان تووڕەبووندا بڕیار بدەیت، چونکە دواتر پەشیمان دەبیتەوە، لە کاتي گفتوگۆکردن لەگەڵ کەساني چواردەورت بە وشەکانت ئازاري هەستەکانیان مەدە، بە گشتي ڕۆژێکي ئاسایي دەبێت و هیچ کێشەیەکت نابێت.

### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

ناکۆکیي نێوان تۆ و خۆشەویستەکەت قووڵتر دەبێتەوە، پێویستە بە خێرایي چارەسەري کێشەکانتان بکەن پێش ئەوەي زۆر درەنگ بێت، ئەگەر زیاتر سەرنجت لەسەر پیشەکەت بێت، هەموو ئەو کێشانە چارەسەر دەکەیت کە دێنە بەردەمت و بە ئاساني بەربەستەکان تێك دەشکێنیت، لە لایەني تەندروستییەوە پێویستە زیاتر بایەخ بە خۆت بدەیت.

### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

هەست بە باشتربوون دەکەیت و وزەیەکي زیاترت هەیە، ئەگەر ئەم چەند ڕۆژەي ڕابردوو نیگەران بوویت دەربارەي تەندروستیت، چیتر بەو شێوەیە نابێت و تەندروستیت بەرەو باشي دەڕوات، بۆ ئەوەي ناکۆکییەکاني ناو خێزانەکەت چارەسەر بکەیت، لە هۆکارەي دروستبووني ناکۆکییەکە بکۆڵەرەوە.

### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

لایەني داراییت بەرەو باشتربوون دەڕوات و هەمو ئەو کێشانەت چارەسەر دەبن کە پەیوەندییان بە لایەني ماددییەوە هەیە، سرووشتي خۆشەویستەکەت وایە کە زوو تووڕە دەبێت، ئەمەش نیگەراني کردوویت، هەوڵ بدە بە شێوازێکي باشتر مامەڵەي لەگەڵدا بکەیت بۆ ئەوەي ناکۆکي نەکەوێتە نێوانتان، لە لایەني پیشەییەوە کارەکانت پشتگوێ مەخە.




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone




## ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دواین هەواڵ و زانیارییەکان




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media




www.gulanmedia.com

Time Net

# TCR100 4G WI-FI ROUTER

دیزاینێکی بەهێز و پراکتیکی بۆ ئەوەی پەیوەندیەکی خێرا و متمانەپێکراوی 4G دەستەبەر بکەیت

- دەتوانیت ئەم ئامێرە بۆ مەبەستی تایبەتی و شوێنی گشتی بە کاربهێنرێت
- دەتوانیت بە سیم کارد یان بە کەیبلی ئینتەرنێتی شوێنەکەت بە کاری بهێنیت و خێرایی ئینتەرنێتەکەت دوو هێندە بکەیت.
- بۆ خاوەن هۆتێل و کافێ و کۆمپانیا و رێستۆرانتەکان بە تەواوی گونجاوە و بەرگەی پلەی گەرمی –٤٠ و ٧٥ دەگرێت،ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە چەند بە تۆکمەیی دروست کراوە.
- بۆ ئەو کەسانەی کە شاخەوانین و خولیای کامپینگن لەگەڵ هاورێکانیان،دەتوانن بە یەک سیم کارد هاوبەشی ئینتەرنێتەکە بکەن کە دەتوانن بە یەک راوتەر زیاتر ٥٠ بەکارهێنەری هەبێت.



**Strong and practical design to ensure a fast and reliable 4G connection**

- You can use this device for private and public purposes
- You can use it with your SIM card or cable to double your internet speed.
- Perfect for hotel owners, cafes, companies and restaurants and can withstand temperatures of -40 and 75 degrees, which proves how solidly built.
- For mountaineers and camping enthusiasts with friends, you can share the internet with a single SIM card that can have more than 50 users with a single router.

**Contact with us :**

07502749592 - 07502749591

www.time-net.net

khabat stree, Erbil,Iraq

